# ژیار ـ رۆشنبیری ـ شارستانی

لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی زاراوە و مانای چەمک

# ژیار ـ رۆشنبیری ـ شارستانی

## لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی زاراوە و مانای چەمک

د. نەسر محەمەد عارف

وەرگێڕانی: د. فاروق عومەر ئەحمەد

# ژیار - رۆشنبیری - شارستانی

لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی زاراوە و مانای چەمک

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٧٥)

نووسەر: د. نەسر محەمەد عارف

وەرگێڕ: فاروق عومەر ئەحمەد

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

هەڵەگری: وریا عەلی

تیراژ: (٥٠٠) دانە

چاپ: یەکەم - ناوەندی ڕێنوێن

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٤٣٦ )ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

# ناوەرۆك

پێشەکی وەرگێڕ.......................................................................٧
دەستپێک...............................................................................٩
پێشەکی نووسەر......................................................................٢٢

**یەکەم**: بنچینەی وشەی (Culture):..............................................٢٦
**دووەم**: ئاڕاستەی وەرگێڕانی (culture) بۆ (حضارة)ی عەرەبی٤٢
**سێیەم**: مانای عەرەبی ڕەسەنی چەمکی ڕۆشنبیری (الثقافة): ...٤٣
**چوارەم**: بنچینەی چەمکی (Civilization):....................................٤٨
**پێنجەم**: چەمکی (civilization) دوای وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی.٦٢
**شەشەم**: مانای عەرەبی چەمکی (المدنية)....................................٧٦
**حەوتەم**: دەربارەی پێناسەی چەمکی ژیار (الحضارة):..............٨٦

پوختە................................................................................ ١٠٠

# پێشەکی وەرگێڕ

**بەناوی خوای بەخشندەی میهربانەوە**

چەمکەکان وشەگەلێکی ئاسایی نین، بەڵکو بریتین لە کۆی ئەزموون و بیر و بیردۆزە و تێڕوانینی کەڵەکەبووی گەل و ژیارێک کە لە وشەیەکدا کۆکراونەتەوە. هەر بۆیە وەرگێڕانی چەمکەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و دۆزینەوەی وشەیەکی پڕ بەپێستی خۆی لە زمانی دووەمدا، کارێکی  زۆر گرانە ئەگەر مەحاڵیش نەبێ.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەستت، وردبوونەوەیەکی خێرایە لە دوو چەمک، کە لە کایەی ڕۆشنبیری و میدیایی و سیاسی و...هتد زۆر دەستاودەستیان پێدەکرێت و بوونەتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی زۆرێک لە شتەکان، ئەویش چەمکی (Culture) و (Civilization)ن، کە لە عەرەبیدا یەکەمیان بۆ هەردوو وشەی (الثقافة) و (الحضارة) وەرگێڕدراوە و دووەمیشیان بۆ (المدنية) و بۆ (الحضارة)ش وەرگێڕدراوە، هەربۆیە جۆرێک لە تێکەڵی و ناڕوونی دروست بووە.

نووسەر لەم کارەیدا لە بنچینەی هەردوو چەمکەکەی کۆڵیوەتەوە لە زمانە ڕەسەنەکەیاندا و بەراوردی کردوون بە وەرگێڕانە عەرەبییەکە، پاشان لە مانای ڕەسەنی وشە عەرەبییەکانیش وردبۆتەوە و ڕوونی کردۆتەوە، کە ئایا ئەم وشە عەرەبیانە مانای تەواوی ئەو دوو چەمکە دەدەن کە هاوردەکراون؟

لەم وەرگێڕانە کوردیەشدا، ئێمەش چەمکە عەرەبیەکانمان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە بەرامبەر (الثقافة) وشەی (ڕۆشنبیری) و لە بەرامبەر (الحضارة) وشەی (ژیار) و لە بەرامبەر (المدنیة)شدا وشەی (شارستانی)مان داناوە، هەروەک لە کایە ڕۆشنبیرییە کوردیەکەدا بڵاوە و پێش ئێمەش بەکارهاتووە.

بەڵام لە کۆتاییدا ئەم کارە بەراوردە لەنێوان بنچینە ئەوروپی و عەرەبیەکەی ئەو دوو چەمکەدا، هەربۆیە وەرگێڕانەکەش مۆرکی لێکۆڵینەوەیەکی عەرەبی پێوە دیارە نەک کوردی، گرنگییەکەی بۆ زمانی کوردی لەوەدایە کە وردکردنەوەی چەمکەکان کاریگەریی ئەرێنی دەبێت بەسەر دامەزراندن و دروستکردنی چەمکی تازە لە زمانەکەماندا ڕۆشنبیران دەتوانن سوود لەوردەکاری ئەم کتیبە وەربگرن بۆ شیکردنەوەی چەمکە باوەکان، بەهیوای ئەوەی ئەم کارە ببێتە هاندەر بۆ لێکۆڵەرێکی جددی کوردزمان کە بەراوردێکی لەم شێوەیە لە نێوان وشە کوردیەکان و بەرامبەرە بیانیەکانیدا بکات. خوا پشت و پەنای هەموو لایەک بێت.

**وەرگێڕ**
**٢٠١٩/٤/٢٣**
**سلێمانی**

## دەستپێك

پرسی (ئیسلامیەتی مەعریفە) لە یەکەم هەنگاویدا دارشتنەوەی هزری موسڵمان بە ئامانج دەگرێ، سەرەتای ڕێگەی دورودرێژی ئەم کارە گرانەش، لە ناساندنەوەی ئەو چەمکە بنەڕەتیانەدا خۆی دەبینێتەوە کە بینای زانیاری ئیسلامی لەسەر دامەزراوە، بۆ زانینی گرنگی و پێویستی ئەم کارە گەورەیەش، پێویستە ئاگاداری چەمکە باوەکان بین و کار بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنیان بکەین، تا بتوانین شوێنی نەنگی و لادانە فیکرییەکان دیاری بکەین و خاڵە بەهێز و لاوازەکان ببینین، چونکە (چەمک) پوختەی بیر و بیردۆزە و فەلسەفە مەعریفیەکانە، هەندێکجاریش دەرەنجامی ئەزموون و شارەزایی کارکردنە لەو بوارە مەعریفیەی کە چەمکەکە نوێنەرایەتی دەکات و بۆی دەگەڕێتەوە، هەربۆیە شیکردنەوەی چەمکە سەرەکیەکانی هەر زانستێک بە دەروازەی تێگەشتن و زانینی بنەمای ئەو زانستە دادەنرێت. چەمکەکان دەربڕدراوی ئاسایی نین، یان کۆمەڵێک ناو و وشە نین کە بە هاو واتاکانیاندا، یان وشەی نزیک لە خۆیاندا بناسرێنەوە، بەڵکو کۆگایەکی گەورەن بۆ مانا و مەبەستگەلێک کە ڕووی دیار و زمانەوانی وشەکە تێدەپەڕێنن تا بتوانن گوزارشت لە فەلسەفە و بیر و زانین و هەڵێنجان و تێگەشتنی

کەڵکەبووی گەلێک بکەن. هەروەک زۆر گرانە لە مانای چەمکەکان بگەین لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەوە، یان پێناسەی ئەرستۆییەوە. سێ جۆرەکەی مانا بەخشینیش کە لە زانستی لۆژیکدا ناسراون و بریتین لە: (المطابقة والتضمن والالتزام)[1] ناتوانن مەبەستی چەمکەکان ڕوون بکەنەوە.

ئەگەر چەمک لەگەڵ ناودا لە ڕووی کاری زانستی و ماناوە جیاوازی هەبێت؛ -هەرچەندە لە زمانەوانیدا هەر بە ناو ئەژمار دەکرێت-، ئەوا لەگەڵ زاراوەشدا هەر جیاوازە، زاراوە بریتیە لە ناوێک کە کۆمەڵێک کەس دەیبڕن بەسەر شتێکدا، کە ئەم کۆمەڵە کەسە پیشەیەک، یان بەرژەوەندییەک کۆیان دەکاتەوە، هەموویان ڕێکدەکەون لەسەر ئەو ناوە بێ هیچ جیاوازییەک، بەڵام چەمک شتێکی ترەو لە ناویش و زاراوەش جیایە، چەمک وەک وەسفێکی زانستی وایە، کە هەموو

---

[1] سێ چەمکن لە زانستی لۆژیکدا ماناکانیان بریتین لە:
المطابقة: دەلالەتکردنی وشەیەکە لە تەواوی ئەو مانایەی کە بۆی دانراوە، نموونە: وشەی (خانوو) مانای زەوی و دیوار و سەقف دەدات، چونکە خانوو بەبێ ئەمانەی ناکرێت.
التضمن: دەلالەتکردنی وشەیەکە لە بەشێک لەو مانایەی کە بۆی دانراوە، نموونە: خانوو مانای بوونی دیواریش دەدات، چونکە دیوار بەشێکە لێی.
الالتزام: دەلالەتکردنی وشەیەکە لە مانایەکی بەدەر لە خۆی، بەڵام لە عەقڵدا پەیوەستە پێوەی، وشەی (خانوو)، مانای کەسێکیش دەدات کە دروستی کردووە، چونکە بەبێ دروستکەر نابێت، ئەم مانایە بەدەرە لە بەشەکانی خانوو، بەڵام پەیوەستە پێوەی. (وەرگێڕ)

تایبەتمەنـــــدییەکانی زینـــــدەوەرێکی کـــــۆکردۆتەوە، ناســنامەیەکی تــایبەتی هەیە، مێــژووی لەدایکبــوون و ڕێــڕەوی ژیــان و گەشــەکردن و تەندروســت بــوون و نەخۆشکەوتن و مانا بۆ زیادکردن و لێکەمکردنەوەی لە ناواخنی خۆیدا هەڵگرتووە، هەربۆیە بازنەی چەمکەکان گرنگترین گۆڕەپانی ململانێی هزری و ڕۆشنبیری بوون لە نێــوان ژیارەکانــدا بە درێژایـــی مێــژوو، هەرواش دەمێنێــتەوە تــا ســەرکەوتنی ئیســلام بەســەر هەمــوو ئاینەکانی تردا.

یەکەمین دەردێک لە پاشەکشەی هزری و زانستی و ڕۆشــنبیریدا تووشـــی گەلان دەبێــت لە چەمکەکــانەوە دەستپێدەکات، یەکەمین شتێکیش کە ململانێی هزری و ڕۆشــنبیری لەســەری ڕەنگــدەداتەوە هەر چەمکەکــانن، یەکەمــین نەخۆشــیەکیش تووشــی چەمکەکــان دەبێــت، ناڕوونی و شلبوونەوەیە، شلبوونەوەش سەرچاوەکەی شــلگیری گەلــی موســڵمانە لە وەرگرتنــی چەمکەکــان لە ژیارەکانی ترەوە، کاتێ وای بۆ دەچێ کە لێکچوون و هــاووێنەیی لە نێــوان چەمــکە ڕەســـەنەکانی خــۆی و هاوردەکانــدا هەیە، پــێکەوە- ڕەســەن و هــاوردە- بە یەکسانی هاورد و بردیان پێدەکات.

هەندێکجار گەلی موسڵمان تایبەتمەندییە زانستییەکانی خۆی لەبیر دەکات و جیاکاری ناکات لە نێوان ئەوەی کە زانستی هاوبەشــی مرۆڤایەتیە، -وەک زانســتە عەقڵــی و سروشـــــــتی و کردارەکیەکـــــــان- لەگەڵ ئەوەی کە تایبەتمەندی خۆیەتی، بەو هۆیەشەوە شلگیری دەکات لە

خواستنی چەمکگەلێک لە خەڵکی ترەوە، تاوای لێدێت تایبەتمەندی شەرعی و ڕێبازی تایبەت بە خۆی لەدەست دەدات، چەمکەکانیشی لێڵی و دوودڵی ڕووی تێدەکەن، وشەکان جۆراوجۆر دەبن بۆ گەیاندنی ماناگەلێک کە لە ڕواڵەتدا یەک شتن، بەڵام لەڕاستیدا جیاوازن، هەندێکجاریش کۆمەڵێک مانای جیاواز بە یەک وشە دەردەبڕدرێت، بەو هۆیەشەوە کەموکورتی و ناڕوونی دروست دەبێت، ئەمەش کار دەکاتە سەر کۆی پڕۆسەی زانستی و لێکتێگەیشتن، بەتایبەت ئەو پرۆسەیەی کە ئامرازی سەرەکی تێگەیشتن تیایدا گفتوگۆیە، چونکە دەبێتە هۆی بچڕانی پردی پەیوەندی لە نێوان لایەنەکاندا و گفتوگۆش هۆکارێک نامێنێت بۆ بەردەوامبوونی، هێزی تاکەکانیش بەرباد دەبن و لێکتێگەشتن و گفتوگۆی هاوبەش و لە هەموو ئاستەکاندا لەناو دەچێت. دروستبوونی یاساکانی زانست ڕادەوەستێت، توانای ڕەخنە و ڕاستکردنەوە نامێنێت، چ بگات بە شیکردنەوە و لێکهەڵوەشان و پێکەوەگرێدان، ئەمەش وادەکات جیهانی هزر بێمانا دەبێت و ناوەڕۆک و کرۆکی خۆی لەدەستدەدات، گەلیش ناچار دەبێت خۆی خەریک بکات بە جیهانی بینراوەوە،- جیهانی کەسەکان و شتەکان- بەمەش ئاستی عەقڵی و دەروونی دادەبەزێت و کەسایەتی ناجێگیر دەبێت، ئەمەش بەزۆری لە کاتی نزیکبوونەوە و بەراورد لەنێوان ڕۆشنبیری گەلە سەردەستە و ژێردەستەکاندا ڕوو دەدات.

هەربۆیە خوای بەرز ئادەم پێغەمبەری فێری هەموو ناوەکان کرد بەشێوەیەک کە یارمەتیدەری بێت لە کاری جێنشینی و ئاوەدانیدا، وازی لێنەهێنا بۆ هەوڵی خۆی لە فێربوونی ئەو چەمکانەدا کە کاری جێنشینیەکەی لەسەر وەستاوە، وەک چەمکەکانی خواپەرستی و بەندایەتی و خێزانداری و باوکایەتی و دایکایەتی و خوشک و برایەتی و هەموو ئەو چەمکانەی تر کە بە بەردی بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێن و جێنشینی لەسەر دادەمەزرێت، خۆ ئەگەر خوای بەرز وازی لە ئادەم بهێنایە تاکو خۆی ئەم چەمکانە دابڕێژێت، ئەوە تووشی شڵەژاوی دەبوو. ئایا نابینی ئەمڕۆ چۆن مرۆڤی (شارستانی) ڕۆژئاوا چەمکی (خێزانی) تێکداوە و تەزویری کردووە؟ بڕیویەتی بەسەر دوو ئافرەتی هاوڕەگەزبازدا کە ڕێککەوتوون پێکەوە لەماڵێکدا بژین؟ یان بەسەر دوو پیاوی نێربازدا، کە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن؟ چۆن ئەم جۆرە بەناو پێکەوە ژیانەیان ناو ناوە خێزان؟ لەکاتێکدا ئەمانە ڕێککەوتوون لەسەر نوقومبوون لە زۆنگاوی هاوڕەگەزبازی و ڕیزپەڕیدا. هەروەک ئەم ناوەی بڕیوە بەسەر پیاوو ئافرەتێکدا کە ڕێککەوتن لەسەر زینا و پەیوەندی لە دەرەوەی خێزان.

هەروەک چۆن خوای بەرز ئادەمی فێری ئەو ناوەکان کرد؛ ئاواش ئیبراهیم و پێغەمبەرانی دوای ئەویشی فێری چەمکە سەرەکیەکان کرد تاکو ئەوانیش خەڵک فێر بکەن، وەک چەمکەکانی پێغەمبەرایەتی و

پەیام و یەکتاپەرستی و هاوەڵدانان لەپێناو خوا و کاری چاکە و...هتد.

هەروەها موسا و عیسا و محەمەد - سەلامی خوایان لێبێت- ی فێری کۆمەڵێکی تر چەمک کرد تا ئەوەی ڕشتەی چەمکە پێویستەکان لەسەر دەستی کۆتا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە پایان گەشت، کەسی سەرنجدەریش لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەتوانێت لە گرنگی چەمکەکان و ڕێبازی دروستکردنیان بە باشی تێبگات، هەر بۆیە گرنگە ئەوە بزانین بۆچی خوای گەورە لە قورئاندا ئاگاداری لە بەکارهێنانی وشەیەک دەدات بەرامبەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە زیاد لە واتایەک هەڵدەگرێ و فەرمان بە خەڵکی دەکات کە وشەیەکی تر بەکاربهێنن کە دوو لایەنە نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت[1]: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقُولُوا۟ رَٰعِنَا وَقُولُوا۟ ٱنظُرْنَا وَٱسْمَعُوا۟ ۗ وَلِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ (البقرة: ١٠٤). هەروەها قورئان زۆر هۆشداری دەدات لە کەوتنە ناو ئەو هەڵەیەی کە گەلانی پێشوو تێیکەوتوون لە شێواندنی وشەکانی خوا و

---

[1] خوای گەورە ڕێگری کرد لە بەکارهێنانی وشەی (راعنا) لە لایەن موسڵمانانەوە بەرامبەر بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و فەرمانی پێکردن لە بریتی ئەوە وشەی (انظرنا) بەکاربهێنن، هەرچەندە هەردووکیان یەک مانایان هەیە لە زمانی عەرەبیدا، کە چاودێریکردنە، بەڵام وشەی یەکەمیان مانایەکی خراپیشی دەدا لای جولەکەکانی ئەو سەردەمە، بۆیە قەدەغەکرا. )وەرگێڕ)

گاڵتەکردن و تانەدان لە دین و چەندین بەڵای تری وتە و یاریکردن بە چەمکەکان.

ڕەنگە دیارترین کێشەی هزری لە مێژووی کۆنماندا، ئەو چەمکە شێواو و بەسەرچووانە بێت کە گۆڕەپانی هزریمانی بەزاند، لە ئەنجامی وەرگێڕانی کەلتووری گەلانی تردا لە سەردەمی عەباسیدا، وەک چەمکەکانی (الجوهر، العرض، الهیولی، العلة، الجوهر الفرد)، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی هزر و بیروباوەڕی گەلی موسڵمان و ئەوەش نەبووە فریادڕەسی موسڵمانان کە لەو کاتەدا سەردار جیهان و خاوەنی گەورەترین دەوڵەت بوون.

هەروەک ئەو قەیرانە گەورەیەی کە ئەمڕۆ بەدەستیەوە دەناڵێنین، یەکێک لە هەرە گرنگترین هۆکارەکانی بریتیە لە بەریەککەوتنی بێبەرنامەی ناڕێک لەگەڵ ڕۆژئاوا و ژیارەکەیدا و نەهێشتنی هیچ سنوور و بەربەستێک لەنێوان هزری موسڵمان و چەمکە ئەورووپیە جۆراوجۆرەکاندا، ئەمەش وایکردووە کە ئەو چەمکانە دەستبگرێت بەسەر بیری موسڵماندا و جێگەی هەموو چەمکە ئیسلامییەکان بگرێتەوە و دەریانپەڕێنێت، تا ئەو ڕادەیەی بۆتە هۆی بەربەرەکانێ و دووبەرەکی و پەرتبوون و ململانێ و جەنگی وەهمی لەنێوان ڕەسەنایەتی و نوێگەریدا، لەنێوان کەلتوور و تازەگەریدا، لەنێوان چاولێکەری و تازەبوونەوەدا. بەکورتی لەنێوان هەموو دوانەیەکی دژبەیەکدا.

ئا بەم شێوەیە بیری مرۆڤی موسڵمان سەرقاڵکراوە و دوورخـــــراوەتەوە لە بەرهەمهێنـــــانی زانیـــــاریەک کە هەڵقوڵاوی پەیام و ڕێبازە زانستیەکەی بێت، لە هەموو ئەو هەوڵانەی پێشووشـــی هـیچ کەڵەکەبـونێکی زانسـتی دەســـــتگیر نەبـــــووە، بەڵکـــــو سەریکێشـــــاوە بـــــۆ بێدەســـــەڵاتکردنێکی تەواو و خـــــولانەوە لە خـــــولگەی ڕۆژئاوادا و لەدەستدانی هەموو هەستێک بە کەلتوور و مێـــــژوو و پەیـــــام و ئەرک و میـــــانەڕەوی خـــــۆی. چەمکەکـانیش بـوونەتە ئامڕازێـک بـۆ سەرلێشـێوان و پەرتکردن لەبریتی ئەوەی ببنە ئامڕازی ڕوونکردنەوە و لابردنـــــی لێڵـــــی. هەروەک لە ســـــایەی ئەو تێکەڵـــــی و بەنـاویەکەدا چـوونەدا کە لە فەزا مەعـریفیە عەرەبـیەکەدا دروست بووە لەنێوان کەلتوور و هاوردەدا، ئەم چەمکانە بـوونەتە هۆکـاری تـرازان لە شـووناس و کـاڵبونەوەی ئینتیما بەبێ بوونی هیچ جێگرەوەیەکیش.

کـاتێکیش جیاوازییەکـان لەنـاو گەلـی موسـڵماندا زۆر تۆخبوونەوە و خەڵکی دابەشبوون بۆ دوو بەرەی دژ بە یەک، چەمـکە هاوردەکـان بـۆ خۆیـان بـوونە ئامـانجی هەندێ لەو بەرەو گرووپانە و لایان وابوو گەر بەهێزیش بێ دەبێت بەسـەر ئەوانـی تـردا بسـەپێنرێت، هەرچەنـدە هۆشـیارییەکی باشـیش بـوونی هەبـوو دەربـارەی ئەوەی ئەم چەمکـانە لە ناواخنیانـدا ئامـانجی ئەو ژیارانەیـان هەڵگرتـــــووە کە لێیـــــانەوە هـــــاوردە کـــــراون، بەڵام لە بەرامبەریشدا ویستێکی بەهێز هەبوو، کە ئەم چەمکانە لە گۆڕەپـــــانی ڕۆشـــــنبیری عەرەبیـــــدا بســـــەپێنرێت بـــــا

سەریشبکێشێت بۆ سڕینەوە و شێواندنی ئامانجەکانی ئەم گەلەش، هەربۆیە گەلی موسڵمان بە بۆچوونی ئەوان، وا مامەڵەی لەگەڵ کرا کە منداڵێکی نەخۆشی نەزانە و پێویستە ئەو چارەسەرە تاڵە وەربگرێت.

زۆرینەی چینی ڕۆشنبیرانی گەلیش بە ڕەونەق و بریقوباقی ئەم وشانە هەڵخەڵەتان و لەبیریان چوو کە ئەم وشانە دەلالەت لە کۆمەڵێک مانا و مەبەست دەکەن، کە ناکرێت لە دەرەوە هاوردە بکرێن، بونیاتی ڕۆشنبیری و ئاوەدانی و ژیاری ئەم گەلە بە چاولێکەری و پینەو پەڕۆ دروست ناکرێت، یان دەبێت عەقڵی داهێنەر و موجتەهید تیایدا بوونی هەبێت، یان هەتا هەتایە لە ناو گێژداودا دەخولێتەوە.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵخەڵەتانی زۆرینە نوخبەکە و هاوردەکردنی ئەم چەمکانە و هەوڵدان بۆ سەپاندنی؛ بریتی بێت لەوەی کە ئەم چەمکانە لە ڕواڵەتدا جۆرێک لە درەوشانەوەیان هەیە کە بووەتە هۆی هاندانی نوخبەکە و پێیانوابووە کە دەکرێت ببێتە هۆی هەستانەوە و بە جوڵەکەوتنی ئەم گەلە، بەڵام ئەوەتا پاش نزیکەی دوو سەدەش لەم هەوڵانە تەنیا بەرەو پاشچوونمان پێبڕاوە، بۆ هەموو کەسێکی هۆشیاریش ڕوونبۆتەوە کە هەستانەوی گەلی موسڵمان بە شتێک ناکرێت کە پێچەوانەی بیروباوەڕ و چەمکە بنەڕەتیەکانی بێت، بەڵکو پێویستە هۆشیاری خودی خۆی زیاد بکرێت، توانا شاراوەکانی بتەقێنرێنەوە و ڕەها بکرێن، هەرچی نەنگی هەیە لەبیریدا چارەسەر بکرێت،

هەمــوو بەربەســتەکانی بەردەمــی لاببــرێن تــا هەمــوو بەیەکجار بتوانن بکەونە جوڵە، تاکەکانی بە هەموو توانا و لێبڕانیـــانەوە بەرەو بەدەســـتهێنانی ئەو ئامـــانج و مەبەستانە بکەونەڕێ کە نموونە و ڕێبازەکەیانی لەسەر دامەزراوە، لەگەڵ ڕۆشــنبیری و فەلســەفە و بــوون و بونیــاتی عەقڵــی و دەروونـــی و بناغەکــانی بــاوەڕ و ســەرەتاکانی بیریانـدا دەگـونجێ، بەڵام ئەگەر چەمـک و ئایدۆلۆژیای بۆ هاوردە بکرێت و کار بکرێت بۆ ئەوەی بە هێــزی عەقـــڵ و دەروون دووبـــارە پێکهـــاتەکەی دابڕێـژرێتەوە و چـاوەڕوانیش بکرێـت کە دەسـتوپەنجە لەگەڵ ئەم هـاوردانەدا نەرم بکات؛ ئەوە بەدڵنیـای دەبێتە هۆی پەرتکردنی کۆمەڵگاکـان و کردنیـان بە کـوتلەگەلێکی بەشـــەڕ هــاتوو، هەر ئەمەشـــە کە ئەمــڕۆ ڕوویــداوە و دەیبینین لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا.

وەک نموونەیەک بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم قسەیەش، ســـەرنجی چەمکـــی (ئـــاین) دەدەیـــن بەنمـــوونە، چـــی بەســـەرهاتووە دوای هێرشـــی چەمـکە بەکێشـکراوەکان، گەلی ئێمە بوونی پەیوەست بووە بە ئیسـلامەوە، ئیسـلام وێنـــای کرۆکـــی ژیـــارەکەی دەکـــات، ســـەرچاوەی ڕۆشــنبیریەتی، ڕێـرەوی بـۆ دیـاری دەکـات، پێشــەنگی دەکات بەرەو ئامانجەکانی، بۆ موسڵمانەکان بووەتە ئـاین و بـــۆ ناموســـڵمانەکانیش بـــووەتە کەلتـــوور، بەڵام ئەو چەمکـانەی دوای باڵادەسـتبوونی ئەزمـوونە عەلمـانیەکە بـڵاوە و بانگەشـەی بـۆ دەکرێـت و بەردەوام لە ژیـنگە عەرەبیەکدا دەچێنرێت، لەبارێکدا ئاینی کردۆتە گۆڕاوێکی

پاشکۆ بۆ چەمکە هزریە هاوردەکان، لەبارێکی تردا کردوویەتیە بەشێک لە پێکهاتە نەتەوەییەکە و لەباری سێیەمیشدا پێیوایە بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندندا. لەهەمانکاتدا ئاین لای زۆرینەی گەل کرۆکی بوونیەتی، بەمەش عەقڵی عەرەبی کەوتۆتە بەردەم دوو بژاردەوە، بژاردەی پاراستنی ئاین، کە ئەمەش لای ئەم ڕەوتە بە مانای دواکەوتن و چەقبەستن و ڕاوەستان دێت، یان بژاردەی تێپەڕاندنی ئاین و ڕێککردنەوەی و گونجاندنی بەشێوەیەک کە لەگەڵ ڕۆشنبیریە هاوردەکەدا بگونجێت، کە نمایندەی چەمکە باوەکان دەکات. ئەمە لەگەڵ هەبوونی هەوڵی جددی کە دراوە و دەدرێت لەپێناو گەشتن بە حاڵەتی (نوێکردنەوەی ئیسلامی) لە چوارچێوەی ڕشتە زانستیە ئیسلامیەکەدا، بەڵام ئەو ژینگە سەپێنراوە کە نوخبە و ڕاگەیاندن و چوارچێوە ڕۆشنبیریەکە دروستیکردووە، ئەم جۆرە هەوڵانە بەربەست دەکات و سنوورە لەسەر هەنگاونان بە ئاراستەی جێگۆڕکێکردن بە چەمکەکان و گۆڕینی بیر و چاولێکەری شوێنپێ هەڵگرتنی ئەویتر لە هەموو ئاستەکاندا، لەم هەوڵەشیدا تەنانەت چەمکی (ئاین)یشی بەدەرنەکردووە کە خاڵی کراوەتەوە لە ناوەڕۆکە ئیسلامیەکەی و ئاخنراوە بەو مانا و مەبەستانەی کە لە ئەزموونە ئەوروپی و مەسیحیەکەوە سەرچاوەیان گرتووە، تەنیا بە ئاستە گشتیەکەی (ئاین)یشەوە نەوەستاوە، بەڵکو شۆڕبۆتەوە بۆ سەرجەم چەمکە لاوەکیەکانی تریش کە لە دەوری ئاین

دەخولێنەوە، وەک: (سروش) و (پێغەمبەرایەتی) و (دونیا) و (دواڕۆژ) و (پەرستش) و چەندانی تریش.

لە ڕوانگەی هەستکردنمان بە ترسناکی ئەم پرسە مەعریفیە و سەنتەربوونیەوە لە دروستکردنی گۆڕانکارییەکی نەوعی لە هزری موسڵماندا، پەیمانگای جیهانی بیری ئیسلامی گرنگیەکی تایبەتی پێداوە و چەند ساڵە دەستیکردووە بە دروستکردنی تیمێکی توێژینەوە بۆ کارکردن لە پرۆژەیەکی زانستیدا بۆ بەدواداچوونی چەمکە سەرەکیەکان لە بیری ئیسلامیدا و زانینی هەموو ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی بووە، هەروەها چۆنێتی بنەمادۆزی و پاڵفتەکردنیان و گێڕانەوەی ڕوونی بۆیان. هەروەک تیمەکە ڕاسپێردرا بۆ بەدواداچوونی چەمکە باوەکان لە ژینگە فیکریەکەدا و دروستکردنی ئەوەی کە دەتوانرێت پێی بوترێت ژیاننامەیەکی کەسی بۆ چەمکەکان و چۆنێتە گەشەکردن و دروستبوونیان و مێژوو و چۆنێتی هاتنە ناوەوەیان بۆ بوارە فیکریەکەی ئێمە و لێکۆڵینەوە لە لێکەوتە و دەرەنجامە ئەرێنی و نەرێنیەکانی دەستاودەستکردنیان، ئایا ڕێگاکانی بنەمادۆزی و گۆڕینیان چیە ئەگەر پێویست بێت بیانگۆڕین، چۆنیش دەکرێت؟

بەڕێز د. نصر محمد عارف یەکێکە لە ئەندامەکانی ئەو تیمەی ئاماژەم پێکرد، ئەم توێژینەوەشی دەربارەی (چەمکی ژیار) کە من پێشەکیم بۆ نوسیوە، یەکێکە لە توێژینەوەکانی ئەو تیمە، کە هەندێ لە توێژەران تا هەنووکەش کاری تێدا دەکەن.

ئـێمە ئەمـڕۆ ئەم تـوێژینەوەیە پێشـکەش دەکەیـن تـا ببێـتە ڕاگەیانـدنی پـڕۆژەکە و هانـدەریش بێـت بـۆ ئەو کەسانەی کە گرنگی بەم جۆرە بابەتانە دەدەن تا هەوڵی خۆیـــان بخەنەکـــار لە هەر چەمکێکـــدا کە خۆیـــان هەڵبـدەبژێرن و ببـنە بەشـێک لە تیمـی تـوێژینەوەی چەمکەکـــان، کە ئـــێمە بەنیـــازین یەک لە دوای یەک کارەکانیان بڵاو بکەینەوە پشت بە خوای گەورە.

د. نصـــر هەســـتاوە بە بەدواداچـــوونێکی بـــاش و لەســـەرخۆ بـۆ گەشـــەکردنی چەمکـی ژیـار و ماناکـانی، بەتـــایبەت لە دوو ســـەدەی ڕابـــردوو و ئێســـتادا، بەو ئەنـدازەیەی کە بـارودۆخی تـوێژەرێکی جـددی ڕێـگەی پێـدەدات و تـوێژینەوە بە گۆڕەپـانی دەربڕینـی پەیـام و خۆشەویســـتی دەزانێـــت و ئـــاواتی خزمەتکـــردنە لە چوارچێـوەی تـوێژینەوەی زانسـتی و دەربڕینـی وشـەدا، خـوای گەورە سـەرکەوتووی بکـات و بیکـاتە سـودبەخش بـۆ تـوێژەران و زانایـان و فێرخـوازان. خـوا پشـتیوانی هەموو لایەک بێت.

**د. طه جابر العلوانی**
**هرندن- ڤێرجینیا**

## پێشەکی نووسەر

چەمکی ژیار (الحضارة) یەکێکە لەو چەمکانەی کە تێکەڵکردن و شێواندن و سڕینەوەی مانای بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک کراوەتە سیفەت و بەها و پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و مانا و ناوەڕۆکی خۆی لەدەستداوە، تا ئەو ڕادەیەی بڕدراوە بەسەر کۆمەڵێ شت و پرۆسە و سیستەم و بیردا کە دژن بەیەک، نەک تەنیا لە مەبەست و ئەنجامدا، بەڵکو لە پێکهاتە و ڕەگەزیشدا، تا ئەوەی بووەتە هاووتای نوێگەری و پێشکەوتن و باڵا بوون و..... هتد.

سەرباری گرنگی ئەم چەمکە لە دیاریکردنی شێواز و کرۆک و ئاراستەی جوڵەی مرۆڤایەتیدا، سەرەڕای ئەوەش کە چەمکێکی بنەڕەتییە لە زۆرێک لە زانستە مرۆڤایەتیەکانی وەک مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی بەگشتی و کۆمەڵناسی شار بەتایبەتی و دەروونزانی و پەروەردە و...هتدا، - ئیتر ئەگەر پێکهێنەری سەرەکی زانستەکە بێت، یان ئەو مەبەستە بێت کە زانستەکە هەوڵی بۆ دەدات، یان ئەو بابەتە بێت کە زانستەکە بە دەوریدا دەخولێتەوە؛ لە هەموو بارەکاندا وەک یەکە- لەگەڵ ئەو هەموو گرنگیەی کە ئەم چەمکە هەیەتی؛ بەڵام تا ئێستە هەوڵێکی جددی بەدیناکرێت بۆ تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لە بنچینە و ڕیشەی ئەم چەمکە و گەڕان بەدوای ناوەڕۆکیدا لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تریشدا،

لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەی تر دەربارەی ئەم چەمکە و پێدانی مانـای جـۆراو جـۆر و دژ بەیەک، زۆر و کەڵەکەبـوون و بـــوونەتە هۆکـــاری تێکەڵـــی و شـــاردنەوەی مانـــای ڕاسـتەقینەی چەمـکەکە، ئەمە وایکـردووە کە بەشـێوەیەک لە وشەکە بڕوانرێت وەک کۆمەڵێک پیت و تەنیا لە مانای زمـانەوانی بکـۆڵرێتەوە، نەک وەک چەمـک و زاراوەیەک کە کۆمەڵێک مانا و ڕەهەندی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و ئـــاوەدانی و ئاکـــاری لەخۆگرتـــووە کە پەیوەنـــدیان بە جوڵەی مرۆڤەوە هەیە لە بونەوەردا بە درێژایی مێژوو.

بە ڕوانـــین بـــۆ ئەو لێکـــۆڵینەوانەی دەربـــارەی ئەم چەمکە کراوە، تێبینی ئەوە دەکرێت کە پشـتیان بە یەکێک لەم سێ سەرچاوانەی خوارەوە بەستووە بۆ دیاریکردنی مانـاو مەبەسـتی چەمـکەکە، هـیچ یەکێک لەو لێکۆڵینەوانە بەشێوەیەکی زانستی نەگەڕاونەتەوە بۆ بنچینەی وشـەکە لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا، بەڵکو هەریەکێکیان بـۆ یەکێک لەم سەرچاوانە گەڕاوەتەوە، یان هەوڵیان داوە گونجاندن لەنێـــوان هەر ســـێکیان، یـــان دووانیانـــدا بـــکەن، سەرچاوەکانیش بریتین لە:

١ــ چەمکـی ژیـار وەک چـۆن (عبـدالرحمن کـوڕی خەلـدون) بۆی ڕوانیوە لە پەڕاوی (المقدمـة)دا، بە پێیەی ئەو یەکەم کەس بـــووە مانـــای تەواوی بەخشـــیوە بەم وشـەیە، شـارنشینی (الحضـارة)ی لە بەرامبەر دەشتنشـینی (البـداوة) بەکارهێنـاوە، بە هەمـوو ئەو مانایـانەی کە ئەم چەمکە لەخۆی دەگرێت لە شێوازی ژیان و هەڵسوکەوت

و ژیـانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و سیاسـی و لایەنـی دەروونییەوە.

٢- چەمکی (Culture) لە زمانە ئەوروپییەکاندا.

٣- چەمکی (Civilization) لە زمانە ئەوروپییەکاندا.

هەربــۆیە مانـــای چەمـــکەکەش لای تـــوێژەرەکە بەگوێرەی سـەرچاوەی پشـت پێبەسـتراوی سـاغ بۆتەوە، ماناکانیش پەرت بوون و زۆریشـیان بزربـوون، جۆرێک لە تێکچوون دروسـت بووە، کە بـووەتە هـۆی دەرچـوونی وشـەکە لە مانا ڕەسەنەکانی و تێکەڵبـوونی بە مانـاگەلێکی تـــر، کە بنچیـــنە زمـــانەوانیەکە هەڵینـــاگرێ و لەگەڵ سـەرچاوە و بناغەکانـدا یەکنـاگرێتەوە، لە بەرامبەریشـدا کۆمەڵێک مانای ڕەسـەن و بنچینەیـی وشـەکە بزرکـراون. ئەمەش بـــووەتە هـــۆی پەرش و بـــڵاوی چەمـــکەکە، کە ڕەنگە نەتوانین مانایەکی ڕوون و پێناسـەیەکی یەکگرتـوو لای لێکـــۆڵەرانی بـــابەتەکە بـــدۆزینەوە، تەنـــانەت لەنێـــو خۆشیاندا کۆکنین لەسەر ئەو وشە بێگانەیەی کە چەمکە عەرەبیەکەیـــان لێوەرگرتـــووە، هەنـــدێکیان لە (Culture) وەریـــانگرتووە، هەنـــدێکی تریـــان لە (Civilization)، هەندێکیش پێیانوایە هەردوو وشـەکە دەگرێتەوە.

بـۆیە قسـەکردن لە ژیـار، هەمیشــە قسـەکردنیش لە جیهانیبوون دەگرێتە خۆی، کە بریتیە لەو ژیـارە جیهـانیە بەربـڵاوەی ئەمـڕۆ، ئەم مانـایەش بـووەتە بەهـانەیەک بـۆ کۆپیکردنی سەرجەم تایبەتمەندییەکانی ژیاری بەربـڵاوی جیهـانی و تـووانەوە تیایـدا، کە شـارییبوونیش یەکـێکە لە سیفاتەکانی ئەو ژیارە.

هەربۆیە لەپێناو گێڕانەوەی ئەم چەمکە بۆ بنچینە و سەرچاوەی خۆی و تێگەیشتن لە ماناکانی لە زمانی عەرەبیدا- کە زۆر جیاوازە لە بەکارهێنانی بەربڵاوی چەمکەکە لە ئەمڕۆدا- بابەتەکە دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەگوێرەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**یەکەم**: بنچینەی وشەی (Culture) لە زمانە ڕەسەنەکەیدا

**دووەم**: وشەی (Culture) دوای وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی.

**سێیەم**: مانای عەرەبی وشەی ڕۆشنبیر (الثقافة).

**چوارەم**: بنچینەی وشەی (Civilization) لە زمانە ڕەسەنەکەیدا.

**پێنجەم**: وشەی (Civilization) دوای وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی.

**شەشەم**: مانای عەرەبی وشەی شارستانی (المدنیة).

**حەوتەم**: دەربارەی پێناسەی چەمکی ژیار (الحضارة).

لە پەروەردگار داواکارم ڕێنیشاندەرمان بێت بۆ زانستێکی بەسوود، کە بەرەو کرداری چاکمان بەرێت.

**نصر محمد عارف/ قاهیرە**

**یەکەم: بنچینەی وشەی (Culture):**

وشـەی (culture) لە بنەڕەتدا لە (Culture) لاتینیەوە وەرگیـــراوە، کە بەمانـــا کێڵانـــی زەوی و ناشـــتنی بەکارهـاتووە،[١] بەدرێژایی هەردوو سـەردەمی یۆنـانی و ڕۆمـــانی، ئەم وشـــەیە هەر ئەم مانـــایەی هەبـــووە؛ بـــۆ نمـوونە (شیشـرۆن) بەم مانـایە بەکـاری هێنـاوە کـاتێ فەلســـــەفەی بە (Mentis Culture) نــــاوبردووە، مەبەستیشـــی چانـــدنی عەقـــڵ و گەشـــەپێدانی بـــووە،[٢] ئەمەش بـۆ دووپـاتکردنەوەی ئەوەی کە ڕۆڵـی فەلسـەفە پێگەیاندنی خەڵکیە لەسەر ڕێزگرتنی خواکان.

ئەم وشـــەیە بەم مانـــایە مـــایەوە تـــاکو ســـەدەکانی ناوەڕاســـت، کـــاتێ لە فەڕەنســـا سروشـــە ئاینیەکـــان بە (cultes) ناو دەبرا.[٣] بەڵام لە سەردەمی شۆڕشدا مانای (culture) کورتبـووەوە لە مانـا هـونەری و ئەدەبیەکەیـدا، لەو لێکـۆڵینەوانەدا خـۆی بینـیەوە کە باسـی پەروەردە و داهێنانیان دەکرد، تا ئەو کاتەی فەیلەسوفەکانی سەدەی حەڤدە دەستیانکرد بە جێبەجێکردنـی ڕێبـازە زانسـتیەکان لە لێکـۆڵینەوە مرۆڤایەتیەکانـدا و بـابەتێکی سـەربەخۆیان تـــایبەتکرد بە زاراوەی (culture). فرانســـیس بیکـــون لە

---

١ Wiener, Philips(ed), Dictionary of History of Ideas, Neew York: Charles Scribmber's Sons , (١٩٧٣) p ٦١٣.

٢ د. معن زيادة، معالم على طريق تحديث الفكر العربي، الكويت: عالم المعرفة، ژمارە ١١٥، (١٩٨٧)، ل٢٩.

٣ د. الطـاهر لبيـب، سوسـيولوجية الثقافـة، القـاهرة: معهـد البحـوث والدراسات العربية، (١٩٨٧م)، ل٧.

پەڕاوی (تقدم المعرفة)، (پێشـــکەوتنی زانیـــاری)دا وێـــنەی بەرهەمهێنـانی کشـتوکاڵی دێنێـتەوە بـۆ ڕوونکـردنەوەی یەکێـک لە ماناکـانی فەلســەفە کە لەم زاراوەیەدا خــۆی حەشــارداوە[١]. هەروەهــا ڤــۆڵتێر و هاوچەرخەکــانی لە فەیلەسوفە فەڕەنسیەکان، هەر بەم مانایە بەکاریانهێناوە، وشەی (culture) لای ئەوان بە مانای گەشەپێدانی عەقڵ و ڕازانــدنەوەیەتی بە زانیــاری و چانــدنی تێگەیشـــنە تیایـدا[٢]. لای تۆمـاس هـۆبز: هەمـوو هەوڵـێکە کە مـرۆڤ دەیـدات بـۆ پێشـکەوتن، جـا هەوڵەکە مـاددی بێـت یـان مەعنەوی.[٣]

ئەم وشـــەیە هەر ئەم مانـــایەی هەبـــوو تـــا هـــاتنی (ئیدوارد تیلور) و نووسینی کتێبی (primitive Culture) لە ساڵی ١٨٧١؛ لە یەکەم بڕگەی پەڕاوەکەیدا پێناسەیەکی بـۆ (culture) کـردووە تـا ئەمـڕۆش بە گشـتگیرترین و تەواوتـرین پێناسـە ئەژمـار دەکرێت و تـا هەنـووکەش لە نووسینە ئەنسرۆپۆلۆجیەکاندا بەکاردێت، لەم پێناسـەیەدا هـاتووە کە (culture) بە مانـا ئەنسـۆگرافیە فـراوانەکەی بـــریتیە: (لەو زاراوە گشـــتیە لێکـــدراوەی کە زانـــین و بیروباوەڕ و هونەر و ئاکار و یاسا و عورفی کۆمەڵگە و هەمـوو توانـا و عادەتەکـانی تـر لەخۆدەگرێت، کە مـرۆڤ

[١] بڕوانە: د. معن زیادة، الموسوعة الفلسفیة، مادة "ثقافة"، ل٣١١- ٣١٢.
[٢] د. معن زیادة، معالم علی طریق تحدیث الفکر العربي، ل٤٨.
[٣] د. معن زیادة، الموسوعة الفسفیة، ل٣١٢.

بەدەســـــتیان دێنێـــــت لە كـــــاتی ئەنـــــدامبوون لە كۆمەڵگەیەكدا).[١]

بە گواســـتنەوەی وشـــەی (culture) بـــۆ (kulture) ئەڵمـــانی، مانـــایەكی تـــری وەرگـــرت؛ بە مانـــای ئەو پێشكەوتنە هزریە هات، كە تاك و كۆمەڵەكان بەدەستی دێنن، ئەمەش بە هاوتەریب لەگەڵ بۆچوونی ئەڵمانی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، كە پێیوایە پلەبەندی پێشكەوتنی بیر پێـــوەرە بـــۆ جیـــاكردنەوەی قۆناغەكـــانی مێـــژووی مرۆڤـــایەتی.[٢] لە ســـەدەی نـــۆزدە و بیســـتی زاینیـــدا، بیرمەنـدە ئەڵمانیەكـان – بە پشتبەسـتن بە لێكـۆڵینەوەی مێژووی (culture)- لە سروشتی پەیوەندی نێوان ژیـانی ڕۆحـــــــی و زانســـــــتەكانی (culture) و زانســـــــتە سروشـــتیەكانیان كـــۆڵیەوە، هیگـــڵ و فەیلەســـوفانی ڕۆمانتیـك (فردریـک نـیچە، ڤیلهـیلم دیلتـا، ڤیلهـیلم فانـدیل باند، هاینریش روبكیرت، جورج سیمیل) هێڵە گشـتیەكانی بیركردنەوەی فەلسـەفی و كۆمەلآیەتیـان ڕوونكـردەوە كە لەســـــەر ئەو بەهایـــانە دامەزراون كە بەرهەمـــی ئەم چەمكەن.

لە لایەكـــی دیـــكەوە، بیریـــارە ئینگلیزەكـــان لە (culture) دەڕوانـــــن لە ڕوانـــــگەی جێبەجێكردنـــــی كرداریەوە، (میتیـو أرنولـد) لە پێناسـەیدا دەڵێت: كـرداری بـالآ بـوونە بەرەو كەمـاڵی مرۆڤـایەتی، بە جێبەجێكردنـی

---

[١] Tylor. E. B. Primitive Culture, New York Brentano's (١٩٢٤) P ١

[٢] د. الطاهر لبیب، سوسیولوجیة الثقافة، ل٧.

باشــترین ئەو بیــرانەی مرۆڤــایەتی پێیگەشــتووە لەگەڵ بەرەوپێشـردنی تایبەتمەندیە دیارەکانی مرۆڤایەتی، لای وایە (culture)ی ئــاینی – کە فێربــوونی دامەزراوی و ڕێکــوپێکیە- لە پــاڵ (culture) عەلمانیــدا – کە ڕاســتیە بابەتیەکــان کۆدەکــاتەوە- یارمەتیــدەرە بــۆ بــاڵاکردنی ژیانی مرۆڤایەتی.

فەیلەسوفی ئەمریکی (جون دیوی) پێناسـەی دەکات بەوەی کە: بەرەنجــامی کــارتێکردنی مــــرۆڤە لەگەڵ ژینگەکەی.[1] (رالف لنتون) دەڵێت: شێوەیەکی تەواوە لە ئاکــاری بەدەســتهێنراو و ئەنجامەکــانی، کە تاکەکــانی کـــــۆمەڵگەیەکی دیـــــاریکراو لە ڕەگەزەکـــــان و لە گواستنەوەیدا بەشدارن.[2]

کلاید کلوهون دەڵێت: ڕێگاکانی ژیانە لە کۆمەڵگەیەکی دیــاریکراودا. واتە ئەو میــراتە کــۆمەڵایەتیەیە کە تــاک بەدەسـتی دێنێـت لەو کـۆمەڵگەیەی کە تیایـدا دەژی، یـان ئەو بەشـــەیە لە دەوروبەر کە مـــرۆڤ بەشـــدارە لە دروسـتکردنیدا و شـێوازەکانی ژیـان دیاریـدەکات، یـان ڕێگــای بیرکــردنەوە و هەســت و بیروبــاوەڕە، واتە: زانیاریەکــانی کۆمەڵگــای مرۆڤــایەتیە کە لە خەیاڵــدانی

---

[1] د. معن زيادة، الموسوعة الفلسفية، ل٣١٢.

[2] رالف لنتون، الأصول الحضارية للشخصية، ترجمة: د. عبد الحميد اللبان، بيروت: دار اليقظة العربية، (١٩٦٤م)، ص ٥٨-٦٠.

تاکەکانیــدا، یــان لە پەڕاوەکانــدا، یــان لە کەرەســتە و ماددەکاندا هەڵگیراوە.(1)

لە فەرهەنگی (ویبستر الجدید)ی سێیەمدا هاتووە کە (culture) خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

١ـ هونەری کشتوکاڵ، یان کرداری کشتوکاڵ.

٢ـ کرداری گەشـەکردن، کە بەرەنجامی فێربوون و یاسا و ئەزموونی کۆمەڵایەتیە.

٣ــــ جیــاکردنەوە و ڕوونــاککردنەوەی زەوق کە بە کردارە هزریەکانەوە گرێدراوە و خۆی دەبینێتەوە لە:

أـ مانا هونەری و هزریەکانی مەدەنیەت.

ب ـ پاڵفتەکردنی ئاکار و بیر.

ج ـ ئاشــنابوون بە هــونەرە جوانەکــان و زانســتە مرۆڤایەتیەکــان و هەمــوو بوارەکــانی تــری زانســت، بەو پێیەی زانست جۆرێکە لە شارەزایی و زانیاری کارگێڕی تەکنیکی و پیشەیی.

٤- چوارچێـــوەی جـــوانی ئاکـــاری مـــــرۆڤ و دەرهاویشتەکانی کە بریتین لە: بیر و وتە و کردارێک کە پشــت بە توانــای مــرۆڤ بــۆ فێربــوون دەبەســتێت و گواستنەوەی زانیاری بۆ نەوە یەک لە دوای یەکەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی کەرەستەکان و زمان و بیرەوە.(2)

---

[1] کلاید کلوکهون، الإنسان في المرآة: علاقة الأنثروبولوجي بالحياة المعاصرة، ترجمة: د. شاكر مصطفى، بغداد، المكتبة الأهلية، ١٩٦٤م، ل٢٤، ٣٧، ٤٩.

[2] علوي طه الصافي، تعريف الثقافة ومفهومها، گۆڤاری الفيصل، ژمارە ١٤٣، دێسەمبەری ١٩٨٨ و یەنایەری ١٩٨٩، ل٧- ٨.

فەرهەنگی کۆڕبەندی فەڕەنسی- کە لە دانیشتنێکی تایبەتدا لە بەرواری ٢٩ حوزەیرانی (١٩٧٢) شرۆڤەی زاراوەی (culture)ی کردووە- بەمشێوەیە پێناسەی (culture)ی کردووە: (بە مانا گشتییە ڕووتەکەی زاراوەیەکە لە بەرامبەر "سروشت"دا بەکاردێت. بریتییە لە بلیمەتی مرۆڤایەتی تێکەڵ بە سروشت، بە ئامانجی ڕەهاکردنی بەخشینەکانی مرۆڤ و بێنیازکردن و گەشەپێدانی).[1]

(مالینوفسکی) دەڵێت: (ئامڕازێکی کاریگەرە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ خۆ گواستنەوە بۆ بارێکی باشتر، تا بتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی دەوروبەری بکات کە ڕووبەڕووی دەبنەوە).[2]

لە پوختەی هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین جیاکەرەوەکانی زاراوەی (culture) دیاری بکەین، چونکە ناتوانین بانگەشەی کۆکردنەوەی هەموو ئەو پێناسانە بکەین کە بیری ڕۆژئاوا بۆ ئەم چەمکە پێشکەشی کردووە، (کرۆبەر) و (کلۆکهۆن) لە ساڵی (١٩٥٢) زیاد لە (١٦٤) پێناسەیان بۆ کردووە، دەستپێک بەوەی کە (culture) ئاکارێکی وەرگیراوە، یان بیرێکە لە ئاوەز (العقل)دا، یان توانای بەرگریکردنە لە خود، یان خۆ داماڵینە لە ئاکار (السلوک)، یان ئاینە لەو ڕووەوەی کە

---

[1] جان فریمون، تلاقی الثقافات والعلاقات الدولیة، بیروت: مجلة الفكر العربي المعاصر، ژمارە: ٢٩، ١٩٨٣، ل٨٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

کاریگەری هەیە لەسەر باشترکردنی ژیان.[١] هەر بۆیە ئەمە وا دەکات کە کۆکردنەوەی هەموو ئەو پێناسانەی بۆ ئەم چەمکە کراوە کارێکی ئەستەم بێت، بۆیە تەنیا ئاگاداربوون لە مانای گشتی زاراوەکە بەسە بەشێوەیەک کە بیناسێنێت و پێکهاتەکەی دیاری بکات، چونکە ئەم زاراوەیە بووە بە بەشێک لە زانستە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان و لەگەڵ بڵاوبوونەوەشیدا بە جیهاندا، سنووری ئەوروپای تێپەڕاندووە، تا ئەو ڕاددەیەی بووە بە بەشێکی سەرەکی و دامەزرێنەر لە زانستی مرۆڤناسی. ئەوروپاش بیردۆزە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی لەسەر ئەم زانستە دامەزراندووە و گریمانە و سەلمێنراوەکانی دەربارەی مێژوو و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ئەو یاسایانەی کە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن لەم زانستەوە وەردەگرێت، "چونکە مرۆڤی ڕۆژئاوایی -بە پشت بەستن بە بیردۆزی ڕێژەیی و گومانکردنی ئاشکرا یان نهێنی لە بوون و نەبوونی خوایەک کە باڵادەست بێت بەسەر ئەم گەردوونەدا و بە ئارەزووی خۆی هەڵیبسوڕێنێ- هەمیشە هەست بە پێویستی بوونی بناغەیەک دەکات کە لێیەوە دەست بە بیرکردنەوە لە خۆی بکات، جا ئەو مرۆڤە تاکیتس یان هیگڵ، یان کیرکگارد، یان مارکس بێت، یەکسانە، هەر هەموویان هەمیشە لە خاڵێکی جێگیر دەگەڕێن، کە ڕوانینەکانیان لەوێدا بوەستێ و گوفتارەکانیشیان لەوێوە

---

[١] Kroeber, Kluckhohn, Culture: a critical review of concepts and definitions, ١٩٥٢

دەســـت پێبکـــات".[1] ئەو خـــاڵە جێگیـــرەش لە زانســـتی مرۆڤناســـیدا بەدیـــدەکرێت، ئەو زانســـتەی کە هەردوو زاراوەی (civilization) و (culture)ی کـــردۆتە بـــابەتی سەرەکی تێز و بیـردۆزە و شـیکردنەوەکانی و لە ڕێگەی ئەمەوە گریمـــانە و نـــاوەڕۆکی زۆریـــنەی زانســـتە کۆمەڵایەتیە نوێیەکانی ئەوروپا پێشکەش دەکرێت، بەڵکو زۆرینەی بیـردۆزە فەلسـەفیە سـەرەکیەکانی ئەوروپـاش هەرلەوێوە هەڵدەقوڵێن.

زانســتی مرۆڤناسـیش لە سـێ بنەمـای سـەرەکیەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کە لە ژێریانـدا کۆششـی زاناکـانی ئەوروپا و میتۆد و دیدو شیکردنەوەکانیان و ئایندە بینی و پوختە و دەرەنجامی کارەکانیان خۆی دەبینێتەوە، ئەو بنەمایانەش بریتین لە:

١. کۆمەڵگاکـان لە خـاڵی سـەرەتاوە– کە مـرۆڤ لە سـەردەمێک لە سـەردەمەکاندا و دوای جیـابوونەوەی لە ئـاژەڵ لەو خـاڵەدا بـوون– بەردەوام ڕوو لە هەڵکشـان بوون بەرەو قۆناغی بـاڵا کە کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەمڕۆ پێـــی گەشـــتووە، بەمەش کۆمەڵگەکـــان بەگـــوێرەی پلەبەنـدیەک کە هەڵقـوڵاوی چەمکـی (culture) دابەش دەبن و پلەبەندی دەکرێن بەگوێرەی دوور و نزیکییان لە (Culture) ئەوروپـی نوێـوە، پـاش ئەمە زاراوەگەلێکـی

---

[1] جـولز هنـری، مصـطلح البدائیـة عنـد کیرکغـارد وهایـدغر، فـي أشـلي مونتاغیو، البدائیة، ترجمـة: د. محمـد عصـفور، الکویـت، المجلس الـوطني للثقافة والفنون والآداب، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٥٣، (مـایو ١٩٨٢م)، ل٣٣٢– ٣٣٣.

وەک: گەشـــتن بە کـــاروان و کەمکـــردنەوەی مـــاوە و تازەکردنەوە.....هتد، سەریان هەڵدا.[1]

٢. (culture) لە کـــــــۆمەڵگەیەکی دیـــــــاریکراودا دەردەکەوێ و پاشان بڵاودەبێتەوە بۆ کۆمەڵگەکانی تر، لە پرۆســـەیەکدا کە پێـــی دەوترێـــت (بڵاوبـــوونەوەی ڕۆشـــنبیری)، بە واتـــای: گواســـتنەوەی ڕۆشـــنبیری لە گـــۆمەڵگەیەکی پێشـــکەوتوو و بـــاڵاوە بـــۆ کۆمەڵگـــای خوارەوە و دواکەوتوو. لە ژێر ئەم مانایەشدا چەمکەکانی وەک: پەیامی پیاوە سپیەکە، ڕۆڵی ئامادەکاریی ئەوروپا، شۆڕشەکانی ڕۆشنبیری دەرکەوتن.[2]

٣. (Acculturation) (التثـــــاقف) أو (المثاقفـــــة): (کـارتێکردنی ڕۆشـنبیری): مەبەسـت لێـی کـاریگەربوونی ڕۆشـــنبیرییەکانە بە یەکتـــر لە بەرەنجـــامی پەیوەنـــدیان پێکەوە، جا سروشت و ماوەی ئەو پەیوەندییە هەرچەندو چۆنێک بێت، گرنگ نیە.

میلفن هرسکوفیتز و ڕالف لنتون و ڕۆبرت ردفیڵد لە پێناسەیدا دەڵێن: "گۆڕانکاری ڕۆشـنبیرییە لەو دیـاردانەی کە تـازە پەیـدا دەبـن، کـاتێ ئەنـدامانی دوو شـێواز لە

---

[1] بڕوانە: ستانلی دایموند، البحث البدائي، في: اشلي مونتاغيو، ١٥٥. نصـر محمـد عـارف، نظریـات التنمیـة السیاسـیة المعاصـرة، نـامەی ماسـتەری بڵاونەکـراوە، (کـۆلێژی ئـابووری و زانسـتە سیاسـییەکان، زانکۆی قاهیرە)، ل٨١- ٨٢.

[2] بـڕوانە: Linton, Ralph, The Study Of Man, An Introduction, New Yourk: D. Appletine Center Company, (١٩٦٣) p ٣٢٤- ٣٤٥. نصـر محمـد عـارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

ڕۆشنبیری جیاواز پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بۆ دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاری لە هەردوو شێوازە ڕۆشنبیرییەکەدا، یان بە تەنها لە یەکێکیاندا".

ڕادکلیف براون دەڵێت: "گۆڕانکارییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە هۆی کاریگەری یان داگیرکاری ئەوروپییەکانەوە، بەتایبەت لە کیشوەری ئەفریقادا، ئەم گۆڕانەش هاوتەریب بووە لەگەڵ داگیرکاری ئەوروپییەکاندا وەک هۆکارێکی کاریگەر بۆ دەستگرتن بە سەر گەلانی نا ئەوروپیدا، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان (Acculturation) و (Transculturation)، دووەمیان مانای ئاڵوگۆڕێکی یەکسانە لەنێوان دوو ڕۆشنبیری جیاوازدا، بەڵام یەکەمیان مانای گواستنەوەی ڕۆشنبیرییەکی دیاری کراوە، یان سەپاندنیەتی.[1]

بەگوێرەی ئەو سێ یاسایەی سەرەوە، زاراوەی (Culture) لە زانستە کۆمەڵایەتیە جۆربەجۆرەکاندا بەدەرکەوت و بووە پێکهێنەرێکی سەرەکی، پێکهاتەکەشی بەشێوەیەک دارێژرا کە لەگەڵ پێدراوەکانی بیری ئەوروپی و پێشکەوتنە نوێیەکەیدا بگونجێت، بۆیە کاتێ چەمکەکانی وەک: (Political Culture) کەلتووری سیاسی و (Economic Culture) کەلتووری ئابووری

---

[1] بروانە: د. حسين فهيم، قصة الأنثروبولوجيا، فصول في تأريخ علم الإنسان، الكويت: سلسلة عالم المعرفة، عدد ٩٨، (فبراير ١٩٦٨م) ل١٩٨- ٢٠٣. جبرار لكلرك، الأنثروبولوجيا والاستعمار، ترجمة د. جورج كتورة، بيروت: معهد الإنماء العربي، (١٩٨٢١م)، ل٧٨- ٨٥.

و...... دەرکەوتـن، بەشـێوەیەکی تـایبەت مامەڵەیـان لەگەڵ کرا و کرانە پێوەر و ئاکار و بیروباوەڕ و شێوازی ژیـان و هەڵســوکەوتی کــۆمەڵگەی ئەوروپــی، هەمیشــە بە بــاڵاترین دانــرا و کۆمەڵگەکــانی تــر بە تەقلیــدی و دواکەوتوو، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانەش بیانەوێ پێشبکەون و نوێ ببنەوە پێویستە کەلتووری ئەوروپی بگوازنەوە بۆ خۆیان و پەیڕەوی بکەن، بەتەواوی واز لە کەلتووری خۆیان بهێنن.[1]

ئەم گەشـەکردنەی چەمکـی (Culture) دەرەنجـامێکی سروشـتی بنچینە لاتینـیەکەی بـوو، خۆگونجانـدنی بـوو لەگەڵ هەمــوو مانایــانەی کە خرابــوونە نــاویەوە، هەڵبژاردنی ئەم وشەیە بۆ ئەوەی هەمـوو ئەو مانایـانەی لەژێـردا کـۆبکرێتەوە بە ڕێـکەوت نـیە؛ بەڵکـو دەربڕینـی سروشتی مرۆڤی ئەوروپیە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە دەرخەری ئەو ڕۆڵەیە کە ئەم مـرۆڤە لە سـەردەمی نوێدا گێڕاویەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە نائەوروپیەکان.

لە ڕووی سروشــتی مــرۆڤەکەوە؛ ئەوروپــی مرۆڤــی سەر زەویە، شارستانیەکەی شارسـتانی کشـتوکاڵە، بۆیە هەموو ئەو کـارانەی کە زەوی و سـوودەکانی بە بەرهەم دێنێت، وەک: کـێڵان و چانـدن و دروێـنەو... لە دەروونـی مرۆڤــی ئەوروپیــدا ڕەنگــی داوەتەوە، هەروەک ڕۆڵــی گرنگیشــی هەیە لە دروســتکردنی کەســە دیارەکــانی

[1] نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٥- ٢٥٥.

ئەوروپاشـدا،[1] هەربـۆیە هـیچ نـامۆ نـیە کـاتێ بەرهەمە فیکرییەکـــانی ئەوروپـــا گەورە دەبـــن و ئەنجـــامی شۆڕشـــەکەیان دەچنـــنەوە ئەم پرۆســـەیەش نـــاوبنێن (Culture).

لە ڕووی ئەو ڕۆڵەش کە پێـــی هەســـتاوە بەرامـــبەر کۆمەڵگەکانی تر؛ کرۆکـی مانـا زمـانەوانیەکەی (Culture) دەکرێ بکرێتە لێکدەرەوەی هەمـوو ئەو سیاسـەتانەی کە مرۆڤی ئەوروپی پێی هەستاوە؛ بەوپێیەی کە ئەم مـرۆڤە هەوڵیـداوە بیروبـاوەڕ و ئاکـار و دامەزراوە و شـێوازی ژیـانی خـۆی لە نـاو ئەوانـی تـردا بچێنێت، ئەمەش تـاکو بتوانێت بەروبـوومی ئەو کۆمەڵگانە و هـزرە گەورەکـانی ببـات یـان ڕامـی بکـات، دەســت بە ســەر ســەرچاوە ئابوورییەکانیـدا بگرێـت بـۆ بەردەوامیـدان بە ڕەوڕەوەی ئابووری خۆی، سیستەمێکی سیاسی بهێنێتە کـایەوە، کە بەرژەوەنـدییەکانی خـۆی پـێ بپارێزێـت، سیســتەمێکی کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێت کە ئەوروپـا بکـاتە نمـوونەی چـاولێکراوی خـۆی، لێـرەوەش ئەم کۆمەڵگـانە دەبـنە بازاڕێکی باشی کاڵاکانی ئەوروپا.

[1] بڕوانە: مالک بن نبي، مشکلة الثقافة، وەرگێڕانی: عبد الصبور شـاهین، دمشق، دار الفکر، الطبعة الرابعة، ١٩٨٤م، ل٢٦.

**چەمکی (Culture) دوای وەرگێڕانی بۆ عەرەبی:**

هەر لە سەرەتای ئەو پەیوەندییە هزری و زانستیەوە – کە لە ماوەی دارِمانی جیهانی ئیسلامیدا ڕوویدا، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدە و بیستدا- کە لە نێوان جیهانی ئیسلامی و ئەوروپادا سەریهەڵدا؛ جوڵەیەکی وەرگێڕانی گەورە جیهانی ئیسلامی گرتەوە، لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک وشە و زاراوە لە مانا و سیاقی عەرەبی خۆیان دەرهێنران تاکو مانای وشەیەکی بێگانەی پێ دەرببڕدرێت بە هەموو ڕەهەند و لایەنە بینراو و نەبینراوەکانیەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە مانا عەرەبیە بنەڕەتیەکە بیرچووەوە و تەنیا ڕووکەشەکەی مایەوە، لەبریتی ئەوە مانا نوێیە بێگانەکە شوێنی گرتەوە، ئەم وەرگێڕانەش بەشێوەیەک نەکرا کە مانای دروستی وشەکە لە هەردوو زمانەکەدا ڕەچاو بکرێت، بەشێوەیەک لە عەرەبیدا وشەیەک هەڵبژێردرێت کە پڕاوپڕ مانای وشە ئەوروپیەکە بدات، یان لێوەی نزیک بێت، بەڵکو تەنیا مانای ڕووکەشی و بەکارهێنراوی ناو خەڵک ڕەچاو کرا، ئەمەش بووە هۆی سڕینەوەی مانای ڕاستەقینەی چەمکە عەرەبیەکە و مانا ئەوروپیەکە جێگەی گرتەوە، چەمکە عەرەبیەکەش تەنیا ڕووکەشەکەی مایەوە و مانا و ناوەڕۆکەکەشی هیچ پەیوەندی بە وشەکەوە نەما، هەر بۆیە هیچ نامۆ نەبوو توێژەران بۆ لێکۆڵینەوە لە بنچینەی ئەم چەمکانە ڕوو بکەنە سەرچاوە بێگانەکان، چونکە چوارچێوەی گشتی پێشکەوتنی هزر لە جیهانی ئیسلامیدا لەم دوو سەدەی دواییدا ڕۆژئاوایی بوو، ئەمەش بووە

هــۆی دوورخســـتنەوەی تـــوێژەران لە پشتبەســـتن بە ســـەرچاوە عەرەبـــی و ئیســـلامیەکان، چـــونکە مانـــای چەمکەکان عەرەبی نەبوون، هەرچەندە وشـەکان خۆیـان عەرەبی بوون.

لێرەوە، کـاتێ بـاس لە وەرگێڕانـی وشـەی (Culture) دەکەیـن بـۆ عەرەبـی، خۆمـان لە بەرامـبەر جۆرێـک لە تێکەڵـی و شـێواندن و بەڵکـو هەڵەشـدا دەبینیـنەوە، ئەم چەمـکە بـۆ دوو وشـــەی عەرەبـی وەرگێـڕدراون، کە نە هاومانان، نە نزیکیشن لە یەکەوە، جارێک بە ڕۆشـنبیری (ثقافـة) مانـا دەکرێـت و جـارێکیش بە ژیـار (حضـارة)، هەنـدێکجاریش بـۆ هەردووکیـان و دەوترێـت (Culture) بـــریتییە لە ژیـــار و ڕۆشـــنبیری (الحضـــارة و الثقافـــة) پـــێکەوە، ئـێمەش لە خـــوارەوە هەمـــوو ئەم بۆچوونـــانە تاوتوێ دەکەین.

### ١- ئاڕاستەی وەرگێڕانی (Culture) بۆ ڕۆشنبیری:

ئەم ئاڕاستەیە لای (سەلامە موسا) سەری هەڵدا، ئەو یەکەم کەســـە کە ئەم چەمـــکەی لە بەرامـــبەر (Culture) بەکارهێنـاوە و دەڵێـت: "مـن یەکەم کەس بـووم وشـــەی ڕۆشـــنبیری (الثقافـــة)م بڵاوکـــردەوە لە ئەدەبـی عەرەبـی نوێدا، ئەم وشـەیەش داهێنراوی مـن نیە، بەڵکو لە (ئیبن خەلـدون)م وەرگرتـووە، بینیم ئەو بە مانـایەکی نزیـک لە مانـــای (کەلتـــوور)ەوە بەکـــاری دێنێـــت، کە لە ئەدەبـــی ئەوروپیدا بڵاوە. (ثقافة) بـریتییە لەو زانیاری و ئەدەب و هـــونەرەی کە مرۆڤەکـــان فێـــری دەبـــن و خۆیـــانی پـــێ

ڕۆشنبیر دەکەن، هەندێ جار (ثقافة) لە پەڕتووکیشدایە، بەڵام تایبەتە بە لایەنی بیر و هزرەوە.

بەڵام ژیار (الحضارة)، لایەنی بەرجەستەکراوە، وەک ئامێرێکی داهێنراو، باڵەخانەی بەرزکراوە، سیستمێکی سیاسی و ئایینی پەیڕەوکراو. کەواتە ژیار (حضارة) لایەنی ماددی بەرجەستەکراوە و ڕۆشنبیری (ثقافة)ش لایەنی بیر و ئاوەزە.[1]

لێرەدا دەبینرێ کە (سەلامە موسا) شوێن قوتابخانەی ئەڵمانی کەوتووە کاتێک (Culture)ی بە لایەنی بیر هەژمار کردووە و (Civilization) یشی - کە پێ دەوترێ ژیار (حضارة)- بە لایەنی ماددی.

پاش سەلامە موساش هەموو ئەوانەی تر کە هاتن، شوێن پێی ئەویان هەڵگرت لە پێناسەکردنی وشەکەدا، هەرچەندە وشەی (الثقافة)ی عەرەبیان بەکاردەهێنا، بەڵام مەبەستیان مانا و ڕەهەندەکانی وشەی (Culture) بێگانە بوو، هەروەک ئەوەی ئەم وشەیە هەرچی ماناکانی وشەی (ثقافة)یە کۆی کردبێتەوە و لە شوێنی دانیشتبێت، هەرچەندە زۆربەی نووسەرانی عەرەب کاتێ چەمکی (الثقافة) بەکاردەهێنن هەوڵ دەدەن پێناسەی بکەن، بەڵام پێناسەکەیان لە ماناکانی وشەی (Culture) تێناپەڕێت، هەر بۆیە زۆر سروشتیە دەرکەوتنی ئەو دەنگانەی کە داوای گواستنەوەی ڕۆشنبیری (ثقافة)ی ڕۆژئاوا و

---

[1] سلامة موسى، الثقافة والحضارة، القاهرة: مجلة الهلال، (ديسمبر ١٩٢٧)، ل١٧١.

دەسبەرداربوون لە ڕۆشنبیری باوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دەکەن، بەو پێیەی کە یەکەمیان ڕێگای پێشکەوتن و گەشەسەندنە و دووەمیشیان ڕێگرە لێی، هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەی مانای چەسپاو بۆ ڕۆشنبیری (الثقافة) لە ناو بیری خەڵکدا بریتییە لە پێناسەی (Culture) بە هەموو ماناکانیەوە کە بانگەشە دەکات بۆ گواستنەوە و چاندن و بڵاوکردنەوە و جێبەجێکردنی ڕۆشنبیری نوێی ڕۆژئاوا لە لایەن کۆمەڵگە تەقلیدیەکانەوە، لەپێناو هەستانەوە و گەشەسەندندا، چونکە مێژووی مرۆڤایەتی بە شێوەی هێڵێکی ڕاست هەمیشە لە هەڵکشان و بەرەو پێشچووندایە، هەموو شتێکی کۆنیش خراپەیەکی لە هەناویدا هەڵگرتووە و هەموو نوێیەکیش باشەییەک. هەموو ئەم مانایانە سەرچاوەکەی ئەوەیە کە وشەی (الثقافة)ی عەرەبی مانای وشەی (Culture) ئەوروپی هەڵگرتووە.[1]

---

[1] بۆ نموونەی ئەم ئاڕاستەیە بڕوانە: د. طاهر لبیب، سەرچاوەی پێشوو، ل٦- ٧. د. معن زيادة، الموسوعة الفلسفية، ل٣١٠- ٣١٢. سلامه موسى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١- ١٧٤. د. محمد حسين هيكل، رجال التأريخ الحديث في مصر، ڕۆژنامەی (السياسة الأسبوعية). محمود عزمی، ظروف إنشاء الجامعة وأغراضها، ڕۆژنامەی (السياسة الأسبوعية)، ژمارە ٥١، ٢٦ فبراير ١٩٧٢. طه حسين، مستقبل الثقافة فى مصر، هەروەها سەرجەم بەرهەمەکانی طه حسين و لطفى السيد و سلامة موسى و فارس نمر و يعقوب صروف و شبلى الشميل وحقى العظم و ميشال لطف الله و جميل مردم و زۆرینەی بیرمەندانی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو. هەروەها لە فەرهەنگە عەرەبیەکانیش بڕوانە:

## دووەم: ئاراستەی وەرگێڕانی (culture) بۆ وشەی ژیار (حضارة)ی عەرەبی:

بەکارهێنانی وشەی ژیار (حضارة)ی عەرەبی لە بەرامبەر (culture)ی ئینگلیزیدا لای زانایانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی عەرەب، کاتێک دەرکەوت کە دانراوە ئەوروپییەکان لەم دوو بوارەدا وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، لێرەوە وشەی (الحضارة) بڵاوەی کرد و مەبەستیش لێی (culture) بوو بە مانا ئەوروپییەکەی، بۆیە دەبینین ئەوانەی دانراوەکانی کلاید کلۆکهۆن و رالف لنتۆن و لویس مۆرگان و جوردن چالید و.... یان وەرگێڕا، وشەی (culture) یان بە ژیار (الحضارة) لێکدایەوە و وشەی (civilization)یشیان بە شارستانی (المدنیة) مانا کرد، لە هەردوو باریشدا مانای چەسپاو بۆ دوو چەمکەکە مانا ئەوروپییەکەی بوو، نەک مانا ڕەسەنە عەرەبییەکە.[1]

---

مجمع اللغة العربیة، القاهرة، مجموعة المصطلحات العلمیة والفنیة التی أقرها المجمع، بەرگی ١٩، القاهرة، ١٩٧٧. مجمع اللغة العربیة، القاهرة، معجم علم النفس والتربیة، بەرگی یەکەم، ١٩٨٤. مجدی وهبة، کامل المهندس، معجم المصطلحات فی اللغة والأدب، بیروت: مكتبة لبنان، ١٩٧٩م، تێبینی دەکرێ ئەمان پێناسەی (culture)یان لە فەرهەنگی (ویبستر)ەوە وەک خۆی هێناوە. مراد وهبة وآخرون، المعجم الفلسفي، القاهرة: دار الثقافة الجدیدة، ١٩٧١.

[1] بۆ نموونەی ئەم ئاراستەیە بڕوانە: وەرگێڕانەکەی د. شاکر مصطفی بۆ پەڕاوەکەی کلاید کلوکهون (سەرچاوەیەکی پێشووە). وەرگێڕانەکەی د. عبدالرحمن اللبان بۆ پەڕاوەکەی رالف لنتون (سەرچاوەیەکی

لەو دوو ئاڕاستەیەی سەرەوە بۆ بەکارهێنانی چەمکی (الثقافـة)دا، وا دەردەکەوێت کە هەردوو لا مەبەسـتیان لە وشەکە مانـا عەرەبیەکەی نیە، بەڵکو ئەو مانـایەیە کە بە درێژایی مێژووی پێشکەوتنی بیری ئەوروپی پەیدا بووە، هەر بۆیە ئەو ئاڕاستەیەی کە وشەی (ثقافة) لە بەرامـبەر (culture) بەکاردێنێـت کارەکەیـان باشـترە، تـاکو بـۆ خـوێنەری ڕوون بـکەنەوە کە مەبەسـتیان لە وشـە عەرەبـیەکە هەمـوو ئەو مانایـانەیە کە وشـە ئەوروپـیەکە هەڵیگرتووە.

## سێیەم: مانای عەرەبی ڕەسەنی چەمکی ڕۆشنبیری (الثقافة):

بـۆ تێگەشـتن لە چەمکـی (الثقافـة) لە زمـانی عەرەبیـدا پێویسـتە بگەڕێیـنەوە بـۆ فەرهەنـگە کۆنەکـان، چـونکە بەکارهێنانی باوی ئەم چەمکە لەم دوو سەدەیەی دواییـدا بـاڵی کێشـاوە بەسـەر مانـا ڕەسـەنە عەرەبیەکەیـدا و زۆرێک لە ڕەهەندەکانی سڕیوەتەوە، بۆیە مانـایەکی دوو ڕەگ بۆ ئەم چەمکە دروستبووە، تەنـانەت لای ئەوانەش کە چوارچێوەیـان عەرەبـی و ئیسـلامیە و لە سـەرچاوە عەرەبـیە ڕەسـەنەکاندا تـوێژینەوە و گەڕان دەکەن. هەر بـۆیە دەبینـین ئەو پێناسـانەی بـۆ ئەم چەمـکە دەکرێـت،

---

پێشووە). وەرگێڕانەکەی أحمد شیبانی بۆ پەڕاوەکەی ئەزوالد شبنجلر، تـدهور الحضـارة الغربیـة، بیـروت: دار مکتبـة الحیـاة، ١٩٦٤. د. فـؤاد زکریـا، الإنسـان والحضـارة في العصـر الصـناعي، القـاهرة: مرکـز کتب الشرق الأوسط، ط١، ١٩٧٥م.

سەرەتا و زۆر بە کەم و کورتی مانا ڕەسەنە عەرەبیەکە باس دەکەن و کتوپڕ دەگوازنەوە بۆ مانا ئەوروپیەکە، بەبێ شیکردنەوەی مانا ڕەسەنەکە و ئەوەی کە لێی وەردەگیرێ، باسکردنی بنچینە عەرەبیەکەش تەنیا بۆ سەلماندنی ئەستۆپاکی نووسەرە بەوەی کە وابەستەیە بە زمان و کەلتووری خۆیەوە، ئەگینا لای وایە عەرەبی جگە لە کۆمەڵێک وشەی مردوو هیچی تری پێشکەش نەکردووە، یان ئەم کارەیان تەنیا بۆ شەرعیەتدانە بە مانا و دەلالەتە ئەوروپیەکانی وشەکە بە باسکردنیان لەگەڵ بنچینە عەرەبیەکەدا، تا وا نیشان بدرێت کە لە عەرەبیەکە وەرگیراون و نامۆ نین، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ سڕینەوەی مانا ڕەسەنەکان و دانانی ئەوروپیەکە لە شوێنی لە پرۆسەیەکی هێواشدا، تا پەسەندی و ڕەوایی وەربگرێت.

بۆ نموونە، (المعجم الوسیط) کە دانراوی کۆڕبەندی زمانی عەرەبیە لە میسر، لە مانای وشەکەدا بەوە دەستپێدەکات کە بنچینەی ڕەسەنی چەمکی (الثقافة)، لە (ثَقِفَ) وەرگیراوە کە بەمانای (هَذَّب) –پاککردنەوە و پاڵفتەکردن– دێت، پاشان یەکسەر دەچێتە سەر پێناسەی (الثقافة)، کە بریتییە لەو زانست و زانیاری و هونەرانەی کە پێویستە باش بزانرێت.[1]

[1] مجمع اللغة العربیة، القاهرة، المعجم الوسیط، بەرگی ١، ل٩٨. هەروەها بۆ زیاتریش دەربارەی ئاڕاستەیە بڕوانە: د. جمیل صلیبا، المعجم الفلسفی، ل٣٤٦. المنظمة العربیة للتربیة والعلوم الثقافة، الخطة الشاملة للثقافة العربیة. د. یوسف نور عوض، المقومات الاسلامیة

به گەڕانەوە بۆ مانا ڕەسەنەکانی چەمکی (الثقافة)، دەتوانین لە ڕەهەندەکانی وشەکە بگەین، لەوەش تێبگەین کە ئایا لە چەمکی (Culture)وە نزیکە، یان دوورە؟ یان چەندێک لەو مانایەوە نزیکە کە ئەمڕۆ بۆ چەمکەکە باوە.

(ثقافة) لە (ثقف) وەرگیراوە، کە بە مانای شارەزابوون و تێگەشتن و پێهەستان و دەستخستن دێت، هەروەها بە مانای زیرەکی و بوونی زانیاری دەربارەی ئەو شتەی کە پێویستە. هەروەک بە مانای پوختەکردن و ریککردن و ڕێکخستن و ڕێککردنەوەی دوای چەمینەوەش دێت.[١]

لەم واتایانەوە دەتوانین ڕەهەندەکانی چەمکەکە و ماناکانی دیاری بکەین و لەوە تێبگەین کە (ثقافة) لە عەرەبیدا کۆمەڵێک ڕەهەندی لەخۆگرتووە، کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەی پێدەکەین:

١ـ ڕۆشنبیری (الثقافة) لە زمانی عەرەبیدا لە خودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت و لە دەرەوە ناچێنرێت تیایدا، وشەکە بە مانا پاککردنەوەی سروشتی مرۆڤ و ڕاستکردنەوەی لاریەکانی و پاشان هاندانی بۆ دەرخستنی توانا شاراوەکانی، لەپێناو گەشپێدانی ئەو زانیاریانەی کە مرۆڤ پێویستیەتی.

---

للثقافة العربية، بيروت: دار القلم، ل٥- ٧. مجمع اللغة العربية، القاهرة، المعجم العربي الأساس، مادة (ثقف).

[١] بڕوانە: لسان العرب، ب: ١، مادة: (ثقف)، القاموس المحيط، ب: ٣، مادة (ثقف).

٢ـ ڕۆشـنبیری (الثقافـة) لە عەرەبیـدا واتـای گەڕان و کنەکـردن و دەستخسـتنی مانـای ڕاسـتی و چـاکە و دادپەروەری و هەمـوو ئەو بەهایـانەیە کە مـرۆڤ چـاک دەکـات و پـاڵفتەی دەکـات و لاریەکـانی ڕێـک دەکـاتەوە، چەمکێکە هەموو دەرگاکانی عەقڵی مرۆڤ بۆ زانیـاری و زانستی بەسوود دەخاتە سەرپشت، ڕێگە نـادات زانیـاری و بەهـایەک بێـتە ژوورەوە لەگەڵ ڕێککـردنەوە و ڕێکخسـتنەوەی مـرۆڤ یەکنەگـرێتەوە و بـوونی مـرۆڤ تێکبدات.

٣ـ ئەم چەمکە لە بـواری زانیاریـدا جەخـت دەکـاتەوە سەر ئەو زانیاریانەی کە مرۆڤ بەگوێرەی ژینگەکەی و کۆمەڵگەکەی پێویستیەتی، نەک هەموو جۆرە زانیـاریەک، هەروەک ابـن منظـور دەڵێـت: "دەوتـرێ فـلان کەس (لقِـنٌ مثقــف)، واتە: هۆشــیار و زیــرەکە، مەبەســتیش لێــی زیرەکیەکی چەسپاوە دەربـارەی ئەو شـتانەی کە مـرۆڤ پێویسـتیەتی"[1]. ئەمەش چەمکـی (ثقافـة) دەبەسـتێتەوە بە شـێوازی ئەو کـۆمەڵگەیەی کە مـرۆڤ تیایـدا دەژی، نەک تەماشـاکردنی کەلتـوورە جیاوازەکـان بە پێـوەری یەک کەلتووری دیاریکراو وەک چۆن لە چەمکی (culture) دا بەدیـدەکرێت، کە وەسـتاوە لەسـەر چانـدن و زاڵکردنـی تەنیا کەلتوورێک بەسەر ئەوانی تردا. وشە عەرەبیەکە وا دەگەیەنێـت کە مـرۆڤ بە ڕۆشـنبیر دادەنرێـت کاتێـک زانیاری چەسپاو و پێویستی هەبێت بەو کات و کۆمەڵگە

---

[1] لسان العرب، ب: ١٠، مادە ثقف.

و ژینگەیەی تیایدا دەژی، بۆیە ڕۆشنبیر لێرەدا زۆر پەیوەستە بە کۆمەڵگەکەی و ئاریشەکانیەوە، بەبێ گوێدانە بڕی ئەو زانیارییانەی کە لە بیریدا کەڵەکەبوون کە ڕەنگە کۆمەڵێک زانیاری مردوو یان بکوژبێت وەک مالک بن نبی دەڵێت، چونکە مەبەست لە ڕۆشنبیری تێگەشتنە لە سروشتی ئاریشەکانی کۆمەڵگە و چاککردنی، کاری ڕۆشنبیریش ڕێکخستنی ژیان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەیە بەرەو چاکە و هێز و باشترکردنی باری خەڵک، کەواتە کاری ڕۆشنبیر چاککردنە،[1] یان وەک (غرامشی) پێی دەڵێت: ڕۆشنبیری ئەندام و پەیوەست، پەیوەستیەکی بەهێز بە کۆمەڵگە و پرسەکانی، بەڵام ڕۆشنبیری بەمانای تەنیا وەرگرتنی زانیاری و عادەت و بەها و... هتد، ئەم جۆرەیان یان سەردەکێشێت بۆ دەرکەوتنی جۆرێک لە ڕۆشنبیر کە پاشکۆیە بۆ شارستانیەتێکی تر و کۆمەڵگەکەی خۆی وێران دەکات لە پێناو جێبەجێکردنی ئەوەی کە باوەڕی پێیەتی و بە ڕاستییەکی ڕەهای تێدەگات، بەبێ تێگەشتن لە بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆی؛ یان دەبێتە دەفرێک بۆ کۆمەڵێک زانیاری کەڵەکەبووی دژ یەک.

٤ـ (ثقافـة) پرۆسەیەکە بەردەوام نوێ دەبێتەوە و کۆتایی نایەت، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵگەیەک یان تاکێک هێندە زانیاری و زانست و بەهای

---

[1] بڕوانە: د. علی شریعتی، العودة الی الذات، وەرگێڕانی: ابراهیم الدسوقي، القاهرة: الزهراء للإعلام العربي، ط١، ١٩٨٦، ل٥٥.

دەستخستووە گەیشتووەتە لوتکە و ئەوپەڕی مەبەست، بەڵکو پوختەکردن و ڕێککردنەوە واتا نوێبوونەوەی زاتی و بەخۆداچوونەوەی دووبارە و چەندبارە و ڕێککردنەوەی خواریەکان بەبێ وەستان.

٥ـ چەمکێکە لە ناواخنی خۆیدا هیچ هەڵسەنگاندنێک لەخۆناگرێت بۆ جۆری ڕۆشنبیرییەکان، کە ئایا دواکەوتوو وەحشیە، یان پێشکەوتوو گەشاوەیە، چونکە چەمکی پوختەکردن و ڕێککردنەوە هەموو ڕۆشنبیرییەکان بە پێوەری کۆمەڵگەکانی خۆیان دەخاتە یەک پلەی مرۆڤایەتیەوە.

٦ـ چەمکێکی سنووردار و تایبەتمەند نیە، تاک و کۆمەڵ و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هەموو جۆرەکان و پلە جیاوازەکانی چالاکی مرۆڤ دەگرێتەوە، لە هەر شوێنێکدا بەکاربێت مانای خۆی دەدات، تا ئەو کاتەی ئامانجی پاڵفتەکردن و ڕێککردنەوە بەدیبێنێت.

## چوارەم: بنچینەی چەمکی (Civilization):

بنچینەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Civites) کە بەمانا شار دێت، (Civies)یش مانای شارنشین دەگەیەنێت، (Civilis) بە واتای شاریی، یان ئەوەی کە پەیوەندی بە دانیشتوی شارەوە هەیە.[١] (Citizen) ئەو وشەیەیە کە هاوڵاتی ڕۆمانی پلە باڵای پێدەناسرایەوە و جیادەکرایەوە لە هاوڵاتی ئاسایی و پلە

---

[١] Edwards, Op. cit, p ٢٧٣

نــزم.[1] بەڵام داتاشــراوی (Civilization) تــا ســەدەی هەژدە بەکارنەهــات و بــوونی نەبــوو، ڕەنــگە یەکەم کەسـیش کە لە پەڕاوێکـی بڵاوکـراوەدا بەکـاری هێنابێـت (دی میرابۆ) بێت لە پەڕاوی (صديق الرجال أو مقال في السكان) (هاوڕێی پیاوان و وتەیەک لەسەر دانیشتوان)دا، کە لە ســـاڵی (١٧٥٧ز) چـــاپکراوە، لەم پەڕاوەدا ئەوە سەلماوە کە ئەم وشەیە لە سەرەتادا و تا ماوەی پەنجا ساڵ و زیاتریش مانایەکی جیاوازی هەبووە لەو مانایەی کە (ئشـبنجلەر و تـۆبینی) و کەسـانێکی تـر پێیـان داوە، میرابـو مەبەسـتی خـۆی لە وشـەکە لە پەڕاوێکـی تـردا بەنــاوی (هــاوڕێی ئافرەتــان یــان وتەیەک لەســەر شارســتانی) ڕوون دەکــاتەوە، کە لە ســاڵی (١٧٦٦ز) نووســراوە، -تەنیــا یەک وێــنەی دەستنووســی هەیە لە مۆزەخـانەی نیشـتیمانی پـاریس-،[2] لەم پەڕاوەدا میرابـۆ دەڵێـت: "(Civilization) بـریتیە لە گەلێـک کە دەروون و ئاوەدانی و زانستیان نەرم و ناسک بێت، بەشـێوەیەک کە ڕەچاوی سوودی گشـتی تێدا بکـات و ڕێگـا خـۆش بکـات بۆ یاسای جیاوازییەکـان، (Civilization) هـیچ شـتێک بە کـۆمەڵگە نابەخشـێت ئەگەر ڕوخسـار و نـاوەڕۆکی بەهـا باڵاکانی تێدا نەچێنێت، بۆیە چەمکی مرۆڤایەتی لە کرۆکی

---

[1] Wuener(ed) op. cit, p٦١٣

[2] جـون نيـف، الأسـس الثقافيـة للحضـارة الصـناعية، ترجمـة: د. محمـود زايد، بيروت: دار الثقافة، (١٩٦٢م)، ل١٢٧، تێبینی دەکرێت لەم پەڕاوەدا وەرگێــڕ وشــــەی (الحضـــارة)ی لە بەرامـــبەر (Civilization)دا بەکارهێناوە. هەروەها بڕوانە: د. الطاهر لبيب، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

ئەو کۆمەڵگایانەوە هەڵدەقوڵێ کە خەڵکەکەی سەرجەم ئەو ڕەگەزانەی تێدا بێت کە پێشتر باسکران".[١]

ئەم وشەیە لەو سەردەمەدا زۆر بڵاو نەبووەوە، بەهۆی ئەوەی دکتۆر (جونسون) ڕەتیکردەوە بیخاتە ناو فەرهەنگەکەیەوە لە ساڵی (١٧٧٢ز)دا، هەرچەندە (بوزول Beswell) زۆر هانیدا ئەو کارە بکات، بەڵام ئەو هەر وشە کۆنەکە ((Civility پێباشتر بوو، چونکە –ڕێک وەک وشەی Urbanity– مانای بەکەمزانینی کەسی لادێی دەگەیەنێت لە لایەن شاریەوە.[٢]

وا دەردەکەوێت ئەوانەی بۆ بۆ یەکەمجار ئەم وشەیەیان بەکارهێناوە مەبەستیان تێکەڵەیەک بووە لە کۆمەڵێک ئاکار و سیفاتی ڕۆحی کە بەرجەستە بووە لە ژیانی مرۆڤی ئەوروپیدا، وەک ئەدەب و پاکی و نەرمونیانی و هاوسەنگی و خۆگری لە کردار و گوفتار و بیردا، ئەم ڕەگەزانە وەک –میرابو دەڵێت– بووە هۆی لەدایکبوونی ئەو مانایەی مرۆڤایەتی کە کرایە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەز و گەلان و تەنانەت شێوازی پەرستشە ئاینیەکانیش.

ئەوروپیەکان وشەیەکی نوێیان داتاشی، چونکە ئەوان پێیانوابوو باس لە حاڵەتێکی نوێ دەکەن، لەبەر ئەوەی بیری ڕێککردنەوەی هەڵسوکەوت – بە ڕای (ڕۆبنسۆن)– لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا سەری

---

[١] جون نیف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

[٢] جیمی هارڤس روبنسون، الحضارة، ترجمة: علی إسلام، القاهرة، مطبعة مصر، ١٩٦٥م، ل٨.

هەڵـــداوە، جـــا ئیتـــر وشـــەی (Civilization)یـــان بەکارهێنابێت یان نا، بەڵام زۆرینەی بیرمەندانی ئەوروپا، وەک: میرابۆ و ئادەم سمث و جیبونۆ، تەنانەت بیرمەندە گەورەکـانی پـێش ئەوانـیش، وەک: دوفـو و مۆنتیسـکۆ و ڤـــولتێر؛ پێیـــانوابوو کە ئەوروپیەکـــان لە هەمـــوو سـەردەمێکدا لە کەمـاڵ و تەواویەوە نزیکتـرن لە هەمـوو گەلانی تر.[1]

پـێش باسـکردنی ئەو پێناسـە جیـاوازانەی کە بـۆ چەمکــی (Civilization) کــراوە، پێویســتە باســی ئەو مانایانە بکەین کە لە چاوگی ئەم وشـەیەوە وەردەگیـرێن، چونکە ئەم وشەیە لە (Civitas)وە وەرگیراوە کە بە مانـا شـار دێـت، هەر بـۆیە داتاشـراوەکەش مانـای چـاوگەکە هەڵـدەگرێت، بـۆیە مەبەسـتی ئەم وشـــەیە لە دەوری شێوازی ژیانی شـار و هەمـوو ئەو بەهـا و هەڵسـوکەوت و سیسـتەم و دامەزراوانە و....هتـد دەخـولێتەوە، کە لە شاردا ڕەنگ دەدەنەوە، هەربۆیە پێویسـتە سـەرەتا بـاس لە مانـای چەمکـی (شـار) بکەیـن، کە کرۆکـی وشـەی (Civilization)ە، هەرچەنـــدە ئەم وشـــــەیەی دووەم گەشـەی کردووە و کۆمەڵێک مانـای تریشـی وەرگرتـووە، بەڵام ماناکانی وشەی شار (المدينة) هێشتا بەرجەستەیە تێیدا.

(لامبارد)، گەشەکردنی شار لە ئەوروپا دەکات بە سێ قۆناغەوە:

---

[1] جون نیف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨، ١٢٩.

١ـ قۆنـاغی شـاری پـێش پیشەسـازیی: کە بنـاغەکەی لەسەر دادگا، یان کاتدرائی، یان شـوورا، یان بـازاڕ، یـان جێگـای لەنـگەری کەشـتی، یـان هەمـوو ئەمـانە پـێکەوە پێکهاتووە.

**٢. قۆناغی شاری پیشەسازیی.**

٣. قۆناغی شـاری دایک (میتـرۆ پۆلیتـان): شـارێکە کە لە ڕووی پیشەسـازییەوە فـراوانە و دەوڵەمەنـدی تێیـدا زۆرە و هەیـمەنەی بـۆ دەرەوەی سـنووری خـۆی درێـژ بووەتەوە.[1]

لە خـوارەوە بە درێژتـر باسـی هەر سـێ قۆنـاغەکە و تایبەتمەندییەکانیان دەکەین:

**١- قۆناغی شاری پێش پیشەسازیی:**

لە ئەوروپادا شار لە سـەردەمی یۆنـانەوە پەیدا بـووە و پێیـانوتووە (Polis)، کە پێکهـاتەی کۆبـوونەوەی کۆمەڵێـک گونـد بـووە لە یەکەیەکـی یەکگرتـوودا، بەشـێوەیەک پێداویسـتیەکانی خـۆی پڕکـردۆتەوە و ژیـانێکی خۆشـی بـۆ تاکەکـانی دەسـتەبەر کـردووە، یەکەیەکی سیاسـی تەواو بـووە و سیسـتەمێکی سیاسـی سەربەخۆشی هەبووە، هەربۆیە کاتێ (ئەرستۆ)ش دەڵـێ: مـرۆڤ بە سروشـتی خـۆی بـوونەوەرێکی شـارییە، مەبەسـتی کـۆمەڵێکی سیاسـی بـووە کە لەناویـدا بـژی و

---

[1] د. عبد المنعم شوقي، مجتمع المدينة، الاجتماع الحضري، (عرض الكتاب)، الفكر العربي، ژ: ٣٠، دیسەمبەری ١٩٨٣، ل١٣٦، ١٣٧.

بیکاتە پەناگەی خۆی، مرۆڤێک کە بەبێ کۆمەڵەیەک بژی، یان ئاژەڵە یان خواوەند.[1]

(فوستیل دی کولانج) گەشەسەندنی شاری یۆنانی دەگێڕێتەوە بۆ هۆکاری ئاینی، ئاین و پەرستشەکان ئەو هۆکارەبوون کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیان پێویستکرد.[2] بە فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی شارەکان دەرکەوتن و گەشەیانکرد، هۆکارەکەشی ئاینی، یان ئابووری، یان سەربازیی، یان بازرگانی، یان....هتد بوو، لەگەڵ هاتنەناوەوەی مەسیحیەتیش بۆ ئەوروپا گەشەسەندنی شاری ئەوروپیش زیاتر پەیوەست بوو بە ئاینەوە، شارەکان وەکو بنکەیەکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی ئایندا بەکاردەهێنران؛ هەموو (ئەبرشیەک) ناوچەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو لە هەموو شارێکدا، ئەویش سەر بە (کاتدرائیە)ی گەورەی شارەکە بوو، پەیوەندی بەردەوامیش لەنێوان ئەبرشیە و کاتدرائیەکەدا هەبوو، گۆڕانی مانای وشەی (Civilas) لە سەرەتای سەدەی نۆزدە تیشکێکی گرنگی خستە سەر ئەم خاڵە، وشەکە بوویە هاوواتای شاری ئەسقوفی.[3]

لەسەرەتای دروستبوونی جەنگی ئیسلامی و مەسیحیەوە شارەکانی ئەوروپا لە پاڵ سروشتە

---

[1] د. دولت خنافر، المدينة الاغريقية بين الواقع والمثال، مجلة الفكر العربي، ژ: ٢٩، نوڤەمبەری ١٩٨٣، ل٣٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

[3] هنری بيرين، أصول المدينة، وەرگێڕانی: محی الدين صبحی، گۆڤاری الفكر العربي، ژ: ٢٩، نوڤەمبەری ١٩٨٣، ل٩٢، ٩٣.

ئاینیەکەیانـدا سروشـتێکی سـەربازی و بازرگانیشـیان وەرگرت، بە هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست ڕۆڵی شارەکان پاشەکشەیان کرد، ئاستی ژیان دابەزی، بازرگانی لاواز بـوو، دەرەبەگـایەتی بـاڵی کێشـا، ئەوروپـا چـووە نـاو سـەردەمانێکی چەقبەسـتووەوە کە لەو مـاوەیەدا هـیچ چالاکیەک نەبوو، کۆچیش لە دەرەوەی شارەوە بۆ ناو شار کەمبووەوە،[1] بارودۆخ بەمشێوەیە مایەوە تا هاتنی سـەردەمی پیشەسـازیی ئەوروپـی لە سـەدەی شـازدە و حەڤدەدا.

## ٢- قۆناغی شاری پیشەسازیی:

شۆڕشـی پیشەسـازیی لە ئەوروپـادا بـووە هـۆی بـازدانێکی گەورە لە دەرکەوتنـی شـارەکان و پێشـکەوتنی پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئابوورییەکانـدا، پیشەسازیی بووە هۆی دەرکەوتنی شـارو فراوانبوونی، بە هـۆی ئەوەی کە کـۆمەڵێکی زۆر کرێکـار و ڕێکخـەر و هـونەری و —دوای ئەوەی لە گونـدەوە کۆچیـانکرد بـۆ شـار- پـێکەوە کۆبـوونەوە، شارنشـینی بـوویە هـۆی بەرزکـردنەوەی ئاسـتی ژیـان و باشـترکردنی بـاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان.[2]

---

[1] د. ماري فرانس جنابزى، تطور المدينة الغربية بين القرن الحادي عشر والقرن الثالث عشر، مجلة الفكر العربي، ژ: ٢٩، نۆڤەمبەری ١٩٨٣، ل٩٨- ١٠٥.

[2] ج. هـ كول، المدخل الى التأريخ الاقتصادي، القاهرة، سلسلة اخترنا لك، ژ: ١٠١، ل٥٨- ٦٠. ماكس ڤيبەر، المدينة، معناها وشروطها، ترجمة: رضوان السيد، الفكر العربي، ژ: ٢٩، نۆڤەمبەری ١٩٨٣، ل٨- ١٠.

شـــاریش بــووه پــێگەی ئــابووری ســەرمایەداریی بە هەمـوو لـێکەوتە کـۆمەڵایەتی و سیاسـیەکانیەوە، چـونکە شار پێکهاتەیەکە لە دەسەڵاتی سیاسـی و بـازاڕ و کـارگە و شـــانۆ و ڕێگاوبـــانی فـــراوان و باڵەخـــانەی گەورە و خوێنـدنگە و زانکـۆ و خێزانـی لێکهەڵوەشـاو و پەیوەنـدی بەرژەوەنـدیخوازی و ...هتـد. بـۆیە (ئەشـبلەنجەر) پێیـوایە ئێمە ناتوانین لە مێژووی سیاسی و ئابووری تێناگەین تا ئەوە نەزانـین کە شـار کـاتێ جیـابووەوە لە گونـد و بـویە هـۆی چۆڵبـوونی؛ ئەمە وایکـرد کە ڕەوڕەوەی مێـژووی نـوێ لەگەڵ شـاردا یەکبگـرێتەوە، بـۆیە مێـژووی جیهـان بریتیە لە مێژووی شار.[1]

## ٣- قۆناغی شاری دایک (میترۆپۆلیتان):

ئەم قۆناغە کۆتا قۆنـاغی گەشـەکردنی شـارە، ئەویـش پـــاش فراوانبـــوونی ســـەرمایەداری و پێشـــکەوتنی تەکنەلـۆجی و دەرکەوتنـی کۆمپانیـا نێودەوڵەتیەکـان و ڕێکخـــراوە جیهانیەکـــان و ئەو ســـەنتەرانەی کە بـــوونە هۆکاری پێکەوەبەستنەوەی شارە جیاوازەکانی جیهان بە شـــاری دایـــکەوە. لەم شـــێوازە نـــوێیەی دوای شـــاری پیشەسـازییدا پەیوەنـدییەکی توونـدوتۆڵ دروسـت بـوو لەنێوان شـاری دایک یـان ناوەنـدو و شـارە پاشـکۆکاندا، ناوەنـدەکان شـارە ئەوروپیەکـان بـوون و پاشـکۆکانیش شـــارەکانی جیهـــانی ســـێیەم، شـــاری ناوەنـــد شـــوێنی

---

[1] ئەزوالد شبنجلر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦، ٣٦٧.

سەرکردایەتی و ڕێنمایی زانستی و سیاسی و ئابووری و بەها و بەڵکو تەنانەت بیروباوەڕیش بوو بە مانا گشتییەکەی، ئابووری دنیای دەرەوەی ئەوروپا لە ناوەندە گەورەکانی ئەوروپاوە بەڕێوە دەبرا، کێشە سیاسییەکانیشیان هەر لەوێوە چارەسەر دەکرا، دامەزراوە گەورە زانستیەکان لە شارە ئەوروپیەکاندا بوون. هەر بۆیە شێوازی شاری (ئەسینا)ی یۆنانی دووبارە کرایەوە، ئەسینا لە سەردەمی خۆیدا بوو بووە (Metropole)،[١] شاری دایک بۆ دە شاری تری ئاسیای بچووک، چونکە ئەم دە شارە ئاگری پیرۆزیان لەوێوە هێنابوو، بۆیە ئەم شارانە خوای ئەسینایان دەپەرست و لە جەژنەکانی ئەودا ئاهەنگیان دەگێڕاو هەموو ساڵێکیش نوێنەریان دەنارد بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی ئەوێدا، ئەو شارانەش لە ناوخۆیاندا بە خوشک دادەنران، چونکە لە یەک دایک بوون.[٢]

ئەو وێنەیەی یۆنان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە؛ بە وردبوونەوە لە پەیوەندی پایتەختەکانی دەرەوەی ئەوروپا – لە ئاسیا و

---

[١] (Metropole) بۆ شاری دایک وەردەگێڕدرێت و بە (Metropolis) بە پایتەخت، پایتەخت ئەو شوێنەیە کە سەرۆکەکان لێی نیشتەجێ دەبن و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکانیش لەوێوە دادەنرێن، وەک: بەغداد و دیمەشق و قاهیرە. بڕوانە: الشيخ طه الولی، المدينة فی الاسلام، مجلة الفكر العربي، ژ٢٩، نۆڤەمبەری ١٩٨٣، ل١٢٩.

[٢] فوستیل دی کولانج، المدينة العتيقة، کورتکردنەوەی: د. ئەلبیر نصری نادر، الفكر العربي، ژ٢٩، نۆڤەمبەری ١٩٨٣، ل٥٩.

ئەفریکا و ئەمریکای لاتین-، بە پایتەختەکانی دایکەوە، وەک: واشنتۆن و لەندەن و پاریس و ڕۆما و موسکۆ و پەکین، ئەوە دەردەکەوێت کە وێنەکەی ئەسینا لە ناوەڕۆکیدا دووبارە دەبێتەوە، ئەمە سەرەڕای پەیوەندی شارەکانی فرانکوفون بە پاریسەوە، کومنولث بە لەندەنەوە، لە ڕابردووشدا پەیوەندی شارە ئیشتیراکیەکان بە مۆسکۆوە.

ئەگەر ئەمە وێنای شار و چۆنێتی ژیان و پەیوەندیەکانی بێت، دەبێ مانای وشەی (Civilization) چی بێت کە لەو وەرگیراوە؟ دەبێ هیچ پەیوەندیەک هەبێ لەنێوان شار و ئەو وشەیەی کە لێی وەرگیراوە؟ ئایا پەیوەندیەکە تەنیا لە وشەدایە و بەس، یان ناوەڕۆکەکەی ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیانی شاری ئەوروپی و دامودەزگاکانی و جۆری پەیوەندیەکانیەتی و ئەو ژیانە باڵایە کە پێویستە هەموو گەلانی تر هەوڵی بۆ بدەن؟

(جون نیف) باس لە وشەی (Civilization) دەکات لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە لە بیری ئەوروپیدا و دەڵێت: "ئەو مانایەی کە لە بنەڕەتدا بۆ (Civilization) دانراوە سەرەتایەکمان دەربارەی بڵاوبوونەوەی پیشەسازی پێدەڵێت، وشەکە بەم مانایەی ئێستای لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەدا بوونی نەبووە، ئەگەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەشدا کەمێک دەردەکەوتبێت ئەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە: بەباشزانینی ئەوروپیەکان بۆ ئابووریەک کە گرنگی بە جۆرایەتی دەدا

که له سەدەی حەڤدە و هەژدەدا بڵاو بوویەوە- بە یارمەتی پیشەسازیی هونەری تازە- شێوازی ژیان لە ئەوروپادا گۆڕا، خەڵکی ئارەزوویان لە خۆشگوزەرانی بوو، وەک: بۆیاخکردن و ڕازاندنەوە و پاککردنەوەی خانوو، گرنگیدان بە مۆسیقا، دەرکەوتنی یانەی کۆمەڵایەتی و ئەوەی کە بەدوایدا هات لە ئاستێکی بەرزی ئاکاری جوان لە ژیاندا کە کۆمەڵێک کەس یەکەمجار بوو لە مێژوودا پێی بگەن و ژمارەشیان کەم نەبوو.[1]

بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئەوروپی کۆمەڵێک پێناسە بۆ ئەم چەمکە دەرکەوتن کە جیاوازبوون لە ڕووکار و ناوەڕۆکدا، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیانی شاری ئەوروپییە، بۆ نموونە (ۆل دیورانت) لە پێناسەی (Civilization)دا دەڵێت: "سیستەمێکی کۆمەڵایەتیە یارمەتی مرۆڤ دەدات بەرهەمی ڕۆشنبیری خۆی زیاد بکات. (Civilization) لە چوار ڕەگەز پێکدێت: سەرچاوە ئابوورییەکان، سیستەمە سیاسییەکان، چاولێکەریە ڕەوشتیەکان، بەدواداچوونی زانست و هونەر. (Civilization) لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە دڵتەنگی و شڵەژان کۆتاییان دێت، چونکە هەرکات مرۆڤ لە ترس ڕزگاری بوو؛ هاندەرەکانی داهێنان و بنیاتنان لە ناخیدا ڕەها دەبن و

[1] جۆن نیف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣- ٢١٦.

وای لێدەکەن کە هەمیشە بەرەو پێش بڕوات لە تێگەشتن و گەشەدان بە ژیانی".[1]

بیرمەندانی ئەڵمانیش- بەتایبەت ڕۆمانسیەکان- بەوە پێناسەی دەکەن کە: ڕەهەندە ماددیەکانی ژیانی مرۆڤە. ئەمە لەکاتێکدا بیری فەرەنسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە لایەنی ماددی و هزری پێشکەوتن دەگرێتەوە.[2]

پوختەی وتە ئەوەیە، تێبینی دەکرێت تێهەڵکێشێکی زۆر هەیە لە دەستبردن بۆ بیری ئەوروپی، بۆ چەمکی (Civilization)، هەندێکیان لایان وایە وشەکە هاومانای (Culture)ە، وەک تایلور، هەندێکیان مانای وشەکەیان کورتهەڵهێناوە لەسەر لایەنە ماددیەکانی پێشکەوتن، وەک ئامێر و دامودەزگا و داهێنانەکان. هەندێک لایان وایە هەموو ڕەهەندەکانی پێشکەوتن دەگرێتەوە، هەندێک تایبەتیان کردووە بە لایەنەکانی پێشکەوتن کە تایبەتە بە تاکەوە، بەڵام هەندێکی تر بۆچوونیان وایە تاک و کۆمەڵ دەگرێتەوە. کۆمەڵێکی تر پێیانوایە چەمکێکی جیهانیە، بە واتای ئەوەی هەمیشە تەنیا یەک (Civilization) هەیە و هەموو کۆمەڵگاکان بە پشکێک بەشدارن لە دروستکردنیدا، بەڵام (Culture) تایبەتە بە گەلێکی دیاری کراوەوە، هەندێکیش پێچەوانەکەی بە ڕاست دەزانن.[3]

---

[1] ول ديورانت، قصة الحضارة، ب:١، نشأة الحضارة، ترجمة: د. زكي نجيب محمود، القاهرة، لجنه التاليف والترجمه والنشر، ١٩٥٦م، ط٢، ل٣.

[2] د. الطاهر لبيب، مرجع سابق، ل٦، ٧.

[3] Wiener (ed). Op.cit.p ٦١٤.

بەهەر حـــاڵ، بـــۆ ئەوەی زیـــاتر ڕۆنەچـــین لەو وردەکارییـــانەی کە کاریگەرییـــان نـــیە لەســـەر کرۆکـــی بـابەتەکە، دەتـوانین بلّێـین (Civilization) لە ناوەڕۆکـدا بە مانـای پێشـکەوتنی شـێوازی ژیـانی ئەوروپـی دێـت لە ســـەرجەم ڕەهەنـــدەکانەوە، وەک ڕەهەنـــدی کەســـی و کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوت و بیر و ئابووری و سیاسی و تەلارســـازی و...هتـــدەوە، واتە: وێـــنەی ژیـــانی تـــاک و کۆمەڵگای ئەوروپیە، چونکە ئەوروپا کۆمەڵگای هەرە باڵایە و لە لـــوتکەی پێشـــکەوتنی مرۆڤایەتیـــدایە، هەر ئەمەش دیـدگای مرۆڤـی ئەوروپـیە بـۆ ڕەوڕەوەی مێـژوو، چـونکە بڕوایان بە بوونی کۆمەڵگەی بەرز و نزم هەیە، لایانوایە کە مێژووی مرۆڤایەتی لە هەڵکشاندایە، دەوڵەتەکان بەگوێرەی دوور و نزیکیان لە ئەوروپاوە پۆلێن دەکرێن. ئادەم سمث قۆناغەکـانی پێشـکەوتنی مـرۆڤ دەکـات بە پێـنج بەشـەوە: ڕاوکردن، شوانکارەیی، کشتوکاڵ و بازرگانی، پیشەسازیی. مارکســـیش دابەشـــی دەکـــات بـــۆ: شـــیوعی ســـەرەتایی، کۆمەڵگای بەندایەتی، کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی، کۆمەڵگای ســـەرمایەداری، کـــۆمەڵگەی شـــیوعی. کـــارل بوشـــەریش دەیکات بە سێ قۆناغەوە: ئابووری گوند (الريف)، ئابووری شار، ئابووری جیهانی.[١]

هەمـوو ئەم دابەشـکردنانە بـۆ گەشـەکردنی مێـژووی مرۆڤـایەتی تەنیـا بـۆ ئەوە بـووە کە مێـژووی ئەوروپـا گشتاندنی بۆ بکرێت و بکرێتە پێوەر و لەو ڕوانگەیەوە بۆ

---

١ بۆ زیاتر بڕوانە: نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥-١٥١.

مێژووی هەموو مرۆڤایەتی بڕوانرێت، بە بیانووی ئەوەی کە هەمــوو کۆمەڵگاکــان بە هەمــان ڕێــڕەوی ئەوروپــادا ڕۆیشــتوون یــان دەڕۆن، بەبــێ لەبەرچــاوگرتنی مێــژوو شارەزایی و شوناس و تایبەتمەندی و شێوازی ژیانی ئەم کۆمەڵگــانە، بەڵکــو ئەم کۆمەڵگــانە وا وێنــا دەکــران کە قۆنـاغێکی خـوارترن، یـان ڕەنگـدانەوەی ئەو شارسـتانیەتە تـازەیەن کە ئەوروپا تێی پەڕانـدووە، هەرچەنـدە بەهاکـانی ئەوروپای هێشتا تێدا ماوە، ئەمە لەکاتێکدا کە چەمکی شـار لە سـەردەمی یۆنـانی و ڕۆمانیـدا- بە ڕای دی کـۆلانج- بە ئـاینێکەوە پەیوەسـت بـووە کە بنـاغەی دروسـتبونی شـار بـووە، لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا وای لێهـات ئـاین بـووە هەمـوو بـوونی شـار، بەشـێوەیەک کاتـدرائیە بـوویە بنکە و هۆکاری هەبوونی شار.

لە ســەردەمی ڕۆشــنگەری و چاکســازیی ئــاینی و ڕاپەڕین و سەرەتای دەرکەوتنی چەمکی (Civilization) و پاشەکشەی ئاینی مەسیحی لە ژیانی سیاسیدا؛ چەمکی شار لە یەکێک لە ماناکانیدا بووە دژ مانـای چەمکی ئـاین و کۆمەڵێـک چەمکـی نـوێ دەرکەوتـن، وەک: کـۆمەڵگەی مەدەنــی لە بەرامــبەر چەمکــی کــۆمەڵگەی لاهــوتی و کەنەســی و ئــاینی، ڕۆشــنبیری مەدەنــی لە بەرامــبەر ڕۆشــنبیری ئــاینی، فێربــوونی مەدەنــی لە بەرامــبەر فێربـوونی ئاینی...هتـد، بەشـێوەیەک مەدەنـیەت بەتەواوی بووە سیفەتێکی پێچەوانەی سـیفەتی ئاینی، جـا لە بـواری یاسادا بێت، یان کۆمەڵایەتی، یان سیاسیی، یان... هتد.

## پێنجەم: چەمکی (civilization) دوای وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی:

ئەم چەمـــکە لەهەمـــان بارودۆخـــدا کە وشـــەی (Cultur)ی پێدا تێپەڕی، هێنرایە ناو زمانی عەرەبیەوە، هەردووکیان هەمان شێوازیان بەسەردا سەپێنرا، بۆیە بیری عەرەبی لە وەرگێڕانی ئەمیشدا بوونە دوو بەرەوە، هەر بەرەیەکیشـیان هۆکـار و دەسـتاوێزی زمـانەوانی خۆی هەیە کە پشتی پێدەبەستێت.

هەندێک وشەکەیان بۆ (مدینة)ی عەرەبی وەرگێڕاوە، هەندێکیش بۆ (حضارة)، ئەمەی دووەمیان هەرچەندە لە وشەی (حضر) وەرگیراوە کە بە مانای: شارییبوونە، یان دژی واتای دەشتەکیە؛ بەڵام ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی بەســەر بەکارهێنـانی وشــەکەدا هــاتووە، لەم مانــایەی بــردۆتە دەرەوە و کردویەتــی بە هاومانــا بــۆ بەهــای مرۆڤایەتی، یان نموونەی هەرە باڵای مرۆڤایەتی، یان ڕۆشــنبیری بە مانــا ئەوروپــیەکەی، یــان بە مانــایەکی وردتـــر، (حضــــارة) ڕێـــک کـــراوەتە هاوواتـــای (civilization)ی ئەوروپـــی، لە خـــوارەوەش تیشـــک دەخەیـــنە ســـەر هەردوو بۆچـــوونەکە لە وەرگێڕانـــی چەمکەکەدا.

### ١- بۆچوونی وەرگێڕانی چەمکی (Civilization) بۆ (مدنیة)ی عەرەبی:

خاوەنانی ئەم بۆچوونە وردتر بوون لە هەڵبژاردنی وشــە عەرەبــیەکە لە بەرامــبەر وشــە بیــانیەکەدا، لەگەڵ

لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو زمانێک تایبەتمەندی و چوارچێوەیەکی هزری خۆی هەیە، کە مانا دەبەخشێتە وشەکانی و ناتوانرێ بسەپێنرێت بەسەر هیچ زمانێکی تردا، ئەم وردیەش لە هەڵبژاردندا لەبەر ئەوەیە کە (Civilization) هیچ مانایەکی خوازراوی نیە وەکو (Culture)، بەڵکو ماناکەیەکی ڕاستەوخۆی هەیە، هەربۆیە وەرگێڕانەکەش ڕێک مانای چەمکەکە دەدات.

ئەم بۆچوونەش لە سەرەتای پەیوەندی عەرەبە بە ئەورووپاوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد، لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا پەڕاوی (اتحاف الملوک الألباب بسلوک التمدن في أوروبا) وەرگێڕدرا[1]. رفاعة الطهطاويش چەمکی شارییبوون (التمدن)ی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی مانا ئەوروپیەکە و دەڵێت: "لەوەی باسمانکرد ئەوە دەخوێنرێتەوە کە شارییبوون (التمدن) دوو ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندێکی مەعنەوی؛ کە بریتییە لە شارییبوون لە ئاکار و هەڵسوکەوتدا، واتە: لە ئاین و شەریعەتدا، گەلانی پێشکەوتووش بەم ڕەهەندە ڕاوەستاون و دەناسرێنەوە و لە خەڵکی تر جیا دەکرێنەوە. ڕەهەندی دووەم ماددیە؛ ئەویش پێشکەوتنە لە خزمەتگوزاری گشتیدا".[2]

ئەم تێگەشتنە بۆ شارییبوون (التمدن)، هەروا مایەوە، بەدرێژایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستیش

---

[1] بەشی یەکەمە لە مێژووی شارەکان.

[2] رفاعة الطهطاوی، مناهج الألباب المصرية، ل٦.

ئەو وشــە عەرەبــیەی کە بەرامــبەر چەمــکە بیــانیەکە بەکاردەهــات وشــەی شارســتانی (المدنیــة) بــوو؛ لە ڕۆژنـامەی (الجوائـب)دا سەرنووســەر لەوە دەدوێـت کە زۆرێک لە خەڵکی - بەتایبەت ئەوانەی کە تێکەڵاویان بە ئەوروپـی کـردووە- وادەبیـنن یەکێـک لە پێویسـتیەکانی شارییبوون (التمدن) ئەوەیە مرۆڤ ئـازاد بێت لە هەمـوو شتێکدا، چونکە شارییبوون (التمدن)ێکی ڕاستەقینە بەدی نـایەت بەبیَ ئـازادیەکی تەواو، بەڵام ئـازادیش بـۆ خـۆی چەمکێکـی قسـە هەڵگرە، چـونکە پەیوەسـتە بە عـادەتەوە، هەروەهــا شــارییبوون وشــەیەکە هاومانــای نــیە لەبەر زۆری ئەو ڕەهەنــدانەی کە لە ناواخنیــدا هەڵیگرتــووە، هەندێکجار بە مانای بە زانست و زانیار دێت، هەندێکجار بە مانـــای پیشـــە و پیشەســـازیی و بازرگـــانی و مانـدووبوونە لە پێنـاو ژیانـدا، هەنـدێکجاریش بە مانـای بەڕێـزی و ڕووخۆشــی و جــوان مــامەڵەکردن و بــاش بەدەمەوەچوونی خەڵکەوە دێت، هەنـدێکجاریش بە مانـای ڕێکی و وردی لە مامەڵە و پێدانی کرێدا دێت.

ئەوەی کە ئەوروپیەکـان لەســەری کـۆکن ئەوەیە کە شارییبوون سیفەتێکی هاوبەشە لەنێوان پیاو و ئافرەتدا، هەربـۆیە ئافرەتـانی ئەوان هاوبەشـی پیـاوانن لە کـار و هەوڵـــدا، ئەگەر ئــێمەش وادانێــین ئەو بانگەشـــەیەی ئەوروپیەکان ڕاسـتە و شـارییبوون سـیفەتێکی هاوبەشـی پیاو و ئافرەتە؛ دەشزانین ئافرەتانی ئێمە ناچنە دەرەوە و هیچ کارێک نازانن، مێردەکانیشیان ڕێگەیان پێنـادەن و لە عــادەتی کــۆمەڵگە دەرنــاچن، چــونکە پێیــان وایە ئەمە

پەیوەنـدی بە نامووســەوە هەیە، هەر بـۆیە ئـێمە تەنهـا بەشێک لە شارییبوونمان پێدەبڕێت.[1]

مـحەمەد قەدریـش پەڕاوێکـی لە بـارەی شـارییبوون هەیە و تیایــدا هــاتووە: "شـــارییبوون بـــریتیە لە کۆبوونەوەی خەڵک لە شارەکاندا بە ئامانجی پێکەوەژیان و هاوکاری، ئەم چەمکە تایبەتترە لە ئـاوەدانی (العمـران)، کە بریتیە لە کۆبوونەوەی ڕەهای مرۆڤ، جا لە دەشت و گوند و چۆڵەوانیدا بێت، یان لە شاردا بێت.

ئەمەش مانـــای وشـــەی (سیڤیلیزاســـیۆن)ە، کە لە (سیسـوتیا)ی لاتینـی وەرگیـراوە و بە مانـای شـار دێـت. ناپلیۆنی سێیەمیش پێناسەیەکی باشی شارییبون کردووە و دەڵێت: شـارییبوون بە مانـای ڕۆچوون و زیـادەڕەوی لە خۆشـگوزەرانیدا نـایەت؛ بەڵکـو شـارییبوون بـریتیە لە گرنگیــدان و ڕێککــردنەوەی خــود و خۆڕازانــدنەوە بە ئاکارە پەسەندەکان و ئەدەبە جوانەکان".[2]

هەروەها ڕۆژنـامەی (روضـة الأخبـار) وشـەی (التقدم التمـدینی) (پێشـکەوتنی شارسـتانی) بەکارهێنـاوە بـۆ ئەو دەوڵەتــانەی کە پەنــا بــۆ ئاشــتی دەبەن و ڕوو نــاکەنە جەنـگ.[3] هەروەک چـۆن وشــەکە لە وەرگێڕانـی پەڕاوە یاسـاییەکاندا بەکارهـاتووە، بەتـایبەت یاسـای شارسـتانی

[1] بـــڕوانە: رۆژنـــامەی (الجوائـــب)، ژمارەکـــانی: (١٢٨٦/٢/٢٠ک، ١٢٨٦/٨/٦ک، ١٢٨٦/١/٢٩ک، ١٢٨٦/٥/١٠ک، ١٢٨٦/٥/٣١ک).

[2] محمد قدری، رسالة جلیلة فی التمدن، القاهره، (١٢٨٧ک).

[3] رۆژنامەی (روضة الأخبار)ی هەفتانە، ژمارە ٨، (٢٣ صفر ١٢٩٤ک، ٨ مارس ١٨٧٧ز).

(القانون المدني) و لەوکاتەدا پەڕاوی (التعليمات الوطنية والتفهيمات الإخوانية في أصول المرافعات المدنية)[1] وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها لە (الوقائع المصرية)شدا محەمەد عەبدە وشەکەی بەکارهێناوە لە وتارێکدا بەناوی (التمدن)، جیهانی شارستانی و پێشکەوتووی وەسف کردووە بەوەی کە ولاتی خۆیان ئاوەدانکردووەتەوە بە باڵەخانەی جوان، دوای ئەوەی کە دەشتێکی کاکی بەکاکی بووە، بازاڕی گەورە و جوانیان دروستکردووە، پیشەسازی جۆراو جۆریان بنیات ناوە، تا ئەوەی ئەو ولاتانە بوونەتە جێگەی پیاوانی سیاسەت و چاوتێبڕینی کەسانی دیار.[2]

لە پەڕاوی (المرأة الجديدة)دا قاسم ئەمین دەڵێت: "ئەمە ئەو نەخۆشییەیە کە پێویستە زوو چارەسەری بکەین، -مەبەستی دەستگرتنە بە ڕابردووەوە- چارەیشی نییە جگە لە پەروەردەکردنی نەوەکانمان لەسەر ئاشنابوون بە شارستانی ڕۆژئاوا (المدنية الغربية) و وەستان لەسەر بناغە و بەش و ئەنجامەکانی، ئەگەر ئەو کاتە هات-هیواداریین دوور نەبێت- ئیتر ڕاستی لەبەرچاومان وەکو خۆر ڕوون دەبێت، بەهای شارستانی ڕۆژئاوامان بۆ دەردەکەوێت، لەوە دڵنیا دەبینەوە کە چارەی حاڵمان ئەستەمە بەبێ زانستە نوێیەکان، حاڵی

---

[1] د. بروسبير رامبو، التعليمات الوطنية والتفهيمات الإخوانية فى أصول المرافعات المدنية، وەرگێڕانی: أبو السعود أفندى (قوتابی طهطاوی)، (١٨٧٧م).

[2] محمد عبده، التمدن، الوقائع المصرية، (١٢٩٨/٢/١٩ك، ١٨٨١/٢/٢٠ز).

مرۆڤیش ماددی بێت یان ئەدەبی ملکەچە بۆ دەسەڵاتی زانست، بۆیە دەبینین گەلانی شارستانی- بەجیاوازی زمان و نیشتیمان و ئاینیانەوە- لەیەک دەچن لە شێوازی حکومەت و بەڕێوەبردن و دادگا و یاسای خێزان و ڕێگای پەروەردە و زمان و نووسین و باڵەخانە و ڕێگاوبانیاندا، بەڵکو لە زۆرێک لە عادەتە سادەکانی وەک جلوبەرگ و شێوازی سڵاو و خواردنیشدا. لێرەوە دەردەکەوێت کە دەرەنجامی شارییبوون بریتیە لە ئاراستەکردنی مرۆڤایەتی بەرەو یەک ڕێگا، ئەو جیاوازییەش کە لە نێوان گەلە دواکەوتووەکاندا- یان ئەو گەلانەی کە نەگەشتوونەتە ڕادەیەکی پەسەند لە شارییبوون- هەیە سەرچاوەکەی ئەوەیە ئەو گەلانە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان لەسەر بناغەیەکی زانستی دانەناوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە نموونە بە ئەورووپیەکان بێنینەوە و هانی بە لاساییکردنەوەیان بدەین.[1] ئەگەر لە ڕابردوودا شارییبوونی ئیسلامیش دەستی پێکردبێت و کۆتاییش هاتبێت بێئەوەی پەردە لەسەر بنچینەی زانستەکان لابدات، کەواتە چۆن دەبێ ئێمە پێمان وابێ ئەو شارستانیە نموونەی بەرز و تەواوی مرۆڤایەتیە؟ هەروەک زۆرێک لە خەڵکی ئەم سەردەمە پێیانوایە کە موسڵمانانی پێشوو هەموو ڕەوشتێکی تەواو و ڕاستیان بەدەستهێناوە، ئەمە بیروباوەڕێکی ناڕاستە یان زیادەڕەوی تێدایە، لە بارەی

[1] قاسم أمين، المرأة الجديدة، القاهرة، مطبعة الشعب، ١٩١١، ل١٨٥.

بنچینەی ڕەوشتەکانەوە، ئەوە زانراوە کە موسڵمانان هیچی تازەیان نەهێناوە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکو زۆر گەلی تری وەک جولەکە و گاور و بوزی و چینیی و میسری پێش موسڵمانان بنچینەی ڕەوشتەکانیان ناسیوە".[١]

هەروەها قاسم ئەمین وشەی شارییبوون (التمدن) بە مانایەکی تریش بەکاردەهێنێت و دەیبەستێتەوە بە ئازادی ئافرەتەوە، دەڵێت: "بەڵام لەو وڵاتانەی کە گەشەیان کردووە و گەیشتوونەتە پلەیەکی باڵای شارییبوون، ئافرەتان وردە وردە لەو داڕمانەی پێشوویان هەڵدەسنەوە".[٢]

ئەم بەکارهێنانەی چەمکی شارستانی (المدنیة) وەک خۆی ماوەتەوە تا ئەمڕۆ، بەهەمان مانای کە بەرامبەرە بە (Civilization) ئەوروپی، لە ساڵی (١٩٣٦)دا ئەم چەمکە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: "حاڵەتێکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیە، بە پێشکەوتنێکی ڕێژەیی لە هونەر و زانست و ڕێکوپێکی لە دەسەڵاتدا جیا دەکرێتەوە، چونکە نووسەرانی سەردەمی نوێ کاتێ وشەی شارستانی (المدنیة) بەکاردەهێنن مەبەستیان لێی شارستانی تازەیە، کە پێچەوانەی ئەو بیسەروبەرییەیە کە مرۆڤ لە سەردەمانی کۆندا تیایدا ژیاوە، یان هەندێ لە گەلانی سەرەتایی دواکەوتوو تا ئێستەش تیایدا ماون".[٣]

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥، ١٨٠.

[٢] قاسم أمین، تحریر المرأة، القاهرة، ١٨٩٩، ل٤- ١٨.

[٣] د. عبد الرحمن شهبندر، القضایا الاجتماعیة الکبرى في العالم العربي، القاهرة، مطبعة المقتطف، ١٩٣٦.

هەروەهــا لە ســاڵی (١٩٥٧)دا چەمــکەکە بەرامــبەر دیاردە ماددیەکانی کۆمەڵگا بەکارهاتووە، وشەی ژیار (Culture)یــش بەرامــبەر دیــاردە ڕۆشــنبیری و مەعنەویەکان، بەوپێیەی شارستانی (المدنیة) دەتوانرێ ئەوە بۆ ئەوە بگوازرێتەوە و پرۆسەیەکی کەڵەکەبووە، بەڵام ژیــار (Culture) بەرهەمێکــی ســەربەخۆیە و نــاتوانرێ بگــوازرێتەوە لە کــۆمەڵگەیەکەوە بــۆ کۆمەڵگەیەکی تر، ئەوەی دواتر ناتوانێت لە پێش خۆی وەربگرێت.[١]

لەم مــاوەی دواییــدا تێکەڵبــونێکی ئاشــکرا لە بەکارهێنانی وشەی شارستانی (المدنیة) ڕوویدا، ئەمەش بەهۆی نــاڕوونی و تێکەڵبوونی پێناسەی ڕۆشنبیری (الثقافــة) و ژیــار (الحضــارة) و شارســتانی (المدنیــة). هۆکــاری ئەمەش بەیەکــداچوونی مانــا ئەوروپــی و عەرەبیەکەی ئەم چەمکانە بوو، لە زمانی عەرەبیدا هەر ســێ چەمــکەکە بونیــان هەیە و لە یەک جیــان، بەڵام لە زمــانە ئەوروپیەکانــدا تەنهــا وشــەی (Civilization) و (Culture) بوونیــان هەیە، هەر بــۆیە ئەم تێکەڵــیەش ڕوویــداوە، هەر نووســەرێکیش هەوڵــی داوە جۆرێــک پێناســە و لێکچــوون لەنێــوان چەمکەکانــدا بــدۆزێتەوە، هەندێک پێیانوایە شارستانی (مدنیة) حاڵەتێکی ناوەندە لەنێــوان ڕۆشــنبیریە ســەرەکیەکە و هەمــوو ئەو ڕۆشنبیریانەی تر کە لەمەوە سەرچاوەیان گرتووە و

---

[١] د. فؤاد زکریا، سەرچاوەی پێشوو، ل٨- ١٤.

بەبــێ ئەو هــیچ جــوڵەیەک نــاکەن، ململانــێش لەنێــوان ڕۆشــنبیریەکاندا لە چوارچێــوەی ئەم حــاڵەتە ناوەنــدەدا بەردەوام دەبێت، بەتـایبەت ئەگەر شارسـتانیەتێکی بەهێز لە ئــارادا بێــت.[1] هەنــدێکیش کــورتی هەڵــدێنێ لەســەر زانسـتە سروشـتیەکان بەدەر لە زانسـتە کۆمەڵایەتیەکـان، هەندێکی تریش وەک وشەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش - وەک وشــەی جــوان و چــاک- لێــی دەڕوانێــت و وەسـفی شــتەکانی پێــدەکات، بێــئەوەی لە مانــا و ڕەهەنــدەکانی تێبگات.

## ٢- ئاڕاستەی وەرگێڕانی (Civilization) بۆ وشەی عەرەبی (الحضارة):

ئەم ئاڕاســـتەیە لە دەســـتپێکی چـــارەکی دووەمـــی سەدەی بیستدا لە ناو نووسینی عەرەبیدا بەربڵاوتر بوو، هەرچەنـدە لە سـەدەی نـۆزدەدا هـیچ بڵاویـیەک و بگـرە بوونێکیشی نەبوو، بەدەر لە وتووێژکردن لەوەی ئایا ئەم بۆچـوونە دروسـتە یـان نـا؟-چـونکە ئەمە لە پەڕەکـانی داهــاتوودا دەخەیــنە بەر بــاس-، بەڵام ئەم وەرگێــڕانە وادەردەکەوێت ڕاست بێت بە گوێرەی یەکێک لە ماناکانی ژیــار (الحضــارة)، بەڵام گەشــەکردنی مانــای عەرەبــی وشەکە و تێکەڵبوونی بە ڕەهەندە ئەوروپیەکـانی وشـەکە وایکـرد کە چەمکـی (الحضــارة) لە چوارچێــوە و مانــای خۆی دەربچێت.

---

[1] برهان غليون، اغتيال العقل، محنة الثقافة العربية بين السلفية والتبعية، بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر، ١٩٨٥، ل١٢٤، ١٢٥.

بە ڕوانــین لە هەمــوو ئەو پێناســانەی کە بــۆ ژیــار (الحضـــارة) پێشکەشــکراون؛ تێبینـــی ئەوە دەکەیـــن کە هەمان ئەو پێناسانەیە کە بۆ شارستانی (المدنیة) کراوە، جیاوازیەکە تەنها لە وشەدایە و ناوەڕۆک هەر یەک شتە، هەمــان نــاواخنی وشــەی (Civilization) ئەوروپــیە، لەبەرئەوەی چەمکــی (الحضـــارة)، یـــان پەیوەســـتە بە ئامرازەکـــانی تەکنەلۆجیـــای نوێـــوە،[1] چـــونکە ژیـــار (الحضـــارة): "مـــاددەیەکی بەرجەســـتەیە لە ئامێرێکـــدا کە دادەهێنرێت، یان لە باڵەخانەیەکدا کە بڵند دەکرێت، یان لە سیستەمێکی حوکمڕانیدا کە جێبەجێ دەکرێت، یان ئاینێک کە پەیڕەو دەکرێت و سروش و زانیاری و دامودەزگای تایبەت بەخۆی هەیە، کەواتە ژیار (الحضارة) ماددیە".[2] یـــان ئەم چەمـــکە پەیوەســـتە بە زانســـت و زانیـــاری و هونەری نوێ و سیستەمی ئەوروپاوە، بە واتای ئەوەی ژیار پوختەی پێشکەوتنی ئەوروپی ئێستایە.

ئەم بۆچوونەش لە نووسینەکانی (د. محەمەد حسێن هەیکـــل)دا زەق بـــۆتەوە و مانـــایەکی گشـــتگیری داوە بە ژیار (الحضارة)، ئەو پێیوایە ژیاری جیهانی یەک ژیارە، ئەوەیە کە لە ئەوروپای سەدەی بیستدا بوونی هەیە، بەو پێـــیەی ئەو ژیـــارەی ئەوروپـــا پـــوختەی پیشـــکەوتنی مرۆڤایەتیە و دەرەنجامێکی سروشتی ئەو پێشکەوتنەیە، دەڵێت: "دادپەروەری نیە گەر ژیار لە کات و شـــوێنێکی

---

[1] عباس شوقي، طرق المواصلات في مصر، ڕۆژنامەی (السیاسة الأسبوعیة)، ژ٧٠، ٩ یولیو ١٩٢٧.

[2] سلامة موسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

دیـاریکراودا قەتـیس بکەیـن، چـونکە ژیـار لەدایکبـووی سـەردەم و سـەدەیەکی تـایبەت نـیە، بەڵکـو سـەردەم و سـەدە دوا بەدواو جیاوازەکـان بە هەموویـان ژیاریـان پێکهێنـاوە، هـیچ گەلێکـیش زاتـی ئەوەی نـیە ژیـاری مرۆڤـایەتی هەمـووی بەتەنهـا بـداتە پـاڵ خـۆی، بەڵکـو هەمـوو گەلان بەشـدارن لە بڵنـدکردنی کۆشـکی ژیـاردا، هەرکەس بە پشکی خۆی، ئەمەش وادەکات بوەستین لە دابەشکردنی ژیار بە پێوەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا، هەر بۆیە ئێمە دەپرسـین، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا چیە؟! تەنیـا دوو ناوی نەگونجاون بۆ دوو شت، هێمان بۆ دوو شـت، کە تەنیا لە خەیاڵدا بوونیان هەیە، نەک لە کەتواردا، دەبێ بـــڕوا بەوە بێنـــین کە ئـــێمە قوربـــانین و ســـاڵانێکە هەڵیانخەڵەتاندوین، کاتی ئەوەیە خۆمـان ڕزگـار بکەیـن و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە دەست لەنـاو دەست بکەن بۆ بەجێگەیاندنی پەیامی پیرۆزی ژیاری مرۆڤایەتی، ئەو ژیـــارەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـــاوا ناناســـێت، ئەو شـــارە ئەوروپیەی ئێستا هەیە تەنیـا مـوڵکی ئەوروپا نیە، بەڵکـو هـــی هەمـــوو جیهـــانە، گەلان هەموویـــان بەشـــێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بەشـدارن تیایـدا، ژیـار کەلەپـورێکی جیهـانیە و نـاکرێ دابەشـبکرێت بـۆ دوو بەشـی جیـا، ژیـاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا بـوونی نـیە، بەڵکـو یەک ژیـاری جیهـانی هەیە و پێویسـتە بـڕوای پێبهێنین و دڵسۆزبین بۆی".[١]

[١] د. محمد حسین هیکل، الحضارة بین الشرق والغرب، ڕۆژنامەی

هەر لەم تێگەیشتنەشـــەوە بـــۆ ژیـــار، زۆریـــنەی نووسـینەکانی میصـر و جیهـانی عەرەبـی سـەرچاوەی گرتـووە؛ ئەو نووسـینانە پاشـخانیان ئیسـلامی بێت یـان نائیسلامی؛ هەردووکیان لە ژیارێکی جیهانی دەدوێن، جا بە بانگەشـەکردن بێـت بـۆ گواسـتنەوە و خۆگونجانـدن لەگەڵ بەهاکانی ئەو ژیارەدا، وەک طه حسین دەڵێت، یـان بە باشتردانانی موسڵمانان بێت لە جیهانی ڕۆژئاوا، وەک زۆرێک لە موسڵمانانی سەردەم وا دەکەن.

لەلایەکـی تریشـەوە، ئەو فەرهەنگـانەی کە لە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەوە دەرکەوتـن (Civilization) یان بە ژیـار (الحضـارة) وەرگێڕاوە، لەگەڵ گواسـتنەوەی سـەرجەم ئەو پێناسـە و ڕەهەنـدانەی کە بە چەمکـی (Civilization) وە پەیوەسـتە، هەموویـان کۆدەنگیشـن لەسـەر ئەوەی کە ژیـار (الحضـارة) بـریتیە لە کـۆی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە سروشتێکی ماددی و زانسـتی و هـونەری و تەکنیکیـان هەیە و لە کۆمەڵگـادا بوونیـان هەیە، هەروەک ژیـار وێنـای قۆنـاغی بـاڵا دەکـات لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا،[1] لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەنـدێ لەو فەرهەنگـانە بنچیـنەی وشـە عەرەبـیەکە دەگێـڕێتەوە بـۆ (حَضَرَ)، کە بەمانـای نیشـتەجێبوونە لە ئاوەدانیدا نەک لە دەشتدا، پاشان فەرهەنگەکان دێنە سەر

(السیاسة الأسبوعیة)، پاشکۆکانی ساڵی ١٩٣٢.

[1] بۆ وێنە بڕوانە: مجدی وهبة، کامل المهندس، سەرچاوەی پێشوو. مراد وهبة، یوسف کرم، سەرچاوەی پێشوو. جمیل صلیبا، المعجم الفلسفي، ل٤٧٥- ٤٧٧.

مانـای نـوێی وشـەکە، کە بـریتیە لە دیـاردەی پێشـکەوتنی مـاددی و تەکنیکـی و هـونەری و زانسـتی و....هتـد، بـۆیە ئەوەش دەکەن وەک ئەوەی باســکردنی مانــا عەرەبــیە کۆنەکە یەکێک بێت لە پێویستیەکانی زانستیبوونیان، یـان لە پێنـاو بڵاوبـوونەوەی چەمکەکە، یـان بـۆ ڕەواییـدان بە مانا تازەکـانی وشـەکە، یـان وەک پاکـانەکردن بـۆ خۆیـان کە ئەمان پەیوەستن بە مانای ڕەسەنی وشەکەوە.[1]

بە ڕوانینیش بۆ گەسـەندنی چەمکەکە لە عەرەبیـدا، لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لەو مانایـــانە دەرنەچـــووە کە چەمـــکەکە لە کـــاتی گەشەسـەندنیدا لە ئەوروپـادا بـۆی دروسـت بـووە، بەڵکـو بە تەواوەتـــی ئەو مانایـــانە لە عەرەبیەکەشـــدا ڕەنگـــی داوەتەوە، هەر بـــۆیە زۆر بـــاس لە ژیـــار یـــان شارســتانیەتێکی جیهــانی دەکرێــت، کە لەســەر چەمکــی یەکبــوونی مرۆڤــایەتی دامەزرابێــت، مەبەســتیش لێــی زاڵبــوونی بەهــا ئەوروپیەکــانە، لێــرەوە دەرکەوتنــی چەمکگەلــی وەک جیهــانیبوونی زانســت، جیهــانیبوونی پەیــڕەو و ڕێبــاز، جیهــانیبوونی چەمکەکــان، کــارێکی ئاساییە، چونکە زانستەکان یەکێکە و لە کۆمەڵگەیەک بۆ یەکێکـی تـر ناگۆڕێت، هەروەهـا پەیـڕەو و چەمکەکـانیش. ئەمەش لەبەر ئەوەی ژیـار و شارسـتانی جیهـانیە، فـرە ژیــاری و تایبەتمەنـدێتی بـوونی نـیە، بەڵکـو تەنیـا یەک زانســت بــوونی هەیە، ئەگەرنــا زانســت هەر نــیە، یەک

---

[1] بۆ وێنە بڕوانە: مجمع اللغه العربيه، المعجم الفلسفي، ل٤٠.

پەیڕەو بوونی هەیە، ئەگەرنا پەیڕەو هەر نیە، هەر شتێک لەگەڵ دیدگای زانیاری ئەوروپیدا یەکبگرێتەوە ئەوە پەیڕەوە و زانستە، هەر شتێکیش پێچەوانە بێت، ئەوە ئەفسانە، یان ئاین، یان فۆلکلۆرە، هەروەک چۆن یەک ژیار هەیە، لە بەرامبەریشدا چەندین بێسەروبەرەیی و وەحشیگەرایی هەیە.

هەروەها ئەو چەمکانەش بڵاببوونەوە کە لە شارستانی (مدنیة)وە سەرچاوەیان گرتبوو، چەمکی شارستانیەت (مدنیة)یان وا وێنا دەکرد کە پێچەوانەی چەمکی ئاینیە، بۆ نموونە: یاسای شارستانی و کۆمەڵگای مەدەنی، لە بەرامبەر کۆمەڵگای ئاینی و سەربازیی و سیاسی. ڕۆشنبیری مەدەنی، جیاواز لە ڕۆشنبیری ئاینی و تەقلیدی، دامەزراوەی مەدەنی و فێرکردنی مەدەنی، لە بەرامبەر فێرکردنی ئاینیدا.

پێش کۆتایی هێنان بەم خاڵە پێویستە تێبینیەک تۆمار بکرێت؛ ئەویش ئەوەیە کە تێکەڵیەکی بەرچاو هەیە لە هزری عەرەبیدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو چەمکی (Civilization) و (Culture)، بەو پێیەی سێ وشەی عەرەبی لە بەرامبەر ئەم دوو چەمکەدا دانراون، ئەوانیش: (الثقافة، الحضارة، المدنیة)یە، ئەوانەی (Culture)یان بۆ ڕۆشنبیری (الثقافة) وەرگێڕاوە (Civilization) کردووە بە ژیار (الحضارة)، ئەوانەشی (Culture)یان بۆ ژیار (الحضارة) وەرگێڕاوە (Civilization)یشیان کردووە بە شارستانی (المدنیة)، لە هەر بارێکیشدا پێناسەی چەمکە عەرەبیەکە لە

بارەکەی تر جیایە، لەباری یەکەمدا ڕۆشنبیری لایەنی هزری مرۆڤایەتیە، ژیاریش لایەنی ماددیە، لە باری دووەمیشدا ژیار لایەنە هزریەکەیە و شارستانی لایەنی ماددیە.

ئەم تێکەڵیەش سەری کێشاوە بۆ ناڕێکیەک، بەتایبەت کە زۆرێک لە نووسەران لە کاتی بەکارهێنانی وشە عەرەبیەکەدا بەرامبەرە ئەوروپیەکەیان باس نەکردووە، هەرچەندە لە خەیاڵدان و نووسینیشدا مانا ئەوروپیەکەیان مەبەستە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە فەرهەنگەکەی (د. معن زیادة)یە، ئەو سەرەڕای ئەوەی کە باس لە ژیار (الحضارة) دەکات و لە بەرامبەریدا چەمکی (Civilization)ی بەکارهێناوە، بەڵام زۆرینەی بابەتەکەی لە مانای وشەی (Culture) دەرهێناوە لە کاتی بەکارهێنانی فەرهەنگە ئەوروپیەکاندا.

## شەشەم: مانای عەرەبی چەمکی (المدنیة).

توێژەران لە دیاریکردنی بنچینەی زمانەوانی وشەی (المدنیة)دا ڕایان جیایە، هەندێکیان دەیگێڕنەوە بۆ وشەی (مدَنَ) کە بە مانا نیشتەجێبوونە لە شوێنێکدا، هەندێکی تریش دەیگێڕنەوە بۆ (دانَ) کە بنچینەی وشەی (الدین)ە، کە مانای ملکەچی و گوێڕایەڵی دەدات.[1] جا چاوگی وشەکە هەرچی بێت، وشەکە هەر لە سەرەتای هاتنی

[1] لسان العرب، مادة: دان.

ئیسـلامەوە بە دامەزرانـدنی دەوڵەتەوە گرێدرا، هەروەک پەیوەسـتیش بـوو بە چەمکـی ئـاین و هەمـوو ئەو مانایانەشـی کە ئەم چەمـکە لە هەناویـدا هەڵـی گرتبـوو، وەک: گـوێڕایەڵی و ملکەچـی و سیاسـەت و دەسـەڵات و پاداشت و قەرزدان و قەرز وەرگـرتن و عـادەت و کـار و ژمـاردن و بە بەنـدەکردن و لێپرسـینەوە و زەلیلکـردن و بیروباوەڕ و خۆپارێزی و ...هتد.[1]

پێغەمـبەریش (درودی خـوای لەسـەر) نـاوی شـاری (یثـرب)ی گۆڕی بۆ مەدینە و هەرگیـز وشـەی (یثـرب)ی بەکارنەدەهێنـا، (سـمهودی) لە پەڕاوی (وفـا الوفـا بأخبـار دار المصطفى)دا دەگێڕێتەوە کە ئیبن زبالـة و ئیبن شـیبة دەڵێن: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕێگریکـردووە لە نـاوبردنی مەدیـنە بە یثـرب. بوخـاریش لە پەڕاوی (تأریخ)ەکەیدا فەرموودەی: "هەر کەسـێک یەک جـار وتـی یثـرب، بـا دە جـار بڵێـت مەدینە" دەگێـڕێتەوە، ئەحـمەدی کـوڕی حەنـبەل و ئەبـو یەعـلاش فەرمـوودەیەک دەگێـڕنەوە، کە تیایـدا هـاتووە: "هەرکەسـێک بە مەدینـەی وت یثرب، با سێ جار داوای لێبوردن لە خوا بکات".[2]

ئەم ڕێگریە توندەی پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لە بەکارهێنـانی وشـەی (یثـرب) و دانـانی مەدیـنە لە

---

[1] تقی الدین أبی بکر بن زید الجراعی، تحفة الراکع والساجد فی أحکام المساجد، تحقیق: الشیخ طه الولی (١٤٠١هـ/١٩٨١م) ل١٥١. لە الشیخ طه الولی وەرگیراوە، سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

[2] لسان العرب، مادة دان. الشیخ طه الـولی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١١٢، ١١٣.

شوێنیدا، هۆکارەکەی ئەوەیە کە وشەی دووەم کۆمەڵێک مانـا و ڕەهەنـدی لەخۆگرتـووە، کە زۆر جیـایە لە نـاوە کـۆنەکە، شـاری مەدیـنە هەر لە سـەرەتای گەشـەکردنی ئیسـلامەوە نمـوونەی سیسـتمی ژیـان و ریکخسـتنی کـۆمەلایەتی بـوو لە دورگەی عەرەبیـدا، گواسـتنەوەیەکی ڕیشـەیی لە بیروبـاوەڕ و بۆچـوون و شـێوازی ژیـان و بیرکردنەوە دروستکرد.

مەدیـــنە بە دەســـتوورەکەی بـــوویە نمـــوونەی ڕێکخسـتنێکی کـۆمەلایەتی، کە مێـژووی عەرەب پێشـتر پێـی ئاشـنا نەبـوو، مەدیـنە بە پێکهـاتنە نـوێیەکەیەوە بەسترایەوە بە ئاینی ئیسلامەوە، بە سیستمێکی ئابووری نوێـوە (بەکارهێنـانی پـارە و ڕێگریکـردن لە گـۆڕینەوەی شت بە یەکتر)، بە پەیوەندی کۆمەلایەتی نوێوە (برایەتـی، ڕێکخسـتنی کـار، تایبەتمەنـدێتی)، پەیوەسـتی سیاسـی لەنێـوان تیـرە و ئـاینە جیاوازەکانـدا، بە هەڵسـوکەوتێکی مرۆڤـایەتیەوە کە لە مێـژووی عەرەبـدا ناسـراو نەبـوو (ڕێکخســـتنی ڕۆژانەی مـــرۆڤ و پەیوەنـــدییەکانی لە کۆمەڵگــادا)، بە شــێوازێکی بیناســـازیەوە، کە چەقەکەی مزگەوت و بازاڕ بوو.

گەشـەکردنی مەدیـنە لە ئیسـلامدا پەیوەسـت بـوو بە گۆڕینی ئەو کۆمەڵە گوندەی لە پێشدا پێی دەوتـرا یثرب بۆ شارێکی خاوەن یاسا (الدین)، خاوەن دەسـەلات (دان)، جیـابوو لە سـەرجەم ئاوەدانیەکـانی تـری وەک گونـد و

دەشت[1]. هەروەک مەدینە بە درێژایی مێژووی ئیسلامی پەیوەست بوو بە هەموو ڕەهەندەکانی نموونەی ئیسلامی بۆ ژیانی مرۆڤ؛ نوێژی هەینی تەنیا لە مەدینەدا دەکرا، لە مەدینەدا تەنیا یەک مزگەوتی کۆکەرەوە هەبوو. کۆمەڵێک بۆچوون دروست بوون سەبارەت بە پەیوەندی مەدینە و کرۆکی بیروباوەڕی ئیسلامی (نوێژی هەینی و نوێژی بەکۆمەڵ)، هەندێک مەدینە و نوێژی هەینی و نوێژی بەکۆمەڵیان پێکەوە بەستبووەوە، هەندێکیش دانیان بەم پەیوەندییەدا نەنا، هەروەها دەسەڵاتی سیاسیش بەسرایەوە بە مەدینەوە، جهاد و بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەکانی تریش[2].

بەدور لە ڕۆچوون لە تایبەتمەندیەکانی شاری ئیسلامی و پێکهاتەی ناوەوە و شێوازی بیناکاری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕادەی جیاوازبوونی لە شاری ژیارە جیاوازەکانی تر[3]، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا جەخت

---

[1] محیی الدین محمد محمود، السیاسة الشرعیة في ضوء جوهر مفهوم السیاسة في العصر الحدیث، نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە، کۆلێژی ئابووری و زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی قاهرة ١٩٨٩، ل٢١٠.

[2] د. رضوان السید، مصائر المدینة العربیة، گۆڤاری (الفکر العربی)، ژ٢٩، نۆڤمبەری ١٩٨٣، ل٤- ٧.

[3] دەربارەی شار لە ئیسلامدا بڕوانە: عالم الفکر، ژ: ١، بەرگی ١١، ئیپریل- یۆنیۆ ١٩٨٠. الفکر العربی، ژ٢٩، ٣٠.

Hourani, and S.M.Stern (eds) The Islamic City: Acollequilem, Pennsylvaia Press, (١٩٧٠). د. رضوان السید، المدینة والدولة في الإسلام، دراسة في رؤیتي الماوردي وابن خلدون، بیروت: گۆڤاری (الأبحاث)، زانکۆی ئەمریکی، ساڵی ٣٤، (١٩٨٦)، ل٦٧، ٦٨.

دەکەینەوە لەسەر ماناکانی ئەم چەمکە و پەیوەندیان بە وشەی شارەوە، ئایا موسڵمانان پێویستیان بە دروستکردنی ناوی شار (مدینة) هەیە؟ بە واتای ئایا پێویستیان بە هەڵێنجانی بەها و ڕەوشت و دامەزراوە و پیشە هەیە لە چەمکی شار (المدینة)وە، پێویستیان بە داتاشینی چەمکێک هەیە کە هەموو ئەم ڕەهەندانە کۆبکاتەوە و ببێتە وێنایەک کە گوزارشت لە نموونەی ژیانێکی باڵای مرۆڤایەتی بکات؟

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە شار لە ڕۆژئاوادا بە سەرچاوەی بەهاکانی وەک: پاڵفتەکردن و ڕێکخستن و بازاڕ و بەرهەمهێنان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسەت دادەنرا، بە واتای ئەوەی ئەم بەهایانە لە سەدەکانی پێشتردا بوونی نەبووە و پەیداش نەبووە تا گەشەکردنی ئەم دواییەی شار، کە لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیدا ڕوویدا، بەدوای ئەم گەشەکردنەشدا ئەو جۆرە لە ژیان هاتە ئاراوە کە نووسەرانی ئەوروپی بە نموونەی باڵای ژیانی مرۆڤیان هەژمار دەکرد، کە پێویستە گشتاندنی بۆ بکرێت و هەموان لەسەری بڕۆن.

بەڵام شار لە ئەزموونی ئیسلامیدا دەرەنجامی بوونی ئەو بەها و شێواز و هەڵسوکەوتانەیە، نەک هۆکاربێت بۆیان، ئەو بەهایانەی کە لە شاردا بڵاو بوو لە سەردەمەکانی ئیسلامدا زادەی ژیانی خەڵکی شار نەبوو، بەڵکو هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی ئیسلام بوو، لێرەوە شار یەکێک بوو لە شێوازەکانی ژیانی موسڵمانان کە ئاکارە مەزنەکان تێیدا ڕەنگی دابووەوە، هەر بۆیە پێویستیەک

بوونی نەبوو بۆ داتاشینی وشەیەک لە چەمکی (شـار) تـا گوزارشـت بکـات لەو بەهایـانە، یـان لەو نمـوونە بـاڵایەی مرۆڤـایەتی کە شـار نـوێنەرایەتی دەکـات، لەبەر ئەوەی بەهـا ئیسـلامیەکان گوزارشـت لە نمـوونەیەکی بـاڵاتر دەکەن لەوەی لە شـاردا بـوونی هەیە، بەهاگەلێـک لە نمـوونەی ڕێکخسـتن و مـامەڵەی جـوان و برایەتـی و خۆشەویستی کار و هاوکاری و خۆبەخشی و ڕاستگۆیی و خۆشەویسـتی زانسـت و خۆشەویسـتی جـوانی و هەوڵـدان بـۆ فێربـوون و بەرهەمـی زانسـتی و هـونەر و پیشەسـازیی و ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـا و دیـاریکردنی پەیوەندیەکان لەنێوان پنتەکانی کۆمەڵگا و ....هتد، هەموو ئەمـانە کرۆکـی بیروبـاوەڕی ئیسـلامین، جـا شوێنکەوتووانی لە شاردا جێبەجێی بکەن یان نا.

لە لایەکـی تـرەوە شـاری ئیسـلامی لەو شـوێنەوە دەستی پێکرد کە شاری ڕۆژئاوایی ئێستە پێی گەشتووە، چـونکە بـاڵاترین قۆنـاغی شـاری ڕۆژئـاوایی –بەگـوێرەی لامبارد- قۆنـاغی (میترۆپۆلیتـان)ە، واتە شـاری دایک، کە کۆمەڵێک شـاری تـر پاشـکۆی ئەون و لەوەوە سـەرچاوە دەگـرن، بەڵام ئەزمـوونی ئیسـلامی نەک تەنیـا شـار (Metropole)، بەڵکـو چەمکـی شـاری دایـک (Metropolis)یشی بەخۆوە بینیوە، شاری ئیسلامی هەر لە سـەرەتای دروسـتبوونیەوە نـاوچەیەکی فـراوان و چەنـدین شـاری تـری بەخـۆیەوە بەسـتۆتەوە، کۆمەڵێـک سیفاتی ناوازەی لە ڕووی پلان و هـونەری تەلارسـازیی و ڕێکخسـتنی کـۆمەڵایەتی و سیاسـی لەخۆیـدا

کۆکردۆتەوە، شاری مەدینە و کوفە و دیمەشق و بەغداد و قاهیرە و قورتوبە و ئاستانە، ئەمانە شارگەلێکی بالا بوون کە سەدان شاری تر پێیانەوە بەسترابوونەوە و لەوانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، لەکاتێکدا ئەوروپای نوێ لە کۆتا قۆناغەکانی گەشەکردنی شاردا و لە سەروبەندی قۆناغی داگیرکاری و شۆڕشی تەکنەلۆجیای نوێدا بە چەمکی شاری دایک ئاشنابوو.

لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر پێشکەوتنی شاری نوێی ئەوروپی -لای ئەوان- بەڵگەی بالابوونی مرۆڤ بێت لە ڕێڕەوی مرۆڤایەتیدا، ئەوە لای ئیبن خەلدون قۆناغی کۆتایی تەمەنی دەوڵەتە و نیشانەی داتەپینی ئاوەدانی مرۆڤایەتیە، چونکە ئیبن خەلدون کاتێ لە (الحضارة) دەدوێت، مەبەستی دەرکەوتنی شارەکانە، کە ئەویش قۆناغێکە لە قۆناغەکانی تەمەنی دەوڵەت کە باسی لێوە کردووە، بۆیە مەبەستی ئیبن خەلدون لە چەمکی (الحضارة) مانا نوێیەکەی نیە کە لە وشەی (Civilization)ەوە وەرگیراوە، مەبەستیشی مانا زمانەوانی و قورئانیە گشتیەکەی نیە، بەڵکو مەبەستی ئەو مانایەیە کە لە وشەی (حضر) وەرگیراوە، کە بە واتای شێوازی ژیانی خەڵکی شارە، ئەم قۆناغەشی بە قۆناغی زیادەڕەوی داناوە کە بەڵگەی نزیکبوونەوەی دارمانی ئاوەدانیەکانە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی کاری جێنشینی مرۆڤە لە زەویداو پێچەوانەی ئەو پەیامەشە کە مرۆڤ هەڵگریەتی، هەروەک پێچەوانەی بەهای ڕامکردنی خوایە بۆ دروستکراوەکان بەگشتی، لەبەر ئەوەی

کۆمەڵێک ڕێسا هەیە ڕۆڵ و پەیامی مرۆڤ لە گەردووندا دیاری دەکات، پەیوەندی مرۆڤ بە دروستکراوەکانی ترەوە ڕێکدەخات، چۆنێتی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بۆ دیاری دەکات. بابەتەکە بابەتی خۆشگوزەرانی یان زۆر بەکارهێنان نیە، یان بابەتی هەموو کەس بەگوێرەی توانای خۆی بۆ هەموو کەس بە پێی پێویستی خۆی نیە، وەک ڕۆستۆ و مارکس وادەڵێن، بەڵکو ڕشتەیەکی تەواوە لە بەها و ڕێسا کە سنوور و ڕێکار بۆ مرۆڤ لە وەرگرتن و بەخشیندا لە گەردووندا دیاریدەکات و ڕێڕەوێکی ڕوونی بۆ دەکێشێت.

بەم شێوەیە ئیبن خەلدون لای وایە قۆناغی ژیار (الحضارة)- بەمانای نیشتەجێبوون لە شاردا- قۆناغی کۆتایی ئاوەدانیە و دەڵێت: "پاشان ئەگەر گوزەرانی ئەو کەسانەی کە هەر یەکێکیان بە ڕێگەیەک هەوڵی ژیان دەدەن خۆش بوو، زیاد لە پێویست دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانیان بۆ پەیدا بوو، ئەمە دەبێتە هۆی تەمەڵی و حەوانەوەی زیاد و یارمەتیدانی یەکتر لە دەستخستنی شتی ناپێویست و باشکردن و زیادەڕەویکردن لە خواردن و جلوبەرگ و دروستکردنی شار بۆ نیشتەجێبوون و فراوانکردنی خانوو.

پاشان زیادەڕەوی و حەوانەوە زیاتر دەبێت، بەرەنجامەکان دەردەکەون، لە زیادەڕەوی زۆر لە باشکردنی لێنان و خواردن و هەڵبژاردنی جۆرەکانی پۆشاکی جوان و - لە حەریر و دیباج و چەندین جۆری تر-، بڵندکردنی باڵەخانە و خانوو، جوان ڕاخستن و

فەرشـرێژکردنی و پەیـدابوونی چەنـدین پیشـە، لە پاشـدا خـانوو کۆشـکی گەورە دروسـت دەکەن و زۆر بەرزی دەکەنەوە و ئاوی بۆ ڕادەکێشـن و زیادەڕەوی دەکەن لە ڕاخسـتن و فەرشـرێژکردندا و داهێنـان دەکەن لە باشـکردنی هەمـوو هۆکارەکـانی ژیانـدا، وەک پۆشـاک و ڕاخەر و قاپ و قاچاخ، ئەمـانە پێیـان دەوترێ شـارنشـین (الحضر)، بە مانای: دانیشتوانی شارەکان".[1]

کەواتە (الحضـارة) لای ئیـبن خەلـدون مانـای دانیشـتوانی شـار دەدات، ئەویـش ئەوپەڕی ئـاوەدانی و بەرەو خراپ چوونە و دورکەوتنەوەیە لە خێر.[2]

پـوختەی قسـە ئەوەیە مێـژووی ئیسـلامی بەهەمـان ڕێـڕەوی مێـژووی ئەوروپـادا نەڕۆیشـتووە، بەڵکـو هەر یەکێکیان شێوازێکی جیای لەوی تر هەبووە، ئەگەر شـار وێنای کۆتا قۆنـاغی مێژووی ئەوروپا بێت و پەیوەست بێـت بە سـەردەمی ڕۆشـنگەری و پیشەسـازیی و چاکسـازیی ئـاینی و سیاسـییەوە؛ ئەم گەشەسـەندنەش پێشـڕەوی ئەوروپـا بووبێـت و دەریهێنابێـت لە چـاخە تاریکەکـان، کەواتە ئەم شـێوازە شایسـتەی ئەوەیە کە بکرێتە ڕێڕەو و شێوازی کۆمەڵایەتی و چاوی لێبکرێت و دووبـارە بکـرێتەوە، بەو پێـیەی نمـوونەیەکی ژیـان و مرۆڤـایەتی بـاڵایە، ئەگەر ئەمە بـۆ مێـژووی ئەوروپـا ڕاسـتبێت؛ ئەوا مێژووی ئیسـلامی لە بەهـاگەلێکی تـرەوە

---

[1] ابـن خلـدون، المقدمـة، تحقيـق: د. علـي عبدالواحـد وافـي، القـاهرة: دار نهضه مصر، ١٩٨١، ل٥٧٨- ٥٧٩.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٥.

هەنگاوی هەڵناوە کە بووەتە پێشڕەو بۆی و شایستەی ئەوەیە کە موسڵمانان پێوەی پابەند بن، ئەو بەهایانەش هەڵقوڵاوی بیروباوەڕێکی دابەزێنراو و پەیامێکی بە سروش نێرراوە لە لایەن خوایەکی بەرز و بڵندەوە، هەربۆیە سەرجەم چالاکیەکانی ژیانیش هەر لەو باوەڕەوە هەڵقوڵاوە، نەک ژیان خۆی دروستکەر و بەرهەمهێنەری بێت. ئەگەر ئەوروپی بیردۆزە و ڕێساکانی لە کەتواریەوە بەرهەم بهێنێت و بیر و بەها و ئاکار و شێواز و پەندی ژیانی لێدەربهێنێ؛ ئەوە کۆمەڵگەی موسڵمان بەپێچەوانەی ئەوەوە، هەوڵدەدات کەتوار لەگەڵ باوەڕ و بەرنامە خواییەکەدا ڕێکبخات. لێرەوە هەرچەندە شاری ئیسلامی بە باشترین وێنە سەریهەڵدا هەر لە سەرەتای هاتنی پێغەمبەرەوە؛ بەڵام چەمکی (شارستانی) بوونی نەبوو، کاتێکیش ئیبن خەلدون هات و وشەی (الحضارة) -شارستانی بە مانا زمانەوانیەکەی- بەکارهێنا؛ ئاماژە بوو بۆ قۆناغێکی نەخوازراو و دوور لە سروشتی کاری مرۆڤ لای ئەو، قۆناغێک وێنای دارمانی ئاوەدانی مرۆڤایەتیە، نەک قۆناغێکی باڵا، کە شایستەی چاولێکردن و بەدواداچوون بێت، هەروەک چۆن لە ئەوروپا بانگەشەی بۆ دەکرا.

## حەوتەم: دەربارەی پێناسەی چەمکی ژیار (الحضارة):

میتۆدی ڕاست بۆ دیاریکردنی مانای هەر چەمکێک گەڕانەوەیە بۆ ڕیشەی ئەو چەمکە لە زمانە بنەڕەتیەکەیدا و کنەکردنە بە دوای ماناکانیدا لە سەرچاوە ڕەسەنەکاندا و هەوڵدانە بۆ پوختکردنی ئەو مانایانە و پاشان تێکەڵکردنەوەی لەگەڵ کەتواری نوێدا لەبەر سێبەری کات و شوێن و جیاوازی ئەزموون و ڕووداوەکاندا بەبێ تێکدانی ناوەڕۆک و واتای چەمکەکە، بەڵکو پاڵفتەکردنی ناوەڕۆکەکە و داڕنینی لە هەموو زیادەیەک، بەئامانجی گەشتن بەو مانا ڕاستەقینەیەی کە خاڵییە لە هەموو بەکارهێنانێکی دەرەکی.

بە ڕوانین بۆ چەمکی ژیار، تێبینی ئەوە دەکرێت کە بەکارهێنانی ئیبن خەلدون بۆ چەمکەکە ڕەنگە لەگەڵ بنچینەی چەمکی (Civilization) ئەوروپیدا یەکبگرێتەوە، لێرەوە توێژەرانی عەرەب لەسەر ئەو مانایانە وەستاون کە ئیبن خەلدون بە چەمکەکەی بەخشیوە، هەرچەندە ئیبن خەلدون بەشێوەیەک لە چەمکی ژیار (الحضارة) نەدوواوە کە چەمکێکی گشتگیر بێت و جوڵەی مرۆڤ سنووردار بکات و کۆمەڵێک بەهای تایبەتی پێببەخشێ، بەڵکو چەمکەکەی وا بەکارهێناوە کە لەگەڵ بیر و بۆچوونی خۆی و - وەک لە (المقدمة)دا هەیە- قۆناغەکانی گەشەکردنی دەوڵەتیشدا بە تەواوەتی بگونجێ، لێرەدا تێبینی ئەوەش دەکرێ ئیبن خەلدون مەبەستی لە دەوڵەت مانا نوێیەکەی نیە کە بریتیە لە

(گەل و زەوی و حکومەت)، بەڵکو مەبەستی ئەو شتەیە کە دەتوانرێت ناوبنرێت پەیمانی سیاسی، یان سیستمی سیاسی، یان پرۆسەی بە میراتکردنی دەسەلآت و گواستنەوەی، یان بەدوای یەکدا هاتنی بنەماڵەکانی دەسەلآت، هەربۆیە بەکارهێنانی ئەو بۆ ئەم چەمکە تەنیا یەک مانا دەگرێتەوە، ئەویش مانای نیشتەجێبوونە لە شاردا.

هۆکاری تێکەڵیەکەش لە بەکارهێنانی ئیبن خەلدونەوە سەرچاوەی نەگرتووە؛ بەڵکو لەوەوەیە کە توێژەرانی عەرەب مانا و مەبەستەکانی چەمکەکەیان لە (Civilization) ئەوروپییەوە وەرگرتووە و بووەتە بابەتێکی چەسپاو لە هزریاندا، بەشێوەیەک گەڕانەوەشیان بۆ ئیبن خەلدون یان بۆ فەرهەنگەکانی عەرەبی کۆن و -جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی مانای (الحضارة) بریتیە لە نیشتەجێبوون لە شاردا- تەنیا بۆ دۆزینەوەی وشەیەکە لە عەرەبیدا تا مانا چەسپاوەکانی بیری خۆیانی پێببەخشن، بە واتای ئەوەی گەڕانەوەکەیان تەنیا بۆ ڕووکەش و خۆدەرخستنە، نەک کنەکردنبێت بە شوێن مانای ڕاستەقینەی چەمکەکەدا بە هێنانە گۆی فەرهەنگەکانی عەرەبی و دەرهێنانی هەموو ماناکان لێیان.

بە وردبوونەوە لە پەڕاوی (لسان العرب) بە نموونە، دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی (الحضارة) بەمانای شارنشین لە مانای شەشەمدا هاتووە، واتە لە پێشەوە پێنج مانای تر باسکراوە بۆ چەمکەکە، سەرجەمیشیان

زۆر دوورن لەم مانـایەوە، بەدرێژایـی چەنـدین لاپەڕە کە هەمووی مانای ئەم وشـەیەن، تەنیا لە یەک شـوێنداو بـۆ یەکجـار مانـای (الحضـارة) بە شارنشـین کـراوە، بـۆیە لێـرەدا سـەرجەم ماناکـانی چەمـکەکە بـاس دەکەیـن هەر وەک ابن منظور باسی کردووە:(١)

١. الحضـور (ئامـادەبوون): دژ واتـای نەهـاتن (المغیـب والغیبة).

٢. بە واتای لە لابوون، دەوترێت: (کنـا بحضـرة مـاء)، لە لای ئاوەکە بووین.

٣. نزیکـی لە شـتەوە: دەوترێـت: (کنـا بحضـرة المـاء)، نزیکبووین لە ئاوەکەوە.

٤. هاتن: (حضر محمد)، محەمەد هات.

٥. (الحضـــر): دژ واتـــای دەشـــت، (الحضـــارة) نیشتەجێبوون لە شاردا.

٦. الحاضرة: ئاوەدانی گەورە.

٧. الحاضر (نیشتەجێ): دژ واتای ڕێبوار.

ئەمە مانـا سـەرەکیەکانی چەمـکەکەیە، لەگەڵ هەنـدێ مانـــای پاشـــکۆی تـــردا کە لە پەڕاوەکەدا باســـکراوە، بە تێـــــڕوانینیش ئەوە دەردەکەوێـــــت کە یەکەمـــــین و سـەرەکیترینیان مانـای (ئامـادەبوونە)، (الحضـارة)ش بە مانای ئامادەبوون و ئاگالێبوونە.(٢)

---

١ لسان العرب، مادة: حضر.

٢ بڕوانە: القاموس المحیط، مادة: حضر. أساس البلاغة، مادة حضر.

هەر ئەمەش یەکەمین واتایە کە هەمیشە لە سەرجەم فەرهەنگەکاندا باسدەکرێت، وەک ئەوەی ئەمە مانای بنەڕەتی و هاوتەریبی وشەکە بێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەوانەی کە بە دوای مانای وشەی (حضارة)دا گەڕاون تەنیا ئەو مانایەیان زەق کردۆتەوە کە نیشتەجێبوونە لە شاردا و مانا سەرەکیەکەیان پشتگوێ خستووە، ئەگەر باسیشیان کردبێت خێرا بەرەو وشەی (Civilization) لاریان کردۆتەوە، بۆیە دەبینین هەندێک (الحضارة) یان بەم شێوەیە پێناسە کردووە: "(الحضارة) لە حضر یحضر وەرگیراوە، کە بەمانای ئامادەبوونە، ئەو کەسە ئامادە ئەبێت تا کار بکات لەگەڵ ئەوانی تردا و لەگەڵ خەڵک ڕابێت و خەڵکیش لەگەڵی ڕابێن، بەمەش هەموو ئەو مەرجانە دێنێتە جێ کە ڕێزی بۆ دەستەبەر دەکات، (مُتحضِّر): هەموو کۆمەڵگەیەکە کە ڕێزی تێدایە و لە هەڵسوکەوتی ئەندامەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. (الحضارة): کەلتوورێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤایەتیدا بە کۆن و نوێوە، کەلەپوورێکی مرۆڤایەتیە و لە گەشەیەکی نەبچڕاودایە، وەک دەریایەکی پڕ شەپۆل کە بە بەردەوامی چەندین لقی تێدەڕژێت، ئەو لقانەش ڕۆشنبیری گەلانە".[١]

بە لەبەرچاوگرتنی مانای بنەڕەتی (حضر) کە بەمانا (شهِدَ) –ئامادەبوونە–، گەڕانێک دەکەین بە قورئانی

---

[١] محمد عزیز الحبابی، الحضارة الإنسانیة وحضارة التصنیع، الرباط، گۆڤاری (الوحدة)، ژ: ٤، یەنایەر ١٩٨٥. ل٧، ٨.

پیرۆزدا، بۆمان دەردەکەوێت لەوێش هەر هەمان واتای هەیە، بەنموونە خوای بەرز دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ﴾ (البقرة: ١٨٠)، یان: ﴿وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُولُو الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُمْ مِنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلًا مَعْرُوفًا﴾ (النساء: ٨). یان: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ (المائدة: ١٠٦). لە هەموو ئەم ئایەتانەدا وشەی (حضر) بە مانای (شهد) ئامادەبوون بەکارهاتووە.

وشەی (شهادة)ش لە قورئانی پیرۆزدا چوار مانای هەیە، کە تەواوکەری یەکترن، هەموویان پێکەوە یەکدەگرن تاکو مانای (حضارة) یان (شهادة) تەواو بکەن، ئەم مانایانەش ناکرێت پارچە پارچە بکرێت، ئەگەرنا مانا و ناوەڕۆکی لەدەست دەدات، هەر یەکێک لەم چوار مانایە بەشێک لە مانای گشتی چەمکی (الحضارة) پێکدەهێنێت، هەربۆیە ناکرێت بوترێت هەریەکێک لەم مانایانە بەتەنها مانای ژیار (الحضارة) دەدات، بەڵکو پێویستە هەموویان لە یەک ڕشتەبەند و چوارچێوەدا بوونیان هەبێت تاکو چەمکەکە مانای تەواوەتی خۆی بدات، ئەو مانایانەش بریتین لە [1]:

١- **الشهادة**: بە واتای یەک خوا پەرستی و دانان بە بەندایەتیدا بۆ خوای مەزن و پێنان لەوەی کە تەنیا خوای

---

[1] دەربارەی دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی ژیار، بڕوانە: نصر محمد عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠- ٢٢.

بەرز شایستەی خوایەتی و خاوەنداریەتیە، ئەمەیش کرۆکی بیروباوەڕی ئیسلامیە، هەر ئەمیش پێوەری پابەندبوون یان نەبوونی مرۆڤە بە پەیامی خوای گەورەوە.

٢ـ **الشهادة**: بە مانای ڕاست وتن و گرتنەبەری ڕێگەی دادپەروەری، یان دەرخستن و ڕوونکردنەوە، یان هەواڵدان لەگەڵ زانین و دڵنیایدا، یان چاودێریکردن و وردبوونەوە کە یەکێکە لە ڕێگاکانی زانین و زانیاری دەستکەوتن.

٣ـ **الشهادة**: بەمانای قوربانیدان و پێشکەشکردنی ڕۆح لە پێناوی خوادا بۆ پاراستنی بیروباوەڕ و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە پەرستنی دروستکراوەکان و ئاڕاستەکردنی بۆ پەرستنی خوای تاک و تەنیا.

٤ـ **الشهادة**: (گەواهیدان) وەکو یەکێک لە ئەرکەکانی شوێنکەوتووانی محەمەد پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەسەر مرۆڤایەتیەوە، ﴿**وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا**﴾ (البقرة: ١٤٣).

ئەم گەواهیە لە دنیا و دواڕۆژیشدا دەدرێت، چونکە "ئەرکی شایەتی گەلێک دەتوانێت پێی هەستێ کە دادپەروەر و ناوەندگیربێ، کەسایەتیە ئیسلامیەکەی زۆر باش و جیاوازبێ، سەربەخۆبێ و نەتوێتەوە لە ناو گەلانی تردا و تایبەتمەندیەکانی لەدەست نەدات، تاکو بتوانێ ببێتە نموونەیەک چاوی لێبکرێ و پێشەنگ بێت و گەلانی تر شوێنپێی هەڵگرن.

جیلی یەکەمی - سەردەمی پێغەمبەر- ئەم گەلە ئەو ڕاستیەیان زانیبوو کە شایەت بوون بەسەر خەڵکی ترەوە بە واتای ئەوەی ئەم گەلە پێویستە هێزێکی جیهانی ئازاد بێت، دادپەروەربێت و کاریشی پێبکات، ماف و ئازادی هەڵبژاردنی بۆ ئەوانی تر لە هەڵبژاردنی کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر ڕزگارکردنی خەڵک لە پەرستنی دروستکراوەکان و ئاڕاستەکردنیان بۆ پەرستنی خوای تاک دامەزرا بێت بپارێزێت، لە ستەمی ئاینەکانی تر ڕزگاریان بکات و بۆ دادپەروەری ئیسلام ڕێیان نیشان بدات، لە بچووکی دونیا دەریانبهێنێت بەرەو فراوانی دونیا و دواڕۆژ".[١]

بەگوێرەی ئەو چوار مانایەی سەرەوە، ژیار بریتیە لە ئامادەبوون و شایەتیدان بە هەموو ئەو مانایانەوە کە نموونەیەکی مرۆڤایەتی وای لێپێکبێت کە یەکتاپەرستی و خاوەنداریێتی خوای میهرەبانی لە هەناویدا هەڵگرتبێت، هەر ئەویش بە ئەفرێنەر و بەڕێوەبەری گێتی و دانەری یاساکانی دابنێت. لێرەوە پەیام و ڕۆڵی مرۆڤ بریتیە لە جێنشینی کردن بۆ ئەو ئەفرێنەرە و ئاوەدانکردنەوە و جوانکردنی زەوی و ڕازاندنەوەی ژیان و سوودوەرگرتن لە خێروبێرەکانی زەوی و جوان مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە بۆی ڕامکراوە و دروستکردنی پەیوەندیەکی ئاشتیانە لەگەڵ سەرجەم دروستکراوەکانی

---

١ د. طه جابر العلواني، تقديم وتحقيق كتاب النهي عن الاستعانة والاستنصار في أمور المسلمين بأهل الذمة والكفار، للشيخ مصطفى الورداني، الرياض: شركة العبيكان للطباعة والنشر، (د.ت)، ل١٥.

تردا، چونکه ئەوانیش یادی خوا دەکەن و سەرچاوەی ژیانن و پێویستە بپارێزرێن، هەروەها ئەرکی تریشی دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ هەموو مرۆڤەکانی سەرزەوی لەسەر بنەمای برایەتی و پێکەوە گونجان و چاکە ویستی و بانگەشەکردن بۆ خۆشبەختی دونیا و دوارۆژ.

ئەگەر ئەمە مانای چەمکی ژیار بێت لە سەرچاوە بنەرەتەکانی ئیسلامدا، یان باشتر بڵێین لە قورئاندا؛ ئەگەر ئەم پێناسەیە بەسەر ئەزموونی ڕابردووی ئیسلامدا بچەسپێ؛ ئایا هەڵوێستی ئیسلام دەربارەی ئەزموونەکانی تری مرۆڤایەتی جگە لە ئیسلام چیە؟ ئایا ئەم پێناسەیەیان بەسەردا دەچەسپێ کاتێ ئەوان بڕوایان بە ئیسلام نیە؟ ئایا ئێمە لە سنووری مانای ژیار بیانکەینە دەرەوە هەروەک دیدی ئەوروپی لەگەڵ ئەزموونەکانی تر دەیکات؟ یان ئەو پێناسەیەی سەرەوە هەر لە بنەڕەتدا پێناسەیەکی تایبەتە و ناکرێت ببڕدرێت بەسەر هیچ ئەزموونێکی تردا؟ ئایا ئەم وتەیەی سەرەوە ڕاستە کاتێ ئێمە باوەڕمان وایە کە ئیسلام ئاینی هەموو مرۆڤایەتیە و هەموو دیاردەکانی بوونەوەر لەخۆ دەگرێت؟ هەروەک خوای بەرز دەفەرموێت: ﴿مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ﴾ (الأنعام: ٣٨).

بەو پێیەی کە زانیمان کرۆکی ژیاری ئیسلام بریتیە لە ئامادەبوون و شایەتیدان؛ ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو پێناسەیەی پێشتر بریتیە لە ژیار و ئامادەگی ئیسلام لە بوونەوەردا، نەک ئامادەبوونی ئەزموون و بیرەکانی تر،

بەڵکـــو هەر ئەزموونێــک بەشـــێوەیەک لە شـــێوەکان ئامـــادەگی هەیە، کە ڕەنـــگە نزیـــک یـــان دوور بێـــت لە ئیسـلامەوە، لێـرەوە چەمکـی ژیـار بە واتـا گشـتیەکەی بـریتیە لە ئامـادەبوون بە ڕەهـایی، واتـا سروشـت و شـێوازی ئامـادەبوونی هەر ئەزمـوونێکی مرۆڤـایەتی کە توانیبێتی نموونەیەک بۆ ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە دابڕێژێت و هەوڵبدات پێشکەشی خەڵکی بکات تا چاوی لێبکەن و بەگـوێرەی یاسـاکانی بـڕۆن، لەسـەر بنەمـای ئەوەی کە ئەزمـوونەکەی ئەو باشـترین نمـوونەیە بـۆ شوێنکەوتن.

کەواتە ئامـــادەبوون قۆنـــاغێکی پێشـــکەوتووە لە ئەزمـــوونی هەر کـــۆمەڵگەیەک، چـــونکە زۆرێـــک لە کۆمەڵگاکان تەنیا بوونیان هەیە نەک ئامادەبوون،[1] هەر بۆیە نـاتوانرێ چەمکـی ژیـاری بەسـەردا بچەسـپێ جـا بەرهەمە هـزری و ماددیەکـانی هەر چەنـدێک بێـت مـادام ئەو تەنها بوونی هەیە و ئامادەیی نیە.

لێرەدا پرسـیارێک دەوروژێت؛ ئایا جیـاوازی چـیە لە نێوان بوون و ئامادەبووندا؟ چۆن شـێوازی ئامـادەبوون بزانرێـت و چـۆن هەڵسـەنگێنرێت؟ ئایـا ئامـادەبوون هەمیشـە شـێوازێکی گونجـاوە بـۆ مرۆڤـایەتی؟ ئایـا ژیـار بەو مانایە هەمیشە بەهایەک یان سیفەتێکی باشە؟

---

[1] دەربارەی هەردوو چەمکی (الحضور، والوجود) بڕوانە: مالک بن نبی، مشكلة الثقافة، ل٢١.

لەڕاســــتیدا ڕاوەســــتان و بەردەوامبــــوونی هەر کـۆمەڵگەیەک پێویسـتی بە جۆرێـک لە بەهـا و پێـوەر و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت هەیە، هەروەها پێویستیشی بە داهێنان و کەرەستە و دامودەزگا و باڵەخانە و هونەر و ڕێگـــای بەرهەمهێنـــان و ژیـــان هەیە، بـــوونی ئەم دوو شـــێوازە مانـــای ئەوەیە ئەو کـــۆمەڵگەیە جۆرێـــک لە ئـــاوەدانی بـــۆ پەیـــدا بـــووە، بەواتـــای جۆرێـــک لە ئـاوەدانکردنەوەی زەوی و دروسـتکردنی نمـوونەیەکیش لە ژیـانی بـۆ دەسـتەبەر بـووە، بەڵام ئەمە واتـای بـوونی ژیار ناگەیەنێت، چونکە ئاوەدانکردنەوە بەبێ هیچی تر تەنیا مانای بوون دەگەیەنێت، وەک نموونەی چین و مایا و ئەنکـا و زولو...هتـد، بەڵام ئامـادەگی سـەرەڕای ئەوە پێویستی بە پێشکەشکردنی نموونەیەکە بۆ مرۆڤایەتی تـا چاوی لێبکرێت، بە واتـای شـێوازێک لە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکـانی تـر و بـوونەوەردا، یـان لەگەڵ هەمـوو ئەو شـتانەدا کە خـوا لە بـوونەوەردا بـۆ مرۆڤـی ڕامکـردووە، مانای پێشکەشکردنی نموونەیەکی مرۆڤایەتی بەئامـانجی چاولێکردن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی نموونەکە.

بەدوور لە پێـدانی هەر بەهـایەک بە چەمکـی ژیـار، دەگونجێ ژیار بەگوێرەی ئەو مانایەی سەرەوە خـراپ و کاولکار بێت و بە کەڵکی ژیانی مرۆڤ نەیەت، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لە ناونانی بە ژیار ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا بێتە دی:

١. هەبــوونی بیروباوەڕێــک کە شــێوازی پەیوەنــدی لەگەڵ خـوا و جیهانی نادیـار دیـاری بکـات، بەشـێوەیەکی ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

٢. هەبوونی کۆمەڵێک ئاکار و ڕەوشت لە کۆمەڵگادا کە پێکهێنەری سیستەمی بەهـا و عـورفی ئەو کۆمەڵگەیە بێت.

٣. هەبوونی کۆمەڵێک داهێنـراو و ئـامێر و دامودەزگـا و سیسـتەم و باڵەخـانە و هـونەر و هەمـوو شـێوازێکی ماددی تر.

٤. دیـاریکردنی شـێوازی پەیوەنـدی و مـامەڵە لەگەڵ بوونەوەر و دروستکراوەکان و ڕێساکانی هەڵسوکەت و سودوەرگرتن لێیان.

٥. دیـاریکردنی شـێوازی مـامەڵە لەگەڵ ئەوانـی تـردا، واتە: ڕێســـاکانی هەڵســـوکەوت و پەیوەنـــدی لەگەڵ کۆمەڵگاکـانی تـردا و چـۆنێتی ڕازیکردنیـان بەم ژیـارە و ئامانجیش لەو ڕازیکردنە.

هەر لێــرەوە دەتــوانین ئەزموونەکــانی مرۆڤــایەتی پێناســە بکەیـن و هەڵبسـەنگێنین؛ کە ئایـا قۆنـاغی بونیـان تێپەڕاندووە بۆ  ئامادەبوون؟ بەنموونە ژیاری ئەوروپی نـوێ هەڵوێسـتی دیـاریکراوی بەرامـبەر ئەو پرسـانەی سەرەوە هەیە؛ هەڵوێستی بەرامبەر خوا و جیهانی نادیار ڕوونە، بیــر و هــزر و بەهــا و ئاکــاری دیــاریکراوە، ڕەهەنـدی مـاددی و تایبەتمەنـدی خـۆی دیـارە، شـێوازی خـۆی هەیە بۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و بوونەوەر و لەگەڵ دروستکراوەکانی تـردا، شـێواز و ئامـانجی ڕوونـی

خـــــــۆی هەیە لە مـــــــامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگـــــــا نائەوروپییەکانی تردا. کەواتە ئەگەر بمانەوێت لە ژیاری ئەوروپـی تێـبگەین پێویسـتـە لێکـۆڵینەوە لەم ڕەهەنـدانە بکەیـــن و بـــزانین ئەو نمـــوونەیە چـــیە کە پێشکەشـــی مرۆڤایەتی دەکات، ئایا دەگونجێت چاوی لێبکرێت یان نا؟ ئایا دەکرێ ئەم ئەزموونە لە کۆمەڵگاکانی تردا دووبارە بکرێتەوە؟.

لێـــرەوە ئەوەمـــان بـــۆ دەردەکەوێـــت کە لە ڕووی ژیـــرییەوە گونجـــاو نـــیە کە ژیارێـــک هەبێـــت و سەرچاوەکانی جۆراوجۆر بن، مەگەر ژیارێک بێت کە باشترین ئەزمـوونی مرۆڤـایەتی بێت و وا لە سـەرجەم گەلان بکـات دەسـتبەرداری کەلتـووری خۆیـان بـن و بەتەواوی جێبەجێـــی بـــکەن، هەروەهـــا ئەوەش ڕوون دەبێـتەوە کە ململانێـی ژیارەکـان کـارێکی ئاسـاییە و سروشـتی مـرۆڤ دروسـتی دەکـات، چـونکە بـوونی جیاوازی کارێکی خواکردە لە بوونەوەردا: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ﴾ (الـروم: ٢٢). واتە: (لە بەڵگەکـــــانی دەســـــەڵاتی پەروەردگـــــارە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شێوە و زمانی ئێوە). هەروەک ناکرێت بوترێت هەموو ژیارێک نموونەیەکی بالای بۆ مرۆڤایەتی پێیە، چونکە وشەی ژیار بۆ خۆی بە مانای سیفەتێکی باش یان بەهایەکی بالا نایەت تا شتەکانی پێ وەسف بکرێت، بەڵکو وشەیەکی بێلایەنە و بە گوێرەی نموونە و پێکهاتەی ژیارەکە دەگۆڕێت.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە تەماشای هەموو زانیاری و زانست و میتۆد و تێگەشتن و بەهاکانی مرۆڤ بکرێت، ئەو بۆچوونە ڕاست نیە کە پێی وایە لەبەرئەوەی مرۆڤایەتی بنچینەی یەکە، پێویستە زانیاری و زانست و بەها و ڕێبازیشی یەک بێت، چونکە ئەمە زانست و ڕێباز و تاکە ژیارێک دەکاتە ژیاری باڵادەست و جیهانی، هەروەک یەک بنچینەیی مرۆڤایەتی و یەکبوونی زانست و تێگەشتنی لێ بەرهەم نایەت، چونکە مرۆڤ بەو زانستانەوە لەدایک نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵگە و کات و شوێن و کەڵکە بوون و بۆ مانەوەی ئەزموون ئەو زانستانەی وەرگرتووە: ﴿وَاللَّهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ (النحل: ٧٨). واتە: (خوای گەورە کە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرهێنا هیچتان نەدەزانی، بینین و بیستن و دڵی پێداون، بەڵکو سوپاسگوزاربن). لێرەدا باسی بینین و بیستن و دڵ کراوە، چونکە ئەوانە دەروازەی وەرگرتنی زانیارین بۆ مرۆڤ، بەهۆی ئەم شوێنانەشەوە پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەو چەمک و ڕێبازانە بکەین کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، بە پێوەری ئەو ژیارەی کە دەمانەوێت لە ڕێیەوە ئامادەگیمان هەبێت و پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەین و بانگەشەی بۆ بکەین تا خەڵک شوێنی بکەوێت.

ئەم مانایە بۆ ژیار تایبەتمەندێتی و جیاکاری و تامی تایبەت بە هەموو ژیارەکان دەبەخشێت، هیچیشیان بەسەر ئەوانی تردا باڵادەست ناکات مەگەر لە ڕێگەی

ئەو نمــوونەیەوە نەبێــت کە پێشکەشــی دەکــات و لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا دەگونجێت و وەرگیـراو دەبێت یـان نـا. ئەگەر ئەم تێگەشـتنەش بـاڵ بکێشـێت باڵادەسـت بـوونی ئەزموونێکی دیاریکراوی مرۆڤ بوونی نابێت.

هەروەهــا چاوپیاخشــاندنەوە بە ڕادەی گونجــاوی زانست و ڕێباز و چەمکە باوەکانی ئەم سـەردەمە دەبێتە کــارێکی زۆر گرنــگ، تــا بتــوانین جیاکــاری لەنێوانیانــدا بکەیــن و ژیارەکــانی ســەردەم هەڵبســەنگێنێن و لێیــان تێـبگەین، لێـرەوەش هەڵوێسـتی ئیسـلام دەربـارەی هەر یەکێکیان بزانین.

# پوختە

لەو خستنەڕووەی پێشووی چەمکەکانی ژیار (الحضارة)، ڕۆشنبیری (الثقافة)، شارستانی (المدنیة)، ڕادەی ئەو تێکەڵی و شێواندنەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەسەر ناساندنی چەمکە نوێیەکاندا هاتووە لە زمانی عەرەبیدا، بە شێوەیەک وشەکان کرۆک و ڕۆڵی خۆیان لەدەستداوە وەک ئامڕازێکی لێکتێگەشتن و گواستنەوەی ماناکان، جیاوازی سەرچاوەکان و پێناسەی چەمکەکان و تێکەڵبوونی بناغە و کرۆکەکان گفتوگۆیەکی بێ چاو و گوێی لە ناوەندە زانستیە عەرەبیەکەدا دروستکردووە، تا وای لێهاتووە وشەکان مانای دیاریکراویان نیە، بەڵکو ماناکان لە بیری کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوڕێت، بەرامبەرەکانیش لەم گفتوگۆیەدا لەسەر زەمینەیەکی هاوبەش نەوەستاون، بەڵکو هەر لایەکیان جۆرێک لە تێگەشتنی بۆ دروست بووە دەربارەی ئەم چەمکانە کە تەواو جیاوازە لەوی تر، هەر بۆیەش هەرگیز ناگەنە ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینە، ئەمەش لە کەتوارە ڕۆشنبیرییەکەماندا زۆر بە ڕوونی تێبینی دەکرێت، لە دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەسەر هەمان ئەو پرسگەلەی کە سەدەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە، بۆ نموونە پرسی ئافرەت و ئازادییە گشتیەکان و پەیوەندی نێوان ئاین و

سیاســـــەت، یـــــان ئـــاین و زانســـــت، یـــــان ئـــاین و نیشتیمان....هتد.

ئەمەش بە هۆکاری ناڕوونی چوارچێوەی ئەم چەمکە بـــاوانە، ئەمەش وایکـــردووە دووبـــارە لێکـــۆڵینەوە و پـاڵفتەکردنی ڕشـتەبەندی چەمـکە باوەکـان لە نـاو کـایە ڕۆشنبیریە عەرەبیەکەدا ببێتە کارێکی پێویست.

ئەم کارەش بە یەک ڕێبازی لێکۆڵینەوە ناکرێت، بەڵکو بە کۆمەڵێـک ڕێبـاز جێبەجـێ دەکرێـت، چـونکە چەمـکە باوەکان لە یەک ئاستی تێکەڵیدا نین و ملکەچ نین بۆ یەک جـۆر پرۆسـە، بەڵکـو کۆمەڵێـک ئاسـت و جۆریـان هەیە، هەر کۆمەڵێکیان پێویستە جۆرە ڕێبـازێکی سـەربەخۆیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت تـاکو ئامـانج بپێکێت، کە بـریتیە لە گەشتن بە ڕاستی بەبێ تێکەڵی و شێواندن.

ئەو سـێ چەمـکەی کە لەم تـوێژینەوەیەدا خـرایە بەر بـاس و لێکـۆڵینەوە، سروشـتێکی تایبەتیـان هەیە، چـونکە دەربـڕی بـابەتێکی فیقهـی شــەرعی نـین، لە کەلتـووری ئیسلامیشـدا زۆر دەستاودەسـتیان پێنەکـراوە، بەڵکـو لەم سەدەیەی ئێستا و ڕابردوودا کەوتنە بەرباس، هەر بۆیە بەو ڕێبازەی کە ڕابـورد ئێمەش توێژینەوەمـان لەبارەوە کرد، ئەویش خۆی لەم هەنگاوانەی خوارەوەدا بینیوە:

١ـــ گەڕان بە دوای مانـــای چەمـــکەکەدا لە زمـــانە ڕەسەنەکەی خۆیدا کە مانا و مەبەستی چەمکەکەش هەر لەو زمـــانەوە وەرگیـــراوە، پاشـــان پـــوختەکردنەوەی چەمـکەکە بەشـێوەیەک کە گوزارشـت لە نـاوەڕۆکەکەی

بکات بەبێ هیچ تێکەڵی و مانایەکی زیادە کە بۆی دروست بووە.

٢ــ وردبوونەوە لەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر چەمکەکەدا هاتووە لە ژینگە ڕەسەنەکەیدا و لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن لە مانا زمانەوانیەکەیەوە گواستراوەتەوە بۆ مانا زاراوەییەکەی، ئایا هیچ پەیوەندیەک هەیە لەنێوان ئەم دوو بەکارهێنانەدا، یان چەمکەکە بەتەواوی لە مانا زمانەوانیەکەی شۆردراوەتەوە و مانایەکی تری بۆ دروست بووە؟

٣ــ تیشک خستنە سەر وەرگێڕانی چەمکەکان و هەڵبژاردنی بەرامبەرە عەرەبیەکان بۆیان، ئایا وەرگێڕانەکە بۆ مانا و ڕەهەندەکانی چەمکەکان کراوە، یان تەنیا بۆ ڕووکاری دەرەوەی وشەکە، ئەویش لە ڕێگەی پوختەکردنی ماناکانی چەمکەکە لە زمانە ڕەسەنەکەیدا و لە زمانی عەرەبیشدا، پاشان بەراوردکردنیان لە هەردوو زمانەکەدا بە دوور لە پێناسە و مانا چەسپێنراوەکان.

٤ـ شوێنکەوتنی ئەو گەشە و گۆڕانکارییانەی بە سەر چەمکەکە هاتووە لە زمانی عەرەبیدا دوای وەرگێڕانی، ئایا وشە عەرەبیەکە مانا بیانیەکانی تێدا ماوە و پاراستوویەتی، یان مانا عەرەبیەکانی هەڵگرتووە، یان هەردووکیانی تێدا تێکەڵ بووە؟

٥ــ گەڕان بە دوای مانا ڕەسەنەکانی چەمکە عەرەبیەکە، کە لە بەرامبەر چەمکە بیانیەکەدا دانراوە، ڕوونکردنەوەی مانا عەرەبیە بنەڕەتیەکانی وشەکە و

بەراوردکردنـی بە مانـا بیـانیە نوێیەکـان، ئەمەش لەپێنـاو دووبـــارە پێناســـەکردنەوەی چەمـــکە عەرەبـــیەکە و پـالْفتەکردنی لە هەمـوو ئەو زیـادانەی لە سـایەی مانـا بیـانیەکەوە پێـوەی لکـاوە، لێـرەوە گەیشـتن بە مانـای ڕەسەنی وشەکە لە زمانی عەرەبیدا.

خودا یاوەر و پشتیوان بێت.

# ليستی سەرچاوەكان

## یەكەم: كتێب


١- ابن منظور ، لسان العرب.

٢- أزفالد شبنجلر، تدور الحضارة الغربية، ترجمة أحمد الشيباني. بيروت: دار مكتبة الحياة،١٩٦٤م.

٣- إشلي مونتاغو، البداية، ترجمة د. محمد عصفور . الكويت: سلسلة عالم المعرفة، العدد٥٣، مايو ١٩٨٢م.

٤- د. برهان غليون، إغتيال العقل: محنة الثقافة العربية بين السلفية والتبعية. بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر، ١٩٨٥م.

٥- د. بروسبير رامبو، التعليمات الوطنية والتفهيمات الاخوانية في أصول المرافعات المدنية، ترجمة أبي السعود أفندي. القاهرة ١٨٧٧م.

٦- تقي الدين أبي بكر بن زايد الجراعي، تحفة الراكع والساجد في أحكام المساجد، تحقيق: طه الولي، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م.

٧- جميل صليبا، المعجم الفلسفي.

٨- جون نيف، الأسس الثقافية للحضارة الصناعية، ترجمة د. محمود زايد. بيروت دار الثقافة ١٩٦٢م.

٩- جيرار لكلرك، الأنثروبولوجيا والإستعمار، ترجمة، د. جورج كتورة. بيروت: معهد الإنماء العربي، ١٩٨٢م.

١٠- جيمس هارفي روبنسون، الحضارة، ترجمة علي إسلام. القاهرة: مطبعة مصر، ١٩٦٥م.

١١- ج. هـ. كول، المدخل إلى التاريخ الاقتصادي. القاهرة: سلسلة أخترنا لك، العدد١٠١.

١٢- د. حسين فهيم، قصة الأنثروبولوجيا: فصول من تاريخ علم الانسان. الكويت: سلسلة عالم المعرفة، العدد ٩٨، فبراير ١٩٨٦م.

١٣- رالف لنتون، الأصول الحضارية للشخصية ، ترجمة د. عبدالحميد اللبان. بيروت: دار اليقظة العربية، ١٩٦٤م.

١٤- الزمخشري، أساس البلاغة.

١٥- د. الطاهر لبيب، سوسيولوجية الثقافة. القاهرة: معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٧٨م.

١٦- د. طه جابر العلواني، تقديم وتحقيق، كتاب النهي عن الاستعانة والاسنتصار في أمور المسلمين بأهل الذمة والكفار، للشيخ مصطفى الورداني. الرياض: شركة العبيكان للطباعة والنشر.

١٧- د. طه حسين، مستقبل الثقافة في مصر. القاهرة: ١٩٣٩م.

١٨- عبدالرحمن بن خلدون، المقدمة، تحقيق د. علي عبدالواحد وافي. القاهرة: دار نهضة مصر ١٩٨١م.

١٩- د. عبدالرحمن شهبندر، القضايا الاجتماعية الكبرى في العالم العربي. القاهرة: دار المقتطف، ١٩٣٦م.

٢٠- د. علـي شـريعتي، العـودة إلى الـذات، ترجمـة د. ابـراهيم الدسوقي شتا. القاهرة: الزهراء للإعلام العربي، ١٩٨٦م.
٢١- د. فـؤاد زكريـا، الإنسـان والحضـارة في عصـر االصـناعي. القاهرة: مركز الشرق الأوسط، ١٩٥٧م.
٢٢- الفيروزآبادي، القاموس المحيط.
٢٣- قاسم أمين، تحرير المرأة. القاهرة: ١٨٩٩م.
٢٤- قاسم أمين، المرأة الجديدة. القاهرة: مطبعة الشعب، ١٩١١م.
٢٥- كلايـد كلـو كهـون، الإنسـان في المـرآة، علاقـة الأنثروبولـوجي بالحيـاة المعاصـرة، ترجمـة د. شـاكر مصـطفى. بغـداد: المكتبـة الأهلية، ١٩٦٤م.
٢٦- مالـك بـن نـبي، مشـكلة الثقافـة ترجمـة عبدالصـبور شـاهين. دمشق: دار الفكر، الطبعة الرابعة، ١٩٨٤م.
٢٧- مجـدي وهبـة وكامـل المهـدنس، معجـم المصـطلحات في اللغـة والأدب. بيروت: مكتبة لبنان، ١٩٧٩م.
٢٨- مجمـع اللغـة العربيـة بالقـاهرة، مجموعـة المصـطلحات العلميـة والفنية التي أقرها المجمع، المجلد التاسع العشر. القاهرة ١٩٧٧م.
٢٩- مجمع اللغة العربية بالقاهرة، معجم علم النفس والتربيـة، الجـزء الأول. القاهرة ١٩٨٤م.
٣٠- مجمع اللغة العربية بالقاهرة، المعجم الوسيط.
٣١- مجمع اللغة العربية بالقاهرة، المعجم العربي الأساسي.

٣٢- مجمع اللغة العربية بالقاهرة، المعجم الفلسفي.

٣٣- مراد وهبة وآخرون، المعجم الفلسفي. دار الثقافة الجديدة، ١٩٨٤م.

٣٤- د. معن زيادة (محرر)، الموسوعة الفلسفية.

٣٥- د. معن زيادة، معالم على طريق تحديث الفكر العربي. الكويت: عالم المعرفة، العدد ١١٥، ١٩٨٧م.

٣٦- منظمة العربية للتربية والعلوم والثقافة، الخطة الشاملة للثقافة العربية.

٣٧- ويل ديورانت، قصة الحضارة، الجزء الأول، نشأة الحضارة، ترجمة د. زكي نجيب محمود. القاهرة: لجنة التأليف والترجمة والنشر، ١٩٥٦م.

٣٨- د. يوسف نور عوض، الموقمات الإسلامية للثقافة العربية. بيروت: دار القلم.


**دووەم: رۆژنامە و گۆڤار:**


٣٩- جان فريمون "تلاقي الثقافات والعلاقات الدولية". بيروت: مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نوفمبر، ١٩٨٣م).

٤٠- د. دولت خنافر " المدينة الإغريقية بين الواقع والمثال". بيروت: مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نوفمبر، ١٩٨٣م).

٤١- د. رضوان السيد، "المدينة والدولة في الإسلام: دراسة في رؤيتي الماوردي وابن خلدون". بيروت: مجلة الابحاث، الجامعة الأمريكية، السنة ٣٤، (١٩٨٦م).

٤٢- د. رضوان السيد، "مصائر المدينة العربية". بيروت: مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نوفمبر، ١٩٨٣م).
٤٣- سلامة موسى، "الثقافة والحضارة". القاهرة: مجلة الهلال، (ديسمبر، ١٩٢٧م).
٤٤- الشيخ طه الولي، " المدينة في الإسلام". بيروت: مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نوفمبر، ١٩٨٣م).
٤٥- عباس شوقي، "طرق المواصلات في مصر". القاهرة: جريدة السياسة الأسبوعية، العدد ٧٠، ٩ (يوليه ١٩٢٧م).
٤٦- د. عبدالمنعم شوقي، "مجتمع المدينة: الاجتماع الحضري" (عرض الكتاب). بيروت: مجلة الفكر العربي، العدد ٣٠، (ديسمبر ١٩٨٣م).
٤٧- علوي طه الصافي، "تعريف الثقافة ومفهومها"، مجلة الفيصل، العدد ١٤٣، (ديسمبر ١٩٨٨م- يناير ١٩٨٩م).
٤٨- فوستيل دي كولانج، "المدينة العتيقة"، تلخيص د. البير نصري نادر، مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نومبر ١٩٨٣م).
٤٩- د. ماري جنابزي، " تطور المدينة الغربية بين القرن الحادي عشر والقرن الثالث عشر"، مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نومبر ١٩٨٣م).
٥٠- ماكس فيبر، المدينة: معناها وشروطها"، ترجمة د. رضوان السيد، مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نوفمبر، ١٩٨٣م).

٥١- د. محمد حسين هيكل، "الحضارة بين الشرق والغرب"، جريدة السياسة الأسبوعية، (ملاحق سنة ١٩٣٢م).
٥٢- د. محمد حسين هيكل، "رجال التاريخ الحديث في مصر"، جريدة السياسة الأسبوعية.
٥٣- الإمام محمد عبدة، "التمدن". القاهرة: الوقائع المصرية، (١٢٩٨/٢/١٩هـ ١٨٨١/٢/٢٠م).
٥٤- محمد عزيز الحبابي، " الحضارة الإنسانية والحضارة التصنيع"، مجلة الوحدة، العدد ٤، (يناير ١٩٨٥م).
٥٥- محمد قدري، " رسالة جليلة في التمدن"، القاهرة: (١٢٨٧هـ).
٥٦- محمود عزمي، "ظروف إنشاء الجامعة وأغراضها"، جريدة السياسة الأسبوعية، العدد ٥١، ٢٦ (فبراير ١٩٢٧م).
٥٧- هنري بيرن، "أصول المدينة"، ترجمة د. محي الدين صبحي، مجلة الفكر العربي، العدد ٢٩، (نوفمبر، ١٩٨٣م).
٥٨- جريدة الجوائب. القاهرة: أعداد متفرقة سنة (١٢٨٦هـ ١٨٦٩م).
٥٩- روضة الأخبار الأسبوعية. القاهرة: أعداد متفرقة سنة (١٢٩٤هـ ١٨٧٧م).
٦٠- عالم الفكر، الكويت: العدد الأول، جلد ١١، (أبريل- يونيه ١٩٨٠م).

## سێیەم: سەرچاوە بڵاونەکراوەکان:

٦١- محي الدين محمد محمود، السياسة الشرعية في ضوء جوهر مفهوم السياسة في العصر الحديث، رسالَة ماجستير غير منشورة. جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية (١٩٨٩م).

٦٢- نصر محمد عارف، نظريات التنمية السياسية المعاصرة: دراسة نقدية مقارنة في ضوء المنظور الحضاري الإسلامي رسالَة ماجستير تم نشرها. جامعة القاهرة: كلية الاقتصاد والعلوم السياسية (١٩٨٨م).

٦٣-

## چوارەم: کتێبی ئینگلیزی:

٦٤- Hourani, and S. M. Stern (ads).The Islamic City: A Colloquium. Pennsylvania Press, ١٩٧٠.

٦٥- Kroeber, and Kluckhon, G. Culture, A Critical Review of Concept and Definition. Harvard: ١٩٥٢.

٦٦- Linton, Ralph. The Study of Man: An Introduction. New York: D. Appleton Century. Company, ١٩٦٣.

٦٧- Taylor, E. B.: Primitive Culture. New York: Brentano's, ١٩٢٤.

٦٨-Weiner, Philips (ed..). Dictionary of the History of Ideas. New York: Charles Scribner's Sons.